دیسان ..

دەربارەی سێیەمین نامەی سەرەکی فەرماندە بۆگەلانی ئێران

مصلح جەلالی

-٢-

سێیەمین نامەی سەرەکی بەڕێز هەڤال صدام حسین ، جارێکیتر هەڤوێستی هرۆقانەی سەرکردایەتی شۆڕشو میللەتی عیراقی بەرامبەر بە گەلانی ئێران ڕوونکردەوەو ژیرانە دەست نیشانی ئەو هۆیانەی کرد کە تاقمە حوکم راکەی ئێران هان دەدات بۆ درێژە دان بە شەڕی نێوان عیراقو ئێران وە چۆن بەردەوامی ئەم شەڕە ناڕەوایە وای کردوە گەلانی ئێران هەر لەو بارەدا ئل بخوات کە لە سەردەمی شادا تیا دەژیاو دیسان ئەم شەڕە هەلی بۆ تاقمەکەی خومەینی خولقان کەوتە لێدانی ئەو هێزانەی گەلانی ئێران کە بەڕاستی قوربانیاندا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی شاو بۆ ئەم مەبەستە شۆڕشیان بەر پا کرد ، سەرەڕای ئەوەی ئەم شەڕە ناڕەوایەی تاقمەکەی خومەینی سەپاندویانە دوژمنایەتیکی ناڕەوایە دژی سەربەستیو پێشکەوتنی عیراقو زیانی بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە هەیەو دیارە ئەم کارەش کە ڕژێمی مەلاکانی ئێران دەیکەن وەك نامەکە ڕوونی کردۆتەوە ئەلەقازانجی گەلانی ئێرانەو ئەلەقازانجی گەلانو ولاتانی ناوچەکەیە .. چونکە ئەو ڕژێمە بۆ گەنەی ئێران لەو هێزانەی کە بەشداری ڕوخاندنی شایان لە ئێرانداکرد کەس نەمایەوە لێی نەدا تەنانەت لەپارتی کۆمۆنیستی (تودە) ئێرانیدا کە تا ئەم چەند مانگەی دوایی لایەنی هەموو ئەو تاوانانەشی گرت کە ئەم ڕژێمە چەپەلەی ئێران بەرامبەر بە گەلانی ئێرانو بەرامبەر بەولاتانو گەلانی ئازاریخوازی ناوچەکە دەیکرد .

نامەکە بەئاشکراو ڕوون هەموو ئەو بەپیرەوە چوونی بانگەوازانەی تیا دیارە کەعیراق بۆ وەستاندنی شەڕ بوویەتیو هەمیشە ئامادەیی خۆی بۆ ڕاگرتنی شەر لەسەر بنچینەی ئەوەی کەزیان بەسەربەستیو بەخاکمان نەگەیەنێ دەربڕیوەو بانگ کردنێکی گەلانی ئێرانیشە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ چاوێ بەکردەوە دڕندانەکانی ئەو ڕژێمە نالەبارەی ئێرانداو بەباری دواکەوتوویی و نەبوونی مافی ئەتەوایەتیو ئابووری ڕووخاوو وێرانەیی ولاتو برسێتیو بێکاریو لەسێدارەدان و بەندکردنو دەربەدەرکردنو کوشتنی ڕۆلەکانیانو بەو ئاگری شەڕەدا بگێڕنەوە کە لەلایەکەوە ڕۆلەکانی ئەوانیان بە زۆر تێدەخرێو لەلایەکی ترەوە بەسەر ولاتێکی سەربەستیو پێشکەوتنخوازی وەك عیراقدا سەپێنراوە کە هیچ کاتێ دژی گەلانی ئێران نەبووەو دژیشی نابێو تێبگەن لەوەی کە دەبێ گەلانی ئێران یان ولاتی ئێران تاکو ئیستا لەوێرانیو نەبوونیو نەخۆشیو بێکاریو خوێن ڕشتنو سێدارەو بەندیخانە زیاتر چەقازانجێکیان لەو ڕژێمە خەڵەفاوە کردووە کە بەزۆر بەزەبری ئاگرو ئاسنو کوشتنو بڕین خۆی بەسەرگەلانی ئێرانو ولاتی ئێراندا سەپاندووەو بیر لەوە بکەنەوە کە میللەتی عیراقو سەرکردایەتی یەکەی کە بەزۆر شەڕیان بەسەردا سەپێنراوە هەموودەم ئامادەن بۆ وەستاندنی شەر بەمەرجێ کەزیان بەخاکو بەسەربەستی میللەتەکەی نەگەیەنێو بەپیر هەموو ئەو بانگەوازانەوە چوە کە تۆمەلەی نەتەوەیەکگرتوەکانو بزوتنەوەی ولاتانی بێلایەنو کۆنگرە ئیسلامییەکان رایان هێشتووەو ئەوە بزانن کە عیراق هەرگیز حەزی بە شەر نەکردووە حەزیشی پێ ناکاتو هەمیشە دەیەوێ ڕێزی هاوسێکانی بگرێو دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆیانەوە .

هەروەها نامەکە ئەوە دەردەبڕی کە هەموو گەلانو ولاتانی ئازادیخواز ئەمڕۆ لایەنی هەڤوێستەکانی عیراق بۆوەستاندنی شەر دەگرنو داواش لە گەلانی ئێران دەکات کە وردبنەوە لەوە ئەوەی کە ئایەوێ شەڕ بووەستێنێ گەلانی ئێران هێزەکانو هێزە بەرهەلستکارەکانی دژی ڕژێمی ئێرانو میللەتی عیراقو سەرکردایەتی عیراقو گەلانو ولاتانی پێشکەوتنخوازانو ڕێکخراوە دەوڵەتییە خێر خوازەکان نین بگرە ئەوەی کە حەز دەکات شەر هەر بێ ڕژێمی نەزانی ئێرانەو ئەوەشی لایەنی دەگرێو هانی دەدات ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو چەند ولاتێکی خۆفروشی وەکو ڕژێمی حافظ ئەسەدی خۆفروشو قەزافی شێتوێتو بەرەلای خۆین ڕێژەو ئەم شەڕەش کە ڕژێمی مەلاکانی ئێران دژی سەربەستی میللەتو پێشکەوتنی عیراق دەیکەنو ئەو کوشتنو بڕینو لە سێدارەدانو بەندکردنو برسێتیو وێرانکاریەی لەناوخۆی ئێرانیشدا دەیکەن یەکەم بۆ قایل کردنی ئیمپریالیزمی ئاغایانەو دووەم دژی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەیە .

نامەکە داوا لەگەلانی ئێرانو هێزە بەرهەلستکارەکانی ڕژێمی هیچ پووچی ئێران دەکات دەبێ هۆشی ئەوەیان هەبێ ئەم ڕژێمە دۆستی خۆیانو ئیمپریالیزمو زایۆنیزم نەبێ دۆستی کەس نییەو خزمەتی کەس ناکاتو ئەم شەڕەشیان بۆیە بەرپاکردوە گەلانی ئێرانیشیان بۆیە بەو دەردەبرد بۆ ئەوەی پارێزگاری کورسی یەکانی خۆیانی پێبکەنو داواشیان لێدەکات ئەم گەلانو هێزانەی کە لەئێراندا هەنو ئەو ڕژێمە بەویەری درندەیەتییەوە لیێان دەتات یەك بگرنو خەباتی کۆڵ نەدەری خۆیان بۆ لەناوبردنی ڕژێمی ئەو مەلا نەزانانە بەرنە سەرو بنیاتی ولاتێکو ڕژێمێك بنێن کەخێری گەلانو خاکی ئێرانو گەلانی ولاتانی پێشکەوتنخوازی ناوچەکەی تێیدابێو دووربێ لە دەسەلاتی ئیمپریالیزمو زایۆنیو خۆفروشیو شەڕخوازییەوە .

باڵە کە لەپوورەوە دەست پێ بکەین

گۆرانیو مۆسیقای کوردی لەم چەند ساڵانەی دووایی‌دا هەنگاوی گەورەی ناوەو بەرەو پاشەڕۆژێکی گەشتر خۆی ئامادە ئەکاتو لەمەشدا گەلێك تیپی مۆسیقاو گۆرانی کوردی بەشدارن ..

تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر ماوەی چەند ساڵێکە لە دایك‌بوونو گەلێك توانای مۆسیقای گرتۆتە خۆی کە هونەرمەند شاکر صابر یەکێکە لەوانەو پێشتر لە چەندان تیپی تر کاری کردووە .. بۆ بەسەرکردنەوەی هونەری مۆسیقاو گۆرانیش چەند گفتوگۆیەکی فراوانمان دەربارەی هەندێ لایەنی پێشکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە کرد، کاك شاکر دەربارەی کەلەپوور وتی :

● گەلێك جار گفتوگۆ دەربارەی هۆیەکانی پەرەپێدانی بزووتنەوەی مۆسیقاو گۆرانی کوردی دەکرێت ، هەر هونەرمەندە لەسەر ڕێبازێکی تایبەتیو تێڕوانینی خۆی هەنگاو دەنێت ، یەکێکیش لەو کۆمەلە مەسەلانەی کە باسی لێوە دەکرێت لایەنی فۆلکلۆریان کەلەپوورە لە بەرهەمی هونەرییماندا ، بەتایبەتی تیپی هونەرە میللییەکان کە ڕاستەوخۆ ڕێبازی تایبەتی خۆی دیار کردووە لە پەرەپێدانی فۆلکلۆرو زیندووکردنەوەی ئەم لایەنە . زۆر کەس ، واتێدەگات ، نزیك بوونەوە یەك لە دنیای فۆلکلۆر بە واتا خۆ دوور خستنەوەیە لە گیانی هاوچاخیەتی ، یان دوورە پەرێزی لە نوێ بوونەوە ، بەڵام دنیای فۆلکلۆر خۆی لە خۆیدا داهێنانو ناسنامەی گۆرانیو مۆسیقای کوردیمانە ، چونکە فۆلکلۆرو چۆنیەتی مامەلەکردن لە گەلیدا هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگای خولقاندنی ڕەسەنایەتیو خۆ ڕزگارکردن لە بەرهەمی لاسایی کەرەوە کە خزمەتی باری ئیستای مۆسیقاو گۆرانی کوردی ناکا بەڵام چۆن ، وەبە چ شێوەیەك لەگەل فۆلکلۆر هەڵسو کەوت دەکەین ؟ ئەمەیان بایەخدارترە لەوەی کە چۆن تەنیا کۆی دەکەینەوە .. چونکە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بە تەنیا ناتوانێت هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی بگەیەنتە قۆناغێکی نوێ، بەلکو پێویستە بە زانستییانە مامەلەی فۆلکلۆر بکەین ، ئەم ڕێبازە زانستییەش لەگەل فۆلکلۆردا مۆسیقاو گۆرانی کوردی دەگەیەنێتە قۆناغی داهێنان ، چونکە نوێبوونەوەو هاوچاخیەتی مانای دوورە پەرێزی ناگەیەنێ لە فۆلکلۆری کوردی کە هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست کەلکی لێوەرگیری خۆ ئەگەر بە لایەکی تردا بڕوانین ، سەرنج دەدەین هەموو بەرهەمە نەمرەکانمان، یان بڵێین ئەو بەرهەمانەی کە بە تەواوی ڕەگی خۆیان لە دڵو دەروونی کۆمەڵانی خەڵکدا کردۆتەوە ، فۆلکلۆرە، چونکە ڕەسەنایەتیو مۆرکی کوردانەی پێوە دیارەو ئەمەش نیشانەی بوونو خۆسەپاندنەو دەگرێ کە ئەم دنیایە جوانەی فۆلکلۆر بێتە هەوێنی کارکردنمانو ناسۆیەکی نوێ تر بۆ پاشەڕۆژی مۆسیقاو گۆرانی کوردی .

شێرزاد عبدالرحمن

ئەم قوتابییە هۆگری کتێبو چاپەمەنی کوردی‌یە

ئامادەکردنی : لطیف محمود

بەکرعەلی محمد : قوتابی‌یەکی پۆلی سێی ناوەندی‌یەو زۆر حەزی لە کڕینو خوێندنەوەی کتێبی کوردی‌یەو لە ماڵەوە کتێبخانەیەکی خنجیلانەی هەیەو گەلێ کتێبی کوردی تیا کۆ کردۆتەوە ... وەك خۆی دەڵێ نزیکەی دووسەد کتێب زیاتری تیایە ... جگە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی‌یەکان ...

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی چۆنیەتی کتێبەکان وتی :

کتێبەکان بریتین لە کتێبی مێژوویی و ئەدەبی و هونەری و ئەدەبی منداڵانو گۆڤاری بەیانو ڕۆژشنبیری و کاروان و ڕۆژنامەی هاوکاری ...

لێمان‌پرسی چی‌هانی‌دای بخوێنیتەوە ... لە وەڵامدا وتی :

لە ڕاستی‌دا لە برا گەورەکەمەوە من فێری کتێب کڕین و کتێبو ڕۆژنامە خوێندنەوە بووم ... و زۆریش سوودم لە خوێندنەوە وەرگرتووەو بیرمی پێ فراوان بووەو خوێندنەوە فێری ئەوەی کردووم کە هەمیشە نیشتمان پەروەربمو کرداری چاکە بکەم ...

ئێمەش هیوادارین هەموو قوتابی‌یەك وەکو کاکە بەکر عەلی ژیرو وریابن ...

لەچالاکی‌یەکانی ڕۆژشنبیری جەماوەر لە هەولێر :

کۆڕێکی هونەری

لە چوارچێوەی جموجۆلەکانی ئەم دووایی‌یەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژشنبیری جەماوەر لە هەولێر کۆڕێکی تایبەتی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی یەکەدا لە لایەن کاك صدرالدین خۆشناو دەربارەی کەلەپووری مۆسیقاو گۆرانی ناوچەی برادۆست پێش‌کەش کرا . لە کۆڕەکەدا کە ژمارەیەك لە هونەردۆستانی شارەکەو ڕۆشنبیران ئامادەی بوونو ، کاك صدرالدین باسی چۆنیەتی کەلك وەرگرتنی‌کرد لە فۆلکلۆری کوردیو ئەو گەوهەرە بەنرخەی کە لەم نارچەیەدا هەیەو هەندێ لەو بابەتە فۆلکلۆری‌یانەی بە خۆی لە لایەن هەندێ شایەرو دانیشتوانی گوندەکانەوە نووسیوەتەوە ، ئەنجا هاتە سەر شی‌کردنەوەی ناوەڕۆکی هەندێ لەو بەرهەمە فۆلکلۆری‌یانەو چەندان نموونەی لە بەرهەمی گۆرانی کوردی لەم ناوچەیەدا بە نموونە هێنایەوەو پاشان دەست کرا بە گفتوگۆکردن دەربارەی ناوەڕۆکی باسەکە لە لایەن ئامادەبوانی کۆڕەکەوە .

بێبشت‌و شتی تر

لەم دوایی‌یەدا شارەزایان ئامۆژگاری ئافرتیان کردوە بۆنەوەی بەژنو باڵاو ڕێکی خۆی بپارێزی بێبشت نەجوێت چونکە برسی دەکا، دیسان بە ڕاوەستانەوە نان نەخوات ، چاکتریش وایە کانی دیاری‌کراو بۆ نان‌خواردن نەبێ بەلکو بەپێی برسی بوون ... سەیرنیە ؟ !!

شێعر بۆ منداڵان

جادە

ع . ع . شەونم

من ، من ، دادە ، من ، من ، دادە
هەرگیز ناڕۆمە سەر جادە
جادە هەرچەن پانو تەختە
بۆ ڕێبواری پیادە سەختە
تا ئوترومبیل بێت‌و بڕوا
لاری ئەگرم ئەکشێمە دوا
گوژمو تاودان فرکەی سواران
بایەخ نادابە ڕێبواران
سوار خێرایە سوار گومڕایە
خەڵك ئەشێلێ‌و دەربەس نایە

چیرۆك بۆمنداڵان

چاوەنواڕی

ڕۆژێ لەڕۆژان دلێر بۆ قوتابخانە ئەچوو ... لە ڕێگایەوە چاوی بە پیاوێکی عەینەك لەچاوو گوچان لەدەست ئەکەوێ‌و لەڕۆخی شۆستەکەوە وەستا بوو ، وا دیار بوو ئەیویست لە شەقامەکەوە بچێتە ئەوبەر ، بەڵام وەك بڵێی پەشووکاو بوو هەر سەیری ئەملاو ئەولای خۆی ئەکرد .

ـ دوور نی‌یە ئەم کابرایەگۆیربێت ... وا باشە خۆمی لێ نزیك بکەمەوە .

جا کە گەیشتە لای‌و بینی‌کوێرە ، ڕاستەوخۆ دەستی گرتو ووتی .

ـ خاڵۆگیان فەرموو بابەیەکەوە لە شەقامەکە بپەڕینەوە .

ئیتر بە ووتەی خۆش‌خۆش هەتاوەکوو گەیشتنە شۆستەکەی‌ترو سەرەنجامزۆر سوپاسی کردو ووتی :

ـ ئەی منالی ژیر وا دیارەمنالێکی ڕەوشت پاك‌و ڕوح سووکی ، لەبەر ئەوەش وا ئەڵێم چونکە ئیشی باشت خۆش ئەوێ‌و نیازت لەگەل‌خەڵکدا پاکە .

جا هەر کەسێ ئیشی باش‌بکات بێگومان ئەو کەسە لەنێو کۆمەڵدا بە مرۆڤێکی‌سوود بەخش دانەنرێ‌و دوا ڕۆژێکی باشی لێ ڕەچاو ئەکرێ هەروا گشت خەڵکیش خۆشیان ئەوێت .

عثمان حمد احمد

جیهانی‌ڕەنگاوڕەنگ

● بوکە شووشەی ئەفساناوی

بوکە شووشەیەکی جوان لەم دواییەدا بۆ منداڵان دروست کراوە ، کە منداڵ را دەهێنێ بە کارکردنو وردەکاری ، ئەو دەزوەی قژی بوکە شووشەکەی‌لێ دروست کراوە ، درێژ دەکرێتەوەو کورت دەکرێتەوە ، یان لا دەبرێ‌و دەگۆڕرێ بە ڕەنگیکی‌تر .

فیدیۆی خنجیلانە

لە ژاپۆن بچووك‌ترین‌فیدیو کە تەلەفزیۆنیشی لەگەلدایە دروست‌کراوە ،قورسایی هەردووکیان (١٢) کیلوگرامەو بەکارەباو پارتریش کار دەکات .



گسکی ئەلکترۆنی

جۆرە گسکێکی نوێ داهاتووە ، کە بە کارەبا کاردەکات‌و شرێتێکی ئەلکترۆنی لەگەلدایە کە ڕێنمایی کەیبانووی مال‌دەبێ بۆ بەکارهێنانی لە جۆرە پاککردنەوەیەکدا هەم ئابووری‌یەو هەم بەکارە ، دیسان کەیبانووی مال‌دەتوانێ ئەو هێزە کارەباییەی دەگونجێ بەکاری بێنێ بەپێدەنگ‌دانەوە .

جوانی ساکار

ئیستا هەموو شتەکان بەرەو ساکاری دەچن پشتێنی ئالتونو زێڕو ڕازاوە ،گۆڕاوە بە پشتێنی لە قوماش دروستکراوی‌ڕەنگاوڕەنگو نەخشی‌کراوی ساکارو جوان ئەمەش چەند نموونەیەکە .

تایبەت بە «هاوکاری» لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە لەئینگلیزیەوە کراون بەکوردی

هاوکاری
ڕۆژگاری ڕۆشنبیری‌و ئازادکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پینج خەت

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ سعدی مهدی صالح

دەورەیەکی نوێی حزب لە هەولێر دەکاتەوە

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی وڵاتو رازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخراوی باکوریی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست داوای لە ڕێکخراوەکانی حزب کرد کە زیاتر قورسایی بدەنو خۆماندوو بکەنو ئەوەی توانایانەی کە هەیە بۆ خزمەتی جەماوەرو ئامانجەکانی بەکار بهێنرێن ٠

کاتێ کە دەورەیەکی نوێی حزبی دەکردەوە بۆ ئەوانەی شەرەفی ئەندامێتی حزب لە هەولێر وەردەگرن وتی ئێمەو لەم بوارەدا دەبێ لە کردارەکانی سەرکردەمان هاوڕێی خەباتگێڕ صدام حسین نموونە وەربگرینو ئەو وانانە لێیان وە دەست بخەین کە لە هەموو لایەنەکانی حزبو جەماوەرەوە پەیوەندیان پێمانەوە هەیەو بە کەلکمان دێن ٠

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی حزبی وڵات قسەی بۆ هاوبەش بوانی دەورەکە کردوو وتی : ئێوە هەنگاوی بەکەمتان لەسەر ڕێگەی خەباتێکی ڕاستدا لە چوارچێوەی ڕێك وپێکی حزبی سەرکردەماندا ناو ئەمەش بێدگەلەوەی کە شەرەفێکی گەورەشەو بەرپرسیاری مەزن دەخاتە ئەستۆتان بۆ ئەوەی لە ناو ریزەکانی جەماوەردا بە دەوری بەرپرسیاری هەستنو بیانهێنن بەو ڕێبازەدا کە خزمەتی ئامانجەکانو بیروباوەڕی حزب دەکات ٠

هاوڕێ سعدی مهدی صالح لەو قسانەی لە خولەکەدا دەیکرد کە هاوڕێیان ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخراوی باکوورو سەرکردایەتی لقی حزب لە هەولێر ئامادەبوون ئەو دۆخەی نیشاندا کە وڵاتەکەمان تووشی هێرشەکانی ئیمپریالیزم دەبێتو بووەو دووپاتی کردەوە کە ئەم هێرشانە کە شان بەشانی بەخششەکانی شۆڕشو ڕەوتە کەیەتی ئەویش بەرەی سەندو کەیشتنە لوتکەو ئەویش لەو جەنگەدا دیاریدا کە ڕژێمی خومەینی تەلەکەباز بە قسەی ئیمپریالیزمی ئاغای بەسەریدا سەپانین کەمەبەستی لەم شەڕە کۆسپ نانە ڕێگای پێشکەوتنی وڵاتەکەمانە کە بۆ تەقەلایەکی گەشی شۆڕشگێڕانەو هەڕەشە لە قازانجی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی لە ناوچەکەدا دەکات ٠

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی وڵات داوای لە بەشداربوانی خوولەکە کرد کە لە ناو جەماوەردا بە ڕێبازی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیمانو بەهێزکردنی خۆراگرتنی گەلەکەماندا بە ڕوی دوژمنو داخ لە دڵانو بەربەست کردنی هەموو کەلێنێکو پاراستنی دەسکەوتو ئەو پێشکەوتنانەی کە شۆڕش بۆ هەموو جەماوەری وڵاتی وەدیهێناوە ببنە پێشکەنگێکی تازە ٠

کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

لە ماوەی ئەوکۆبونەوەیەی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە دووشەممەی ڕابووردوودا بەسەرەکایەتی بەڕێز جمال حاجی شریف بەستی بودجەی هەندێ لە ئەمانەتەکانی مۆرکرا تا بتوانرێن پرۆژەکانیان لە بەرنامەی کاریاندا ڕاپەڕێنن ٠

هەروەها موافقەتی کردلەسەر دانانی چەند پارچە زەویەك لە هەندێ ناوچەدابۆ ئەوەی پرۆژەی نوێیان لەسەر دروست بکرێت ٠

لە کۆبوونەوەکەداسەرەکی ئەنجوومەن داوای زیادکردنی چالاکی بەدواداچوونی کاروباری هاوولاتیان لە ئەمنیدارەگشتیەکان کردو هەوڵدان بۆ دیاری کردنی کۆسپوگیروگرفتەکان تا بە گورجی کار بکرێت بۆچارەسەرکردنیان ٠

بەسەرکردنەوەی کاروباری جەماوەر لە قەڵادزێ ورانیەو بێتواتە

سێ ڕۆژ هاوڕێ دکتورنجم عبدالله العراقی ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوی سەرووی وڵات ئەمینداری نهێنی لقی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی لەگەل بەڕێز محمد امین عبو جێگری پارێزگاری سلێمانی سەریاندا لە هەردوو قەزای رانیەو قەڵادزەو ناحیەی بێتواتەو گوندی هاوچەرخی بەستەسێنو گوندەکانی دەوروپشتی دا ٠

لەم سەردانەدا هاوڕێ ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوی سەرووی وڵات لە دوو کۆبوونەوەی فراواندا چاوی بە جەنگاوەرانی سوپای میللیو ئەندامانو کارگێڕانی حزب لەو دوو ناوچەدا کەوتو تیایاندا سڵاوی سەرەکی فەرمانده صدام حسینی پێڕاگەیاندنو لە دوو وتاردا ووتی کە سوپای میللی بەشێوەیەکی تێکڕایی لەم جەنگە پیرۆزەی وڵاتماندا جەنگی قادسیەی صدام سەلماندی کە بە ڕاستی پالپشتێکی گەورەی سوپای عیراقەو هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش جەنگاوەرانی سوپای میللی لە ناوچەی کوردستانا بە هاوبەشی کردنیان لە زوربەی بەرەکانی جەنگدا دژی هێرشەکانی سوپای دوژمنی ئێرانی توانیان خۆشەویستیو وەفاداری خۆیان بۆ عیراقو بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین دووپات بکەنەوە

هەروەها بۆیانی دووبارە کردەوە کە یەکەم ئامانجی ئەم حزبە سەرکردەیە لە عیراقدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاییەکەی بێپایانە بە هاوولاتیانو بنیاتنانی عیراقێکی شۆڕشگێڕی پتەو تاوەکو لە هەموو ئاستو سەردەمێکدا بتوانێ بەرپەرچی هەموو چەشنە پیلانێکو نەخشەکانی دوژمن بداتەوەو لەم بارەشەوە جەنگی ڕەوای وڵاتمان جەنگی قادسیەی صدام یەکێکە لەو قوتابخانانەی کە حزبو شۆڕش لە عیراقدا تاقی کردنەوەیەکی گەورەی خۆی تیا بە ئەنجام گەیاند ئەویش بە بێناس کردنی دۆستو دوژمنانو هاوولاتیانی راستەقینەی خۆی شایانی باسە هاوڕێ دکتور نجم عبدالله العراقی پاشان سەریدا لە خێزانو کەس وکاری ژمارەیەك لە شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدام لە ناوچەکەداو دڵنیای کردنەوە کە چاوی حزبو شۆڕش لە ئەمڕوی عیراقدا لە ڕوانگەیەکی پڕ ڕێزو هەڵوێستی تایبەتیەوە بۆیان دەڕوانێتو هەمیشە لەبەرئەوەی شەهیدان لە ئێمە بەرێزترن بۆیە خێزانی ئەو شەهیدانە لە هەموو کاروبارێکا پێش ئەندامانی تری کۆمەڵەکەمانن لەلایەکی ترەوە بەرێز محمد امین عبو جێگری پارێزگاری سلێمانی لەم سەردانەدا بۆ هەردوو قەزای ناوبراو سەرەکایەتی دوو کۆبوونەوەی فراوانی کرد کە تیایدا قایمقامی قەزای رانیەو جێگری قایمقامی قەزای قەڵادزەو بەڕێوەبەری هەردوو ناحیەی بێتواتەو رانیەو ژمارەیەك لە سەرەك دایرەکانی مەڵبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانو هاوولاتیانو پیاوە ئایینیەکانی ناوچەکان ئامادەبوون ئەمەش تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوەی پێداویستیو چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کاروباری جەماوەرانی ناوچەکەو ئەو ئیش وکارانەی کە دەزگاکانی دەوڵەت پێشکەش بە هاوولاتیانی دەکات ئەمانەو گرێ ڕاگرتن بۆ داواکاریو پێداویستی جەماوەرانی ئەو ناوچانە کە خۆیان لەم دوو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون ٠

ڕاپۆرت

٢٠ ی حوزەیران ساڵی ١٩٨٠

یادی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی

لەوڕۆژەدا کە پلەی گەرماگەیشتبووە لە سەدا (٤٥) جەماوەر هەر لە بەیانی یەوەگەیشتبوونە سەنوقی دەنگدان بۆ ئەوەی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژێرن ٠

هەروەها دەنگدان لەلایەن ئافرەتەوە شایەنی شانازی کردنە لەوبارە دیموکراتیی یە ڕووناکەوە کە لە زەمینەی ری نیشاندانو چاودێری کردنو بەشداربوونی لەکنارو کۆمەڵو سیاسەت لە بیاو جیا نەکرابوونەوەو ئەم تاقی کردنەوە گەشەش لە کاروانی شۆڕشدا زۆر ڕووناك دەبینرا بەوەی کە پالاوتە بووانی حزبی بەعس پێشە برکێی دیموکراتیان بە ڕوبا گەندە بۆ خۆ لە نێوان یەکتریدا دەکردو ئەم ڕاستی یەش سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین لەوتارەکەیدا لە کاتی کردنەوەی ئەنجومەنەکەدا شەوی دووشەمەی حزیرانی ساڵی ١٩٨٠ پەنجەی بۆ ڕاکێشاو ووتی ٠٠ «حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەهۆش و شێوازێکی بێ هاوتاوە بەرزبووەوەو دەوری سەرەکایەتی خۆی کە بەر پرسیاری هەموو میللەتە بینیو مافی خۆیەتی کە ئەم دەورە لە مێژووی نوێ وکۆندا وەکو یەك بەناوی خۆیەوە بنووسرێو لەزەمینەی دەربڕینی دیموکراتی یەتو تیۆری بەرپرسیاریدا بەرامبەر بەگەل شانازی پێوە بکات ٠٠ یەکەم جارە لە مێژووی ئادەمیزاد دا حزبێکی بەرپرسیاری سەرکردایەتی دەوڵەت ڕێگە بە ئەندامو لایەنگیرانی دەدات کە لەگەل ڕۆڵەکانی گەلدا کە ڕێکخراوین لە ڕووی یاسای یەوە بە مەبەستی هاوسەنگیو لە ڕووی واقیعەوە بە هەلی ناسەنگی پێشە برکێ لەیەکتری بکەن ٠٠ پێشبڕکی کاران واتە ڕۆڵەکانی گەل سەربەستی تەواو بکرە لەسەربەستی خواستراو زیاتریشیان هەبوو بەڵام حزبی یەکان ئەوسەربەستی یە یاخود سەربەستی پێویستیان نەبوو ٠]

پێکهاتنی ئەنجومەنەکەش ئەوەبوو بۆیەکەمجارە لە مێژووی وڵاتدا کە نەخوێندەواری تیدانیەو چونکە یاسای ئەنجومەنەکە مەرجی ئەوەیە کە ئەوەی ئەبێتە ئەندام ئەبێ خوێندەوار بێ ٠٠ بەڵام سەردەمی جاران ژمارەیەکی زۆریان لە نەیاندەزانی نەبخوێنەوەو نەبنووسن ٠٠ بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانی ئیستە (١٥٥) ئەندامی دەرچوانی زانکۆو ئامۆژگای بەرزووهونەرین واتە بەڕێژەی ٦٢٪و دە ئەندامیان سەرکەوتننامەی دوکتۆراو پزیشکیو ئەندازیاریو کیمیاو ئادابیان هەیەو چوار خاوەنی سەرکەوتننامەی ماجستێرو (١٠٧) ئەندامیان سەرکەوتننامەی لیسانسو بەکالریۆسیان هەیەو ٠٠ (٢٤)یان دەرچوانی ئامۆژگەو خوێندنگەی مامۆستایانو (٢٤) یان دەرچوانی خوێندنگەی ناوەندیو (١٠)یان دەرچوانی خوێندنگەی مام ناوەندیو (٢٣)یان دەرچوانی خوێندنگەی سەرەتاییەو (٢٠)یان لەوانەن کەدەخوێننەوەو دەنووسن ٠

ئەنجومەنی ناوبراو لەم کاروانە پڕ بەخششەیدا رای خۆی بەرامبەر بەو یاساو کارانە دەربڕی کە دەنرانە بەردەمیان ٠٠ ئەو یاساو کارانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو پرۆژەی ئەو یاسایانەی کەلەلایەن سەرکردایەتی دیوانی سەرەکایەتی کۆمارەوە بۆیان دەچوو دەکۆلایەوە ٠

ئەنجومەنی نیشتمانی لەم جەنگەدا کە وڵاتەکەمان بۆ بەرگری کردن لەسەربەستیو لەمیللەتو لەخاکی دژی ڕژێمی چاوچنۆکو داخ لەدڵی ئێران دەبکات ئەندامەکانی جوونەتە ناو ڕۆڵەکانی جەماوەرەوەو هانی داون بۆ ئەوەی دەستی دەستدرێژکردنی ڕژێمی خومەینی بۆ سەر وڵاتەکەمان لەبندا ببڕن زیاتر تێبکۆشنو بەردەوام بنو ئەمبارە دیموکراتی یەش کە ئەنجومەنی نیشتمانی بەخۆیەوە بینیوە ئەو ئاوڕدانەوەیەی سەرکردایەتی شۆڕشە لە میللەتی عیراقو ئەو بڕوا بەرزەیەتی کەبەتوانا وبەیەکێتیو بەخەباتی میللەتی عیراقی هەیە

هەواڵێکی زانستی

نووسینگەی هەولێر

● بە چاودێری بەڕێز یحیی محمد رشید پارێزگاری هەولێر ، ئەنجومەنی پاراستنی بیئەی بەشەری- لە هەولێر بەهاوکاری لەگەل سەرۆکایەتی زانکۆی صلاح الدین کۆڕێکی زانستانەی ڕێکخست کەتیایدا بەڕێزان خسرو غنی شالی سەرەکی زانکۆی صلاح الدینو علی حسون جواد ڕازگری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە هەولێر ئامادە بوون ٠٠٠ لە سەرەتادا بەڕێز پارێزگاری هەولێر سەرەکی ئەنجومەنەکە وتی ٠ ٠ بێگومان پێویستە هەموو لایەك هەوڵبدەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوانو دوور لەپیسی شارەکەمان ببینینو هەمیشە بتوانین بیکەین بەو شوێنەی کە خەڵك بێ بۆ ببینین ، چونکە هەولێر مەڵبەندی گەشت گوزاریەو هەموو خەلکی شارەکانی تری عیراق ڕووی تێدەکەن ٠٠٠ ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەردوو لایەن، یەکەم ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو مەسەلەیەوە هەیەو دووەمیان خەلکی شارەکە ٠٠

● ئینجا دەستکرا بە پێش کەش کردنی چەند ووتارێکی زانستی لەلایەن بەڕێزان دکتور خسرو غنی شالیو دکتور احسان شفیقو دکتور عدنان یاسینو دکتور نافع ئاکرەیی ٠٠٠ هەموویان لایەنی پیرۆزی ئەم ئەنجومەنەیان باس کردو داوایان لەهەموو لایەك کرد کە هاوکاری بکەن بۆ جوانکاری ئەم شارە ٠٠٠

عەمیدی کۆلێجی زانستی بەرۆژنامەی (هاوکاری) ڕاگەیاند : -

دروشمی نوێی زانکۆی صلاح الدین تەواوبوو

مەرجەکانیشمان خستە ڕوو لەمانە : -

● بەپێی بڕیارێکی دیاری کراو ، زانکۆی صلاح الدین بۆ چەند جارێك کۆبوونەوەی بەست دەربارەی دانانی دروشمێکی سەرەکی بۆ زانکۆ ، ئەوەبوو لەم دوایی یەدا دروست کراو بوو بە دروشمی زانکۆ لەم ڕووەوە بەڕێز دکتور (خالد ماجد حمید) عەمیدی کۆلێجی زانستی ، سەرەکی لیژنەی دانانی دروشمی زانکۆ ٠

بە ڕۆژنامەی «هاوکاری» ڕاگەیاندو وتی : -

ئێمە لەکاتی خۆیدا نوسراوێکمان ناڕاستەی ڕۆژبەی زۆری هونەرمەندە بەشکیلی یەکان کرد بۆ ئەوەی نەخشەی دروشمێکی زانکۆی صلاح الدین بکێشنو ئاراستەی ئەم لیژنەیەی بکەن ، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی زانکۆ ٠٠

مەرجەکانیشمان خستە ڕوو لەمانە : -

بڕایەتی کوردو عەرەبی لێ دیار بێو شوێنەوارەکانی ناوچەکەو کەلەپوری ئیسلامیو لایەنی زانستیو بریتی بێ لە چوار ڕەنگ ٠

ئەوەبوو کەلێك نموونە پێش کەش کرا . لەدوایی دا نەخشەکەی هونەرمەند (نجاه کارسول) بە یەکەم دەرچووو لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆو لیژنەکە پەسەند کرا کە ببێت بەدروشمی هەمیشەیی زانکۆ

ناظم دلبەند

بانگ کردن لە دایك بوونی ١٩٦٤ بۆ سەردان لە تەجنیدەکانیاف

بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردنو سەرژمێرکردن داوای لە لەدایکبوانی ساڵی ١٩٦٤ کردووە کە ڕۆژی ٨-١٠-١٩٨٣ ئەوانەی کە دەفتەری سەربازیان نیشانەکراوە سەر لە تەجنیدەکانیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بدەن بەڵام لە جیاتی ئەو ڕۆژەی سەرەوە دەبێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ واتە لە ١٨-٧-١٩٨٣وە تا ٢٠-٧-١٩٨٣ سەر لە تەجنیدەکانیان بدەنو ئەمەش پەیوەندی بە خزمەت کردنیانەوە هەیە ٠

ئەمەش بە پێی ئەو بەیاننامەیەیە کە بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردنو سەرژمێرکردن دەری کردووەو دەڵێ :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەیاننامەی ژمارە (٥٠) ساڵی ١٩٨٣

کە لە بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردنو سەرژمێرکردنەوە لە وەزارەتی بەرگری دەرچووە ٠

ئەو سەرباز انەی لەدایکبوانی ساڵی ١٩٦٤ئن ئەوانەی کە دەفتەری خزمەتی سەربازیان

بڕوانە ل : ١١

بەسەرکردنەوەی کاروباری جەماوەر لە قەڵادزێ ورانیەو بێتواتە

کۆبوونەوەی فراوان لە دوو کۆبوونەوەی گرنگدا

ئەنجومەنی نیشتمانی لە ناوچەی کوردستان

دەنگوباسی سلێمانی

● بە تەلەفون لە نووسینگەی سلێمانیەوە

سەرەتای ئەم هەفتە بە بەڕێز مامۆستا صباح کچەچی وەکیلی وەزارەتی پیشەسازی سوکەڵە سەری دا لە پارێزگای سلێمانیو لەگەل بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی بە ئامادەبوونی دوو سەرەکی دەزگای دامەزراوی پرۆژەکانو پیشەسازیو ئینشایی لەگەل جێگری پارێزگاری سلێمانیو چەند بەڕێوەبەرێك کۆبوونەوەیەکیان کردو سەرەتا لە لایەن پارێزگاری سلێمانی یەوە لێدوانێك دەربارەی ئاستی پیشەسازی پارێزگاو چۆنیەتی ئەو بەرهەمو خزمەتگوزاریەی کە کارگەو دەزگاو دامەزراوەکانی پارێزگا پێشکەش جەماوەرانی دەکەن باس کراو هەر لەم ڕوانگەشەوە بەڕێز پارێزگاری سلێمانی ستایشی زۆربەی بەڕێوەبەرانی کارگە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای کرد کە بەشێوەیەکی گورج وگۆڵ ئەرکی سەرشانی خۆیان بەتایبەتی لەم دۆخەی ئیستای وڵاتەکەماندا رادەپەڕێنن ، پاشان لە لایەن بەڕێز وەکیلی وەزارەتی ناوبراوەوە چەند باری سەرنجو تێبینی پێشکەش کرا بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەو تەنگوچەڵەمەی توتنو جۆنیەتی چارەسەرکردنیو ڕێگای هاندانی جوتیاران بۆ بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی سەرکەوتووتر شایانی باسە لە لایەکی ترەوە بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی سەرەکایەتی دوو کۆبوونەوەی فراوانی بواری ڕاگەیاندنی کرد یەکەمیان سەبارەت بەبواری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کە لە سەرەتاییدا بەڕێز پارێزگاری سلێمانی دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئەمهەڵبژاردنە لە هەمان کاتدا ببێتە خۆپیشاندانێکی سیاسی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی بیسەلێنین کە بارودۆخی جەنگی سەپێنراوی سەر وڵاتمان نەیتوانیوە کاریگەی ئەوتۆ بکاتە سەر کاروباری ناوخۆی وڵاتمان لەم کۆبوونەوەیەشدا بڕیاردرا کە دەستبکرێ بە سازکردنی زنجیرە کۆڕێکی بەردەوام بۆ باسکردنو لێکۆڵینەوەی مەرجەکانی هەڵبژاردنو لەم بارەشەوە دانانی نەخشەیەکی تایبەتیو ڕاپەڕاندنی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ، کۆبوونەوەی دووهەمیشیان کە هەر بەسەرەکیایەتی پارێزگاری سلێمانی بوو بۆ دەستەی ڕاگەیاندنو ڕاوێژکاری پارێزگای سلێمانی سەبارەت بەخۆ ئامادەکردن بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە ٠

Institut Kurde de Paris

دەق
چاوپێکەوتنەکەی
بەڕێز سەرەکی فەرماندە
صدام حسین
لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی
ئیتالی
لە ١٤/٦/١٩٨٣ دا

عیراق لە ڕێز و ئاوات و ئاسایشیدا لە ملیارەها گرنگ تر

سەرەکی بەڕێز :

ئێمە پێخۆشحاڵین لە بەغدادا بتانبینین ئێوەیش خەڵکی وڵاتێکی گرنگن پەیوەندی‌ی چاکمان لە گەڵدا هەیەو بەتەنگی ئەوەوەین بەرەو باشتری ببەین • ئێمە ئێستا ئامادەین وەڵامی پرسیارو لێپرسینەکانتان بدەینەوە •

ڕۆژنامەنووس :

(جۆزیبی یۆسکا) لە ڕۆژنامەی « کۆرییرادی لاسێرا » بەداخەوە ، جەنگ سەرباسی ئێستایە ، لە بەر ئەوەیە دەمەوێت بپرسم چۆنو بۆچی ئەم جەنگە دەستی پێکرد ؟ ئایا مەترسییەکی سوپایی لە لایەن ئێرانییەکانەوە هەبوو یان چەند هۆیەکی تر هەن ؟

ڕۆژنامەنووس :

(باولۆ کاکاشبا) لە ڕۆژنامەی (تمبۆ) یان کات • ئیتالیا هەڵویستی بێ لایەنی‌ی دەربارەی ناکۆکی‌ی نێوان عیراقو ئێران وەرگرتووە ئایا ئەو دەورە چی‌یە کە توانای هەیە وڵاتەکەمان لە بواری ئەوروپادا بیگێڕێت تاوەکوو یارمەتی بدات یان ببێتە هۆیەکی یاریدەدەری دانانی چارەسەرێك بۆ ئەم ناکۆکی‌یە ؟

ڕۆژنامەنووس :

(لۆرینزی سکیلی) لە ڕۆژنامەی جیهان (مۆندۆ)وە ئەوەبوو لە سەرەتاوە فەرموتانو باسی پەیوەندی‌ی نێوان ئیتالیاو عیراقتان کرد ئەم پەیوەندی‌یانە پەیوەندی‌ی ئاڵو گۆڕی سیاسی‌و بازرگانین ، دەووترێت جەنگ قورسی‌یەکی ئابووری پێك دەهێنێتو مانگی یەك ملیار دۆلار لە سەر عیراق‌دەکەوێت حەز دەکەم بپرسم ، جەنگ لە سەر عیراق چەندی تێ دەچێت ، لە چوارچێوەی ئەم باری جەنگەوە ، ئایا لە توانادایە پەیوەندی‌ی ئابووری نێوان ئیتالیاو عیراق پەرە پێ بدرێت ؟

ڕۆژنامەنووس :

(لۆجۆلامی) ڕۆژنامەی جۆرنالی واتە ڕۆژنامە • لەم ماوەی دوایی‌یەدا دەبینین کە نزیك بوونەوەیەك لە نێوان ئێرانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە ، ئایا بۆچوونی ئێوە بەرانبەر بەمە چی‌یە ؟ • ئێستا سوپاس •

ڕۆژنامەنووس :

(جۆزیبی لۆکاتۆ) لە تەلەفزیۆنی ئیتالیاوە • زۆر کەس دەپرسن : بۆچی ئەم جەنگە بەردەوامە ، ئێمە دەزانین کە ئێوە هەمیشە لەگەڵ ئاشتیدانو ئێرانیەکانن ئەوشتەیان ناوێت ، حەز دەکەین لەوە بپرسین ئەو هەنگاوانە چین کە ئێوە ئێستا خەریکن بیهاوێژن بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکی‌یەو ئەم جەنگە پشتگیری بکەنو ڕای‌بگرن ؟

ڕۆژنامەنووس :

(برۆنۆ) لە ئاژانسی (ئالانسا)وە • بەرانبەر بە جەنگی نێوان عیراقو ئێرانو بەرانبەر بارو دۆخی لوبنان ، تەنگو چەڵەمە لە لوبنان‌دا ، چەند هەوڵێك هەن لە لایەن هەندێك دەوڵەتی عەرەبی‌یەوە دەدرێت بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌ی عەرەب ئەم هەوڵەیش عەرەبستانی سعوودی دەیدات ئایا دەکرێت عیراق لە بارودۆخی ئێستاوە نزیك بێتەو دەوری لەم یەکێتی‌یەی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبەکان‌دا هەبێتو ئایا لە توانادا هەیە گفتو گۆ لەگەڵ هەندێك حزبی بەر هەڵستی کاردا بکرێت بە تایبەتی حزبی کۆمۆنیستی عیراق ؟

ڕۆژنامەنووس :

خاتوو (باولا بریانتی) لە ئاژانسی ئیتالیاوە • پرسیاری یەکەم ئایا دەوڵەتە گەورەکان دوور دەمێننەوە لە ناکۆکی‌ی نێوان عیراقو ئێران ، ئەو هۆیەیش چی‌یە ئەم دەوڵەتانە ڕاستەوخۆ دەستوەر بدەنە کارو باری ناوچەکەوە ؟ لە حاڵەتێکی هەبوونی دەست تێوەردان‌دا «تا چی ساتێك دەوڵەتە گەورەکان دەستەوئەژنۆ دەمێننەوە » ؟

ڕۆژنامەنووس :

باری ئێستای پیشەسازی‌یە پترۆلی‌یەکان چی‌یەو ، ئایا ناردنی نەوتی سعوودی بە ناوی نەوتی عیراقەوە بەردەوام دەبێتو ئەو ماوەیە چەندە کە ئەم ناردنەی تێدا بەردەوام بێت ؟

ڕۆژنامەنووس :

(ئەرنامدۆ ئۆگستینی) لە ڕۆژنامەی (البایزیدی سێرا) حەز دەکەم شتێك دەربارەی پەیوەندەکان لەگەڵ یەکێتی‌ی سۆڤیەت‌دا بزانم بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی‌ی بە لایەنی ئابووری‌و سوپایی‌یەوە هەیە ؟ سەرەکی بەڕێز •• برایەکت لە یەکێك لە کتێبەکانی‌دا نووسیەتی کە تۆ لەم ساڵانەی دوایی‌یەدا حەوت جار تووشی هەوڵی کوشتن هاتووبت ، حەز دەکەم بپرسم دوژمنانت لە ناو خۆی عیراق‌دا کێن‌و ، ئەنجامی ئەو کەسانەی ئەو هەوڵانەیان داوە چۆن بووە ؟

ڕۆژنامەنووس :

(یۆسکا) لە (کۆرێری دیلاسێرا) ئەوەتا پازدە ساڵ بەسەر شۆڕشدا تێپەڕی حەز دەکەم هاوسەنگی‌یەك لە نێوان ئەم ساڵانەدا بکەم ئایا لە توانادا هەیە پێمان بڵێیت ،، چین ئەو شتانەی کە حەزت دەکرد نەتکردبان •• ئیتر سوپاس ؟

ڕۆژنامەنووس :

(باولۆ کاکاشبا) لە ڕۆژنامەی (تمبۆ) • ئەو سوپایی‌یانەی دوێنی لە کاتی سەردانماندا بۆ بەرە چاومان پێ کەوتن قسەیان بۆ کردین کە لەوانەیە لە ڕۆژانی ئایەندەدا هێرشێکی سوپایی ئێرانی ڕوو بدات ، ئایا توانا هەیە لەم بارەیەوە زۆرترمان بۆ بدوێیت ، ئیتر سوپاس ؟

ڕۆژنامەنووس :

خاتوو (باولا بریانتی) لە ئاژانسی ئیتالیاوە • حەز دەکەم بزانم کە ئایا بەردەوام بوونی جەنگی نێوان عیراقو ئێران پشت بە بارودۆخی لوبنانی دەبەستێت ، هەروەها حەز دەکەم بزانم ئایا عیراق ئێستا ئامادەیە بۆ گەوەی هەندێك مەرجی مەوزووعی لە لایەن ئێرانەوە قبووڵ بکات، بۆ دانانی چارەسەرێك بۆ ناکۆکی‌یەکە ؟

ڕۆژنامەنووس :

(ستیفان بۆشا) لە ڕۆژنامەی باکوورو باشوورەوە • لە مانگی مەشتی ساڵی پارو، لە چوارچێوەی ئەنگو چەڵەمەی لوبنانی‌یەوە چەند ڕۆژنامەیەك دەربارەی چاوپێکەوتنی ڕەفعەت ئەسەد برای سەرەکی سوریاو سەرەکی هێزی ئاسایشی سوریاو جەنەرال (ئاریێل شارۆن) وەزیری بەرگری (ئیسرائیلە) نووسی‌یان ، ئامانجیش دانانی سنوورێك بوو بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازو لەناو بردنی یان ڕاگرتنی پەڵهاوێشتنی ، تەقەپرگردنی ئێوە دەربارەی ، هەڵوێستی سوریا بەرانبەر بە ڕێکخراوی فەلەستینی چی‌یە ؟ بیرو ڕاتان چی‌یە ؟ ئیتر سوپاس •

بەڵام بۆچی جەنگ دەستی پێکرد ؟ •• ئەوا وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ڕەووشتی ئێستای ئێران‌و سیاسەتی ئێستای ئێران دەیخەنە ڕوو •

خومەینی لەو باوەڕەدایە کە ئەو لە چوارچێوەی تیوری‌یە ئایینی‌یەکەیەوە ، یان لە چوارچێوەی بە کار هێنانی ئایین وەك بەردەیەك بۆ سیاسەت لە توانایدایە ئەمپراتۆریەتێك بەسەرەکایەتی‌ی ئێران لە هەموو جیهانی ئیسلام‌دا پێك بهێنێت •• لە تیوری یەکەیدا دەڵێت ئەو لەم سنوورەدا ناوەستێت بەڵکوو بانگ ڕاهێشتنەکەی لە جیهانی تری ناموسوڵمانیش‌دا دەست پێ دەکات ، ئەوەبوو بەر لە هەموو شتێك مەبەستی عیراق بوو لەبەر ئەم هۆو ئەم بە یەکدا چوونانەی کە موخابەراتی زایۆنیزم بەشێوەیەکی فراوانو ئەمریکا ئەنجامیاندا بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بنێن لەگەڵ عیراق‌دا بکەوێتە جەنگەوە ئەویش لە بەر چەند هۆیەك کە پەیوەندی‌یان بە ناکۆکی‌ی عەرەبی‌و زایۆنی‌و بە بارودۆخی ناوچەکەو بە چەند ئامانجێکی تایبەتی‌ی ناوخۆی ئێرانو عیراقەوە هەیە •

مەروە کو دەزانن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات دەستەڵاتی خۆی لە ئێران دابین‌و ڕێك‌و پێك بکات پاش ئەوەی شێوەی شا ڕووخا •• هەوڵی ئەوەیش دەدات دەستدەڵات بۆ خۆی لە عیراقدا دامەزرێنێت لە سەر حسێبی بریاری نیشتمانی‌و سەر بەخۆیی عیراق •• ئا ئەمە وەڵامەکەیە ••

● دەوری کۆمەڵەی ئەوروپا لە ڕاگرتنی جەنگدا ●

ئەوەبوو وەك پرسیارتان کرد ئیتالیا هەڵویستی بێ لایەنی سەبارەت بە جەنگ پێشان‌دا بە هەڵویستە ڕاگەیەنراوەکانی ئێستایش دەپرسن ئەو دەورە چی‌یە کە لە توانادایە لەگەڵ کۆمەڵەی ئەورپادا بۆ ڕاگرتنی جەنگ بیگێڕێت ؟ ••

دەوڵەتێکی بچووك لە ئاسیا یان ئەمریکای لاتین یان ئەفریقیادا توانای ئەوەی هەیە هەڵویستێکی بێ لایەنی‌ی ڕاگەیەنراو سەبارەت بە جەنگ پێشان بدات ئێمەیش ئەمەمان لە لایەن ئەوانەوە بەسە •• بەڵام ئیتالیاو ئەوروپا ئەوا ئەبێت پرسیارەکەمان دیاری کراو بێت •• چی‌ی لێ داوا کراوە ڕەفتاری بکات وا لە ئێران بکات ڕێزی بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش‌و ڕێکخراوە نێوە دەوڵەتی‌یەکان بگرێت بۆ ڕاگرتنی جەنگ لە ناوچەیەکدا کە ئاسایشی گرنگە ئەك هەر تەنیا بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکەو بەس ، بەڵکوو بۆ هەموو جیهان‌و ، بە شێوەیەکی تایبەتی چونکە ئاسایشی ئەم ناوچەیە لەبەر چەند هۆیەکی زانراو بۆ ئەوروپا گرنگە کە پرسیارەکە بەم جۆرە دەبێت دەڵێین ئەوروپا لەویش ئیتالیا بەشێوەیەکی گشتی تاکوو ئێستا هیچ کاری کاریگەری وابان ئەنجام نەداوە وا لە ئێران بکات ڕێزی خواستی کۆمەڵەی دەوڵەتان بگرێت •

کەواتە هەڵویستی بێ لایەنی‌ی ڕاگەیەنراو بەس نی‌یە ، بەڵکوو پێویستە سۆزێکی لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەو پراکتیکی لەگەڵ ئەو هەڵویستەدا هەبێت کە ڕێزی خواستی دەوڵەتی دەگرێت‌و دەیەوێت جەنگ ڕابگیرێت دژ بە ئەو هەڵویستەی کە ڕێزی خواستی نێو دەوڵەتی ناگرێت‌و لایەنی ڕاگرتنی جەنگ ناگرێت •

بەڵام ئەو پیادا هەڵدانەی کە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا لەم ماوەی دوایی‌یەدا خویان پێ داوە بیخەنە پێش چاو بە ئاواتی ئەوەی ئێران چاو بە سیاسەتی خۆیدا بگێڕێتەوەو هاندانی بەرەو گەڕانەوە بۆ لیبرالیەت ئەوا ئەم شتە پتر هانی ئێران دەدات لەوەی وای لێ بکات چاو بە سیاسەتی خۆیدا بگێڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی جەنگ •

کە ئێستایش خومەینی سیاسەتە زانروەکانی لە

بڕوانە ل : ٤

● دەربارەی دەست پێکردنی جەنگ ●

سەرەکی بەڕێز :

من پێخۆشحاڵم لێم بپرسن چۆنو بۆچی جەنگ دەستی پێ کرد؟ ،، ئەو مەترسی‌یە سوپایی‌یە چی‌یە کە لە لایەن ئێرانەوە بەسەر عیراق‌دا ڕووی‌دا لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا ؟ بۆچی بۆ ئەمە پێخۆشحاڵم؟ ••چونکە لە لای هەندێك لە ڕۆژنامە نووسەکانی ئەوروپا لێ‌تێکچوونێك دەربارەی دەست پێ کردنی جەنگ هەیە •• واتە ئایا جەنگ لە ١٩٨٠/٩/٤دا دەستی پێ کرد یان ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ دەستی پێ کردووە •• بەڵان ئێمەوە ئەم لێ‌تێکچوونە بە هۆی چەندین هۆوەبە لە پێش هەموشیانەوە هەوڵدانەکانی زایۆنیزم کە ویستی وای پیشان بدات کە عیراق دەستدرێژی‌کەرە بەڵام درێژی‌ی جەنگ نیازەکانی عیراقو نیازەکانی ئێرانی خستەڕوو •• بۆ ئەوەیش بە زۆر ووردی لە مەسەلەکە بگەین دەڵێین کەی جەنگ دەستی پێ کرد ؟ ئێمە دەزانین کە جەنگ ئەو حاڵەتەیە کە لایەنێك یان زیاتر چەکی تێدا بەکار دەهێنێت لە ڕێگای هێزە چەکدارەکانەوە دژ بە لایەنێکی‌تر یان پتر مەبەستی گەل یان خاك یان بەرژەوەندیەکانیەتی ، بە تەواوەتیش ئەمە لە لایەن ئێرانەوە ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٤و تا ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢و پاش ئەوەیش ڕووی‌دا ،، لە سەر لە بەیانی‌ی ١٩٨٠/٩/٤دا ئێرانی‌یەکان هێرشیان بردە سەر شارەکانی مەندەلی ••زرباطیە•• خانەقین ،، پاش ئەوەی لە ناو هەندێك خاکی عیراق‌دا لە هەردوو ناوچەی سیف سەعدو زەینەل قەوس‌دا مولکە یان بەستبوو ، پاشان شەتول عەرەبیان داخستو ژمارەیەك کەشتی‌ی بازرگانی‌یان لە شەتول عەرەب‌دا نقوم کرد •• کە هەندێکیان عیراقی‌و هەندێکی تر بێگانە بوون ،، لە یادمە یەکێك لەو کەشتی‌یانە ئنگلیزی بوو •• بەر لە ڕۆژی ٩/٢٢ چەکی ئاسمانییان بۆ بۆردمان کردنی نیشان لە ناو خۆی خاکی عیراق‌دا بەکار هێنا •• هەموو ئەمە پێش ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ بەبێ پێشەکی‌و بە بێ هیچ هۆیەکی ڕەوا ڕوویان‌دا •• ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ ئێمە بە شێوەیەکی فراوان وەڵامی ئەم دەستدرێژی‌یەمان دایەوە لە چوارچێوەی چەکی ئاسمانی‌ی عیراقەوە •• ڕۆژی ٢٣یش هەردوو سوپا لەسەر سنوور پێکدا هەڵپژان ئەنجامی پێکدا هەڵپژانەکە ئەوەبوو کە سوپای عیراق توانی‌ی پارچە سوپایی‌یە مولدراوەکانی ئێران تێك بشکێنێت کە هەندێکیان لە سەر خاکی عیراق بوون‌و هەندێکی تری لە سەر سنوور بوون‌و •• کەوتە شوێنی سوپای دۆڕاوی ئێران بەرەو قووڵایی‌یەك وا لە شارەکانی عیراق بکات دوور بن لە بۆردومان کردنی ئێرانی‌یەکانەوە • چونکە وەك ووتمان ئێرانی‌یەکان بەبۆردمان کردنی شارەکان‌و دەزگا پترۆلی‌یەکانی عیراق جەنگیان هەڵگیرسان لەوانەیش دەزگا پترۆلی‌یەکانی خانەقین‌و دەزگا پترۆلی‌یەکانی بەسرە ئەویش ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٤و پاش ئەوەیش ئیتر لەوێ ماینەوە •• واتە لەو قووڵایی‌یەدا ماینەوە کە شارو دەزگاکانی پترۆلیمان لە بۆردومان کردنی ئێرانەوە دوور بێن‌و بۆ بارودۆخی جەنگەو بۆ ڕێز گرتنی بیروڕای گشتی‌ی جیهان لە لایەنی ئێمەوەو لە پێناوی ئەوەدا بیروڕای گشتی‌ی ئێرانی وا لێ بکەین بە مەوزووعیەت دەربارەی جەنگ ڕەفتار بکات بریارمان‌دابۆ سنووری دەوڵەتی بکشێینەوە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢دا هەرلە ١٩٨٠/٩/٢٨وە ئارەزووی خۆمان ڕاگەیاند هەردوو لا پە نابەرنە بەر گفتو گۆ کردنو ڕاگرتنی جەنگەو •• هەر لایەك ڕێزی ئەو لاکەی تر بگرێت لە ئاسایشی ناوخۆو سەر بە خۆییداو دەست وەرنەدانە کاروباری ناو خۆیەوە ، ئەوە بوو ئەم پرۆگرامەمان ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆو لە تەفزیۆنەوە بە ووتارێك بۆ گەلی عیراقو بۆ بیروڕای گشتی‌ی جیهانی ڕاگەیاند •• ئەوەبوو ئێرانی‌یەکان ئەمەیان ڕەت کردەوەو ڕایان گەیاند کە لە جەنگ‌دا بەردەوام دەبن •• لە ٢٩/ئەیلوولی/١٩٨٠دا واتە پاش ڕۆژێك لەو ووتارەمان ئەنجوومەنی ئاسایش بریاری ڕاگرتنی جەنگی دەرکرد •• کوتو پڕ وەڵامی ئەم بریارەمان دایەوەو ئێران ڕەتی کردەوەو ، جەنگ بەردەوام بوو •• بەتەواوەتیش لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە ئاشتی‌یانەی دەوڵەتەکان‌دا بووین •• کەچی فەرمانبەدەستانی ئێران هەمیشە ئەو هەوڵانە ڕەت دەکەنەوەو کۆسپیان دەخەنە بەردەم •

کەواتە بەم جۆرە جەنگ دەستی پێ کرد ••

Institut Kurde de Paris

ناو خۆی ئێران لە پێشی خۆمانداا ذابنەین‌و وای بۆ بچین کە ئەو ئەگەر لە ڕامالینی عیراق لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا سەرکەوتبایە .. ئایا لە ناوچەکەدا چی ڕووی دەدا ؟ .. شتێکی ئاشکرایە کە هەموو دەولەتەکانی کەنارو دوورگە بە دەستی خومەینی دەڕووخان ئەو کاتەیش ، شتێکی ئاشکراو ڕوون نی‌یە بوونی سەرچاوەیەکی گرنگی ژیاری‌و شارستانیەت بە دەستی کۆمەڵێك دڕندەی وێرانکەرو ڕووخێنەرەوە وەك ئەو کۆمەڵەیەی کە فەرمانڕەوایی ئێران دەکەن چی دەگەیەنێت ؟

● عیراق لە ملیارەها گرنگ ترە ●

ئێوە دەزانن کە هەر جەنگێك لە سەر هەر دوو لای جەنگکەر زۆر دەنیشێت .. شتێکی ڕاستی بێت سەرژمێری‌ی ئەوەمان نەکردووە جەنگ چەندی تێ چووە .. ئەمە زۆر جار پاش تەواو بوونی جەنگ ئەنجام دەکرێت ئەگەر چیش مانگی یەك ملیار دینار یان کەمتر یان زیاتر بنیشێت ئەوا عیراق لە ملیار گرنگ ترەو ، عیراق لە سەربەخۆی‌و ئاواوت‌و هەولدانی‌دا بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی .. لە ملیارەهای تریش گرنگ ترە .. بەڵام ئایا لە توانادایە پەیوەندی‌ی ئابووری لەگەڵ ئیتالیادا لە ژێر باری جەنگدا پەرە پێ بدرێت ؟

وەڵاممان بەڵێ لە توانامانداید پەیوەندی‌یەکانی ئابووری پەرە پێ بدەین‌و وەڵامیشمان بەڵێ دەبێت ئەگەر تەماشای پەیوەندی‌یەکانی نێوان عیراق‌و ئیتالیا بکەین کە پەیوەندی‌ی کڕیارێك نی‌یە شت لە دوکانێکی بچووك بکڕێت یان کڕێکارێکی گەڕۆك لەگەڵ دوکانێکی بچووکدا ، بەڵکوو پەیوەندی‌یەکە لەسەر بنەڕەتی تێڕوانینی سەرتاپاگیری‌و دوورو ئاڵ‌و گۆڕی بەرژەوەندی یەك گرتنەوەی ئەم بەرژەوەندی‌یانە وەر دەگرین ، ئێوە دەزانن کە سامانی عیراق تەنیا لە نەوتەکەیدا نی‌یە بەڵکوو سەرەڕای ئەوەیش لە سروشتی ڕاستەقینەو بەرهەمهێنەرانەی گەلەکەی‌و ڕژێمەکەیدایە کە توانای پەردەوام بوون‌و سەقامگیری‌و پەرەسەندنی هەیە ، جگە لە چالاکی‌ی ئابووری لە مەیدانی کانەکانی دیکەداو لە مەیدانی کشت‌وکاڵ‌و پیشە سازی‌دا ئەمەیش لە عیراقدا هەیەو هەروەها لە توانادایە پێش‌و پاش کۆتایی هاتنی جەنگ توانای نەوت ناردنە دەرەوە پتر بکرێت لەوەی ئێستا هەیە .. کەواتە هەموو ئەمانە ئاسۆیەکی پرشنگدار لە بەردەمی عیراق‌و لە بەردەمی ئەوانەدا دەکاتەوە کە دەیانەوێت پەیوەندی‌ی پەرەسەندوو لە بواری ئابووری‌و بوارەکانی تردا لەگەڵ عیراقدا ببەستن ، پاشئەوەیش ئێمە لە هەموو بارێکدا لە پاشە ڕۆژدا بە نرخاندنێکی ڕوون ، هەڵویستی دەوڵەت‌و کومپانیاکان بەرانبەر بە ووڵاتەکەمان‌و بەرژەوەندییەکانمان لە کاتی جەنگدا دەبینین چی ئەو هەڵویستانە بە چاکە یان بە خراپە بن‌و هەر کەسە لە شوێن‌و پلەی خۆیدا دادەنێین لە لایەنی کارتێکردنیەوە لەسەر پەیوەندی‌یەکانی لەمەو پاشتر .

ئێوە پرسیارتان لەوە کردبوو کە نزیك بوونەوەیەك لە نێوان ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێراندا هەیەو پرسیارتان لە تێڕوانینی ئێمە کردبوو بەرانبەر بەئەم نزیك بوونەوەیە ئێمە چاودێری‌ی ئەم نزیك بوونەوەیە دەکەین‌و کاتێکیش سیاسەتی ووڵاتە یەکگرتووەکان تاوەکو‌و ئێستا شی دەکەینەوە ئەوا پێویستە لەسەرمان بە نیشانەی گومانەوە تەماشای ئەم نزیك بوونەوەیە بکەین بۆ ئەوەی بگەین بە یەقین ، لە هەموو بارێکیشدا ئێمە دژ بە بەستنی پەیوەندی نین لە نێوان دەوڵەتەکاندا لەوانەیش ئێران بەڵام دژ بە ئەو پەیوەندی‌یەین کە لەگەڵ ئێراندا لە سەر حسێبی عیراق ببەسترێت یان ئەو پەیوەندی‌یانە کارێکی ئەوتۆ بکەن هانی ئێران بدەن درێژە بە جەنگ بدات .

ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا بەشداری دەکا

لە بەردەوامبوونی شەڕدا

وەڵامی ئەوەمان دایەوە : بۆ شەڕ بەردەوامە ، لە لایەکی سەرەکی ئەم پرسیارەوەو لە بارەی ڕاگەیاندنەوە دەڵێین ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا جارجار بەدەستی ئەنقەست یا بێ دەستی ئەنقەست بەشداری دەکا لە بەردەوامبوونی شەڕدا . ئەمە چۆن ڕوودەدا؟ ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا باسی ئەوە دەکا کە خومەینی ناتوانێ وڵاتەکەی بەرێ بە ڕێوە لە بارێکی دوور لە گیروگرفتداو باسی ئەوە دەکا کە سوپای ئێران دڵسۆز نیە بۆ ڕژێمی خومەینی‌و دەڵێ هەر کە شەڕ تەواو بوو سوپا ڕژێمی ئیستە ناهێڵێ‌و دەستەڵاتێکی نوێ دادەمەزرێنێ‌و شەڕ باری سەر گەلانی ئێران لادەباو وایان لێ دەکا سەربەسترین لە هەڵویست بڕیاردانداو داخوازی‌یەکانیان ڕەواداەکالەو کاروبارە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یانەدا کە دەستەی فەرمانڕەوا نەیانتوانی وەڵامیان بدەنەوە یا چارەیان بکەن ئەمانە هەموو ڕاستن بەڵام ئەم ڕاستی‌یانە خومەینی دەترسێنن‌و دەستەی فەرمانڕەوا دەترسێنن‌و وایان لێ دەکەن بەردەوامبن لەسەر شەڕو چونکە ئەمانە ڕاستن داوای ئەوەتان لێ ناکەین کە باسیان نەکەن بەڵام ئەوە دەڵێین کە ڕاستی تریش هەن مەترسیدارترن پێویستە ئەوانیش ڕوون‌بکەنەوە لە ڕاگەیاندنتانا ، کە شەڕ ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی ئێران کوشتوەو هەموو ڕۆژێکیش هەڕەشە کە لە خوێنی چەندەها ئێرانی‌و عیراقی دەکاو دەبێتە هۆی زیادبوونی زیانی ئابووری‌و باری کۆمەڵایەتی وا ئاڵۆزدەکا دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی‌یەکان لە وڵاتێکی دانەسەکناوی وەك ئێراندا بێن ڕەفتاری حسێب بۆ نەکراوو ناڕێك بکەن لە دەرەتانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیداو ، بەردەوامبوونی شەڕ ڕێبازێکی وا دێنێتە کایەوە لەسەر پلەی دەستەی فەرمانڕەوایان‌و پلەکانی ترو بە فراوانترین ڕادە لە ناو گەلدا داوای ڕاوەستانی شەڕ بکا ، ئەمە ئیستەیش لە ئێراندا هەیە لەبەر ئەوە ئەو فەرمانڕەوایەی کە لە سوپایە بترسێ کە دڵسۆز نەبێ بۆی کە شەڕ ڕاوەستێ لە کاتی بەردەوامبوونی شەڕیشدا دەبێ بە داوەوە .. ئیتر چار چی‌یە ، ئەگەر فەرمانڕەوای ئێرانی لە کاتی بەردەوامبوونی شەڕدا ببێ بە داوەوەو لە کاتی ڕاوەستانی شەڕیشدا ببێ بە داوەوە ؟ چار ئەوەیە بە ڕێك‌و پێکی‌و بە ئەقڵ بیر بکاتەوەو فەرمانڕەوایانی ئێران لەگەڵ ئەو ڕێبازەتازەیەی شارستانیدا یەکبگرن کە لە جیهاندا هەیەو واز لە سیاسەتی خۆفراوانکردن‌و شەڕ بێنن لە پێناوی سیاسەتی ئاشتی‌و هەرەوەزی لە ناوچەکەو لە جیهاندا .. ئەگەر ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا ئەم کاروبارو ڕاستی‌یانە بەم جۆرە باس بکا وا یارمەتی دەدا بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ بەڵام ئەگەر کە تاقە یەك لایانەوە باسی بکا وا هانی بەردەوامبوونی شەڕ دەدا .

وەڵامی ئەو پرسیارەتانمان دایەوە کە ئایا بەردەوامبوونی شەڕ پێوەندی هەیە لەگەڵ بارودۆخی لوبناندا .. ئێمە لامان وایە زایۆنیزم‌و « ئیسرائیل » سوورن لەسەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەو جۆرە بڕەخسێنن دەستەڵات‌و بەرفراوانی «ئیسرائیل» دابین بکا لەسەر حیسابی دەوڵەتان‌و گەلانی ناوچەکەو ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەم ڕادەیە یا بەو ڕادەیە لەگەڵ هەندێ ڕێبازی ئەم سیاسەتەدا یەکدەگرێ لە بەر ئەوە دەورێکی سەرەکی‌یان هەبوو لە هەڵگیرساندنی شەڕو لە بارەی ڕاوەستان‌و بەردەوامبوونیشی بە پێی تێکڕای نەخشەکانیان لەم ناوچەیەدا سەبر دەکەن بەڵام ، وەك دەزانن ، شەڕ هەڵناگیرسێ ئەگەر هەندێ لای تریش لە دەرەوەی لا شەڕکەرەکان پاڵی پێوە بنێن ، ڕاوەستانی بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەستی ئەو لایانەیە کە شەڕەکە دەکەن‌و بە نیسبەت ئێمەوە دەمانەوێ شەڕ بوەستێ بەڵام بە نیسبەت ئێرانەوە ئێوە شارەزان کە بە هیچ ئەو کۆششانە ڕازی نەبوو کە بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ کراون وڕەنگە بپرسن .. ئایا شەڕ هەر بەردەوام دەبێ ؟ وەڵام هیچ شەڕێ نیە لە جیهاندا هەڵگیرسابێ‌و هەتا هەتایە هەر بەردەوام بووبێ چونکە شەڕ یا بە هۆی خراپ لە یەك گەیشتنەوە بەرپا دەبێ یا بە هۆی جیاوازی‌و لەیەك دانی ئامانجی ئەو لایانەوە کە شەڕەکە دەکەن بە جۆرێکی وا ئەم جیاوازی یە دەگاتە قۆناغێکی مەترسیداری وا پێویست بکا بە بەکار هێنانی چەك یۆ چارەکردنی جیاوازی‌یەکە .. ئێوە دەزانن عیراق هیچ ئامانجێکی فراوانبوونی نیە لەسەر حیسابی ئێران‌و عیراق دەبەوێ خۆی بنیاتنێ‌و گەشەدار بێ لە بارەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌یەوەو پێوەندی‌یەکی سیاسی بەرێز لەگەڵ دەولەتانی جیهاندا پێکەوە بنێ ، کە وابوو عیراق پێویستی بە بەردەوامبوونی شەر نیە .

خومەینی ناچار دەبێ

ڕێگای ئاشتی بگرێتە بەر

ڕژێمی ئێرانی لای وا بوو دەتوانێ لەسەر حیسابی عیراق‌و وڵاتانی ناوچەکە بەرفراوان بێ وەك لە شوباتی ڕابوردوودا وتمان چەند سەعاتێ پێش ئەوەی هێزەکانی ئێران لەسەر سنورەوە لە شیبەوە هێرش بەرن خومەینی بڵاوی کردەوە کەوا سنوور دەبڕن‌و بەمە نایانەوێ دەستدرێژی بکەنە سەر خاکی عیراق بەڵکو ئەوەیان دەوێ کەسوپای عیراق لە سنوور دوور بخەنەوە بۆ ئەوە بارێکی وا بهێننە کایەوە کە گەلی عیراق ڕزگار بکا لەو ڕژێمەی کە ئیستا لە عیراقدایەو ئەم هێرشە شکێنراو ئەوەی بە زیندویی لەم هێرشە ڕزگاری بوو ڕای کردەوە بۆ خاکی خۆی .. ئەنجا جارێکی‌تر ئێرانی‌یەکان هێرشیان بردە سەر فەککەو طیب بۆ ئەوەی بە قووڵی بێنە ناو خاکی عیراقەوە ئەم هێرشەیش تێکشکێنراو سوپای عیراق پەنەتی کرد بەو هێرشبەرانەی کە شەڕیان دەکردو دیسانەوە ئەوەیان بەزیندوویی مایەوە ڕای کردەوە بۆ خاکیان بەجۆرێکی وا خومەینی چوار ڕۆژ لەمەوبەر لەوتارێکیا داوای لە ئێرانی‌یەکان کرد کە بەردەوام بن لەسەر شەڕو پێی وتن «پێویستە لە سەرتان کە شەڕ ڕانەوەستێنن چونکە ئەگەر شەڕتان ڕاوەستاند عیراقی‌یەکان دێنە وڵاتەکەتان‌و تاقیکردنەوەکەتان تێك دەدەن‌و ئەتکتان دەکەن » ئەنجا پێیان دەڵێ « بۆ هەندێ کەس داوای ڕاوەستاندنی شەڕ دەکا ؟ » مەبەستی ئێرانی‌یەکانە ئێمە بەر گری دەکەین (وەك دەڵێ) . کە وابوو دەتوانین بیر لەو حاڵە بکەینەوە کە خومەینی‌و ڕژێمەکەی پێی گەیشتوە لە بەراوردکردنی وتارەکەی لە شوباتی ڕابوردوودا کە تیایا داوای لە بڕینی سنووری عیراق‌و هاتنە ناو خاکی عیراق‌و ڕووخاندنی ڕژێمی حوکمی دەکرد تیایا لەگەڵ ئەم وتارەیدا لە مانگی حوزەیراندا کە ڕوو دەکاتە ئێرانی‌یەکان‌و پێیان دەڵێ ناچارە بە شەڕ چونکە بەرگری دەکاو .. داوا لە ئێرانی‌یەکان دەکا کە بەردەوامبن لەسەر شەڕ چونکە لە هەڵویستی بەرگریداو لەمە تێ دەگەین کە نائومێدی گەیشتوەتە دەستەی فەرمانڕەوایان لەوەدا کە بتوانن خۆیان لەسەر حیسابی عیراق بەرفراوان بکەن .. کاتێ کە ئەوە تێبگەن کە نیازە دوژمنانەکانیان جێبەجێ ناکرێن ئەو کاتە دێن بۆ ئاشتی ، ئەو ئاشتی‌یەی کە هێمنی دێنێ بۆ هەردوو وڵاتەکەو بۆ ناوچەکەو سەر بەخۆیی هەردوو وڵاتەکەو مافی ئەوەیان دەپارێزێ ئەوە پەسەند بکەن کە ئارەزوویان لێیەتی‌و لەمە بەولاوە هیچ شتێ ڕەووا نیە لەبەر ئەوە ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە خومەینی ناچار دەبێ بەوەی ڕێگای ئاشتی بگرێتە بەرو وا نەبێ گەلانی ئێران سوپای ئێران ئەگەنەبارێکی وا هەڵبگەڕێنەوە لە خومەینی‌و دەست‌و دایەرەکەی‌و ، لاتان وا نەبێ خومەینی بیاوی ئایینەو بەس ، خومەینی ئایین وەك پەردەیەك بەکار دێنی‌و ئەو سیاسی‌یەکی‌فێڵ‌و فڕکەرەو لەسەر ئەم ئەساسە بەوە ڕازی‌بوو کە گفتوگۆ لەگەڵ شەیتانی گەورە ـ ئەمەریکا ـ دا بکاو ڕازی بوو گیراوە بارمتەکان بەرەڵڵا بکا بەرامبەر بە هەندێ پارە کە بە هۆی ئەمەریکاوە پێی درا کە هەستی کرد بەوەی بەردەوامبوون لەسەر ئەم هەڵویستەی زیانی زۆرترە لە قازانجی‌و کاتێ کە مەبەستەکانی ئەم هەڵویستەی تەواوبوون .

ئێوە ئەوە دەزانن کە ئێمە هەمیشە لەگەڵ یەکێتی عەرەب‌و هەڵویستی عەرەبین‌و لە وەڵامی پرسیارەکەتانا ئێمە هەمیشە لە جێی خۆمانەوەو لەگەڵ برا عەرەبەکانمانا هەولی کۆکردنەوەی عەرەبین لەسەر یەك هەڵویست‌و .. ئێمە لەگەڵ هەموو بەیەك گەیشتنی گشتین لامان وابێ سوودی عەرەبی تیایە لە کات دانان‌و ڕەفتار پێککردنیا بەڵام داوای ئەوە دەکەین کە عەرەب کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان باسی کاروبارە سەرەکی‌یەکانیان بکەن نەك وەك شتێکی پچڕپچڕ .

هەموو هەڵویستێکی سەرکردایەتی

لە قازانجی گەلەوە هەڵقوڵاوە

ئێوە دەزانن کە سیاسەتەکەمان لەسەر ئەوەیە کە سوور بین لەسەر لە کیس نەچوونی هەڵویستی هەموو هاووڵاتی‌یەکی عیراقی .. لەبارەی حزبی شیوعی عیراقی‌یەوە ، ئەوسا لە بەرەی نیشتمانیدا بوو لێی دەرچوو لەبەر ئەوە ئێمە هەر کاتێ وا هەست بکەین کە قازانجی عیراق لەوەدایە کە ئەم لایە یا ئەو لایەببرێتە ڕیزی بەرەوە هیچ لێی دوا ناکەوین بەڵام ، چونکە بناغەی هەموو هەڵویستێکی ئێمە لە سەرکردایەتیدا قازانجی گەلە پێویستە لەسەرمان ڕێزی ڕای گەل بگرین .. حزبی شیوعی عیراق زۆر خراپ لە ڕێ لایدا کە هات بە ئاشکرا لای ڕژێمی خومەینی گرت دژی عیراق‌و قازانجی عیراق‌و بەم کردەوەیە هەڵویستێکی ئینتیهازی‌یانەو لەڕێلاداوی مەترسیداری پەسەندکرد بێ ئەوەی سەیری ئاسۆی دوارۆژو ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەفتارە سەیرگا بەسەر دوارۆژەوە . هەڵویستی گەل بەرامبەر بەم هەڵویستەی حزبی شیوعی عیراق بریتی‌یە لە بەسووك زانین‌و نەویستن چونکە گەلی عیراق خوێنی بەنرخی لە پێناوی خاك‌و ژیان‌و دوارۆژیا داناو پێویستە حسابێك دانێ بۆ ئەو هەڵویستانەی لەم بارو دۆخە گرانەدا دژینی لەبەررئەوە شتێکی زۆر ئاشکرایە ئەگەر هەڵویستی بەرامبەر ئەوانە توندبێ کە لەسەر جنسیەی عیراقی ژمێرراون‌و لەبەرئەوە پێویستە لەسەر حزبی شیوعی عیراقی بەجۆرێکی وا ڕەفتار بکا گەل بەوە قەناعەت بکا پێوەندی‌کردن لەگەڵ قازانجی نیشتمانی تیایەو ئەو کاتە هەر شتێ قسەی خۆی هەیە .

هەموو هەڵویستێکی سەرکردایەتی لە قازانجی گەلەوە هەڵقوڵاوە

ئێمە لەوە ئاگادارین کە دەوڵەتە گەورەکان کاتێ کە شەڕ هەڵدەگیرسێنن یا ڕایدەوەستێنن بە شێوەیەکی سەرەکی بیر لە بەرژەوەندی ستراتیژیەکەی خۆیان دەکەنەوە .. وا دەبێ ئەم بەرژەوەندیانەی دەوڵەتە گەورەکان یەك دەکەون یا لەگەڵ یەك جیاوازدەبن‌و بە گوێرەی یەك‌کەوتن‌و جیاوازی‌یان هەڵویست بڕیاردەدرێ ،، هەندێ دەوڵەتی گەورە بە ڕاستی دەیەوێ شەڕ ڕاوەستێنێ‌و هەرچەندە هەندێکیان تائیستا دەڵێن حەز لە ڕاوەستاندنی شەڕ دەکەن ئێمە لەوە دڵنیاین کە ئەم نیازانە ڕاستن چونکە ڕەوشت لەگەڵ نیازدا بەتەواوی ناگونجێ .

ئێوە دەزانن کە گرنگترین ڕوالەتی بازاڕی نەوت ئیستا ئەو تێکچوونەی کە لە پێوەندی نێوان هانێ‌و بێنەدا هەیە کە لە قازانجی وڵاتە نەوت بەکارهێنەرەکاندایە لەسەر حیسابی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکان .. ئێوە ئەوە دەزانن کە ئێمە هەندێ یارمەتی برایانەمان لە برا عەرەبەکانمانەوە وەرگرتوە .. یارمەتی ئابووری چ لە سعودیەوە یا لە هی ترەوەو بناغەی ئەم یارمەتی‌یانە قەرزن‌و ، ئەمە کەمترین پلەی ڕاوەستانە کە پێوەیستە عەرەب هەیبێ بەرامبەر بە عەرەب لە کێشەیا لەگەڵ بێگانەدا لە پێناوی پاراستنی سەربەرزی‌و ئاسایش‌و سەربەستی‌یا .

لەگەڵ ڕێکخراوەی ئازادیخوازی

فەلەستینیداین

ئەگەر ئەو کێشەیەی کە باسیتان خۆیندوەتەوەو گوێ لێبووە لە ناو ڕێکخراوەی ئازدیخوازی فەلەستینیدا هۆیەکەی ناوخۆیی بوایە هیچ جۆرە مافێکمان نەدەبوو . بەڵام چونکە ئەو کێشەیەی ئاگاتان لێیە لە بنەڕەتدا کێشەیەکە لە نێوان سەربەخۆیی بڕیاری فەلەستینی‌و ئارەزووی جووتە ڕژێمی لیبیاو سووریاو دەس‌تێکەلکردنی ڕژێمی ئێرانە لەگەڵ ڕێکخراوەی ئازادیخوازی‌فەلەستینیداین بە هەموو هێزێ دژی ئەم کۆششانە .. بێ‌هێزکردن‌و لەتکردنی یەکێتی ڕێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستینی بەم شێوەیە خزمەتی ئەو تێڕوانینە فراوانکاری‌یە دوژمنانەیەی قەوارەی زایۆنی‌یە لەبەرئەوە داوا لە گەلی سووریا دەکەین کە ئاگاداری مەترسی ئەم دەستێکەلکردنانەی فەرمانڕەواکانی سووریا ببێ کە لە ڕادەی کەم‌و کورتی دەرچوە بەرامبەر بە ئەرکی نەتەوایەتی بەرەو کاری تێکدانی مەترسیدا لەسەر حیسابی عەرەب‌و لەسەر حیسابی سەربەخۆیی نەتەوایەتی‌و داوایش لەگەلی فەلەستینی دەکەین کە ئاگاداری ئەم هەوڵ‌و تەقەلایانە بێ‌و هەڵویستی هۆشیارانەبێ‌و داوا لە ڕۆلەکانی نەتەوەی عەرەب دەکەین لە هەموو شوێنی کە هەڵویستیان توندو هۆشیاربێ بەرامبەر بەم هەوڵ‌و تەقەلایانە .

ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئارامی ناوچەکەو لەگەڵ هێمنی‌و ئاسایشداین تیایاو .. ئێمە هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنانی سیاسەت‌و ئەقڵ‌و فامداین لە جیاتی بەکارهێنانی چەك هەر کاتێ کە سیاسەت‌و ئەقڵ‌و فام‌و ئاشتی ڕێگای ڕاستی پاراستنی سەربەخۆیی‌و ئاسایش‌و شەخسیەت بن .

بەردەوامە لە : ٥

دەقی چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

لەگەڵ ڕۆژنامە نووسانی ئیتالی لە ١٩٨٣/٦/١٤ دا

« باشماوە »

Institut kurde de Paris

دەقی نامەکەی سەرۆکی فەرمانده

صدام حسین

بۆ سەرۆکی یەکێتی گشتی

ئافرەتانی عیراق



ئافرەتانی عیراق کە زێرەکانی خۆی دەبەخشێت

بە تەواوەتی لەو بارەی خۆی نزیک

دەبێتەوە کە پاڵ وهانی ڕۆڵەکانی خۆی

دەداتە بۆئەوەی لە جەنگی

سەختدا دژ بە دوژمنانی عیراق بجەنگن

سەرۆکی فەرمانده: پەیکەرێکی لە زێڕ دروست کراو پایەی ئافرەتی عیراق لە قادسیەدا بۆنە وەکان بباس بکات

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ووتی.. من دەزانم ئەوە چی دەگەیەنێت کە ئافرەتی عیراقی زێرەکانی خۆی ببەخشێت ، ئەوە بەتەواوەتی لەو بارەی لای خۆی نزیك دەبێتەوە کە پاڵو هانی ڕۆڵەکانی خۆی بدات بۆ ئەوەی لەجەنگێکی سەختدا دژ بە دوژمنانی عیراق بجەنگن ..

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە بۆ بەڕێزی نێرراوە لە لایەن خاتوو (منال یونس عبدالرزاق)ەوە سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق .. ووتوویەتی .. لە سەرکردایەتی‌دا بڕیارمان داوە پەیکەرێکی زێڕین بۆ بیرەوەری بۆ ئەم کارە پیرۆزە دروستبکەین بۆ ئەوەی بمێنێتەوە تا بۆ نەوەکانی داهاتوو بەسەرهاتی ئەم گەلە مەزنە لە گەڵ ژیان‌و دەوری سەرکردایەتی کردنی دیاری تێدا بگێڕێتەوە .

ئەمەیش دەقی نامەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده (صدام حسین)

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەڕێز خاتوو منال یونس سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق پاش سلاو :

نامەکەتانم خوێندەوە کە لە بەرواری ١٥-٦-٨٣دا ، بۆ ئێمەت ناردووە ، پێش ئەوەیش ئاگاداری ئەو هەڵمەتە نیشتمانی‌یە شەرافەتمەندانە بووم کە تێیدا ئافرەت دەستپێشکەری‌ی کرد بە پتەوبوونی ڕەنجی ڕێکخراوە جەماوەری‌و حزبی‌یەکان بۆ بەشداری‌کردن لە قادسیەی دووەمدا ئەویش بە بەخشینی خشڵ لە زێڕو شتی‌تر ، وەك چۆن ئافرەت لەمەوپێش لەبوارو چالاکی‌ی زانراودا بەشداری‌ی کردووە هەندێکیان لە نامەکەتدا کە بۆ ئێمەت ناردووە باست‌کردوون‌و هەندێکی تێیدا باس نەکراون .

هەستێکی پێخۆشحالی‌و شانازی‌کردن دای‌گرتمەوە لەو کاتەوە هاوڕێیانم لە سەرکردایەتی‌دا هەواڵی ئەوەیان پێ‌ڕاگەیاندم کە ئافرەت بە جۆشەوە رووی‌کردووەتە بەخشین لەم بوارەدا .

ئەوەبوو هەست‌کردنم بەم خۆشحالی‌یە پێربوو کە ئەوەی لە نامەکەتدا نووسیبووت خوێندمەوە بەوەی کە یەکێتی‌یە تێکۆشەرەکەتان ، ئەوەیە کە ئەمڕۆ نوێنەرایەتی‌ی ڕاستەقینەی ئافرەتی عیراق دەکات ، کە وێنەیەکی نایابە ئەوەی کە تێیدا ئافرەت‌و کیژان‌و منداڵان بەر یەکتری دەکەون‌و بە جۆشەوەن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان نیشانەیەکی وا کە ناکوژێتەوە لە جەنگی قادسیەدا تۆماربکەن .

بەم چەشنە گەلی عیراق نووسینەوەی مێژوو دووبارە دەکاتەوە بەڵکوو بەم چەشنە لەگەڵ مێژووی باوباپیران‌دا بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی تێیدا لووتکەیەکی بڵند بێت ، وەك لووتکەکانی تر کە لەو مێژووەدا دبارو دەرکەوتوون .

شادمانیم بەو دەورەی کە ئافرەتی عیراق خستیە ئەستۆی خۆیەوە ، ئەم جارە لە پێشەوەی هەموو ئەو شتانەوە بوو کە دەمبیست‌و ئاگاداری دەبووم لەو دەورە شەرافەتمەندانەی ئافرەتی عیراق لە پشتگیری‌کردنی پیاودا بۆ بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزن‌و بەهای بیرو باوەڕە نیشتمانی‌یەکانی عیراق‌و بەهاو بیرو باوەڕەکانی تێکۆشان‌و مێژووی نەتەوە ، چونکە من دەزانم چی دەگەیەنێت کە ئافرەت خشڵەکانی خۆی ببەخشێت ، ئەوە لەو بارەی خۆیەوە بە تەواوەتی نزیك دەبێتەوە باری پاڵپێوەنان‌و هاندانی ڕۆڵەکانی خۆی بۆ ڕاوەستان‌و جەنگین دژ بە دوژمنانی عیراق لە جەنگێکی سەختدا ... ئەوە خەنسائە سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە بەڵام ئەم جارە لە عیراق‌دا سەری‌هەڵداوەتەوە ئەویش لە کەسایەتی‌ی هەموو ئافرەتە ئەجیبەکانی عیراق‌دا کەوتووەتە ڕوو ، بە دایك‌و خوشك‌و ژن‌و کچانی شەهیدانی فادسیەو ئەو پیاوانەی کە ئەمە سێ ساڵە لە مەیدانی جەنگدان .. ئەوە ئەمڕۆ لە کەسێتی‌ی هەموو ئافرەتێکی عیراقیدا کەوتووەتە ڕوو کە غیرەتی وا هەڵچووە تا ئەو ڕادەی خشڵەکانی خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی ببەخشێت بۆ ئەم ڕێڕەوە سەرکەوتووە بە بارمەتی‌ی خوا .. بۆ ئەوەیش ئاڵای عیراق بە شەکاوەیی‌و سەربەرزی‌ی پڕ لە سەربڵندی‌و نەمری‌ی مێژوو ، ئێستا لە سەر خاکی عیراق بمێنێتەوە .

من لێرەدا بە ڕووانینێکی مادی تەماشای مەسەلەکە ناکەم ، بەڵکوو تەماشای تورەلی‌ی واتای ئیعتیباری‌ی دەکەم وەك ووتم‌و لەسەر ئەم بنەڕەتەیشە لە سەرکردایەتی‌دا بڕیارمان دا پەیکەرێکی زێڕین بۆ بیرەوەری بۆ ئەم کارە پیرۆزە دروستبکەین بۆ ئەوەی بمێنێتەوە تا بۆ نەوەکانی داهاتوو بەسەرهاتی ئەم گەلە مەزنە لەگەڵ ژیان‌و دەوری سەرکردایەتی‌کردنی دیاری تێدا بگێڕێتەوە ، بەسەرهاتی لەگەڵ فارسەکان‌دا ئەوانەی سەر بە خومەینی‌و ڕۆستەمن ، بگێڕێتەوەو، بۆ ئەوەی پایەی هەر ئافرەتێکی عیراقی لەم قادسیەدا بگێڕێتەوەو ، بەنجە بۆ شوێنی خشڵەکانی ڕابکێشێت لەو پەیکەرەدا کە بە یارمەتی‌ی خودا نیازمان هەیە لە زێڕ بێت‌و نرخەکەی هاوجووتی ، نرخی ئەو شتانە بێت کە ئافرەتانی عیراق لەم بوارەدا دەیانبەخشن ، باوەڕیش ناکەم تەنیا ئافرەتێکی عیراقی هەبێت قبوولی ئەوە بکات تۆمارکردنی بیرەوەریەکی مێژوویی‌و سەربەرزی‌یەکی نوێ بۆ خۆی‌و کچەکانی‌و خێزانەکەی‌و نەوەکانی پاش خۆی‌و بە درێژایی مێژوو لێ‌تێبپەڕێت .

سلاوی ڕێزو شانازی بۆ ئافرەتە ئەجیبەکانی عیراق‌و سلاوی شانازی‌و ڕێزلێنان بۆ هەموو پیاوە مەردەکانی عیراق ئەوانەی کە گیان‌و خوێنی خۆیانیان بەخشی بۆ ئەوەی خاکی عیراق‌و دەغل‌ودان‌و دانیشتووانەکانی بە سەربەرزی‌و ئاسایش بهێڵنەوە .

صدام حسین

١٦-٦-١٩٨٣

ئەوەبوو خاتوو منال یونس عبدالرزاق نامەیەکی بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەرز کردبووەوە تێیدا دووپاتی ئارەزوو و سووربوونی ئافرەتانی عیراقی کردبووەوە خشڵە زێڕینەکانیان بۆ پاڵپشت گرتن‌و پتەوکردنی سەرکەوتن ببەخشن .

دەقی چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده

- پاشماوە -

ئێوە دەزانن کە « ئیسرائیل » قەوارەیەکی دوژمنانەی فراوانی ویستە .. لەسەر حیسابی عەرەب‌و لەسەر حیسابی دواڕۆژو شەخسیەتیان‌و ڕابوردووی نزیکیش لە زیاتر لە بۆنەیەکدا ئیسپاتی ئەم سیاسەتە دوژمنانەیەی کردوەو ئەو تاوانانەیش کە لە اوبناندا کردنی باشترین بەڵگەن لەسەر ئەمەو لەگەڵ ئەوەیشدا عەرەب بڕیاریان لەسەر هەندێ شت‌دا کە بەرژەوەندی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان بپارێزێ‌و لە هەمان کاتیشدا ئارەزوویان دەربڕێ بۆ ئارامی ئەم ناوچەیە ،، ئەوەی لە کۆنگرەی فاسەوە دەرچوو هەندێکە لەو بڕیارە گرنگانەو ، شتێکی ئاشکرایە بەو پرۆژانە ڕازی نەبین کە لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا نەگونجێ کە عەرەبەکان بە کۆمەڵ لە لووتکەی فاسدا بڕیاریان لەسەردا .

پێوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا باشە

ئێستا پێوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا لە زۆر بواردا باشەو لەسەر ئەوەیش ڕێکەوتووین کە پێوەندیمان بە جۆرێکی وا باش بکەین کە بەرژەوەندی هەردوو گەلی سۆڤیەت‌و عیراق مسۆگەرکا ، لە چوارچێوەی ئەوەی کە دەمانەوێ دەورێکی باش بگێڕین لە چەسپاندنی ئاشتی جیهانیدا .

لە بارەی ئەو هەوڵی کوشتنانەیشەوە کە لە کتێبەکەی سەرۆکی موخابەراتی عیراقدا باسیان کراوە ئەوانە هەوڵێکن کە لە ماوەی پانزە ساڵدا دراون یانی لەو کاتەوە کە جێ‌نشینی سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووم ، هیچ بەکێك لەم هەوڵانە شەخسی نین بەڵکو ئاراستەی دەور کراون زیاتر لەوەی ئاراستەی کەسێك کرابن ، لەبەرئەوە ئەوانەی دوژمنی صدام حسین‌ن دوژمنی ڕەوتن ، لەسەر پلەی شەخسی من دوژمنم نیە .. ئەوەیش بیەوێ زیان بە کەسێکی بەناوبانگ بگەیەنێ لە شوێنیا قانوونی عیراق‌و دەستووری عیراق سەبری ئەمە دەکاو ئێمە بەپێی ئەم قانوون‌و دەستوورە دەجووڵێینەوە .. شتێکی ئاشکرایشە هەموو کاربەدەستێ ئادەمیزادەو لە وەڵامی ئەوەیشدا کە ئایا ڕەفتارێکم هەبوو ، من حەزم دەکرد رووی نەدایە ، چونکە هەموو ئادەمیزادێ دەبێ لە قۆناغی دواتردا بۆی دەربکەوێ کە ڕەفتاری‌وا هەبە دەبوو نەبکردایە ، بەڵام ئەگەر لە بڕیاری گرنگی سیاسی پرسیار بکەن من هیچ بڕیارێکی سیاسی گرنگم لە بیر نیە بەشیمان بین لێی .. ئەوەیش کە وامان لێ‌دەکا بەم جۆرە بین ئەوەبە کە ئێمە لە بنەڕەتدا بەشێکین لە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵی کە بریتی‌یە لە سەرکردایەتی‌یە حزبی‌یە بەرپرسیارەکان‌و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و هەرچەندە ئێمە دەورێکی سەرەکی‌یان تیادەگێڕین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب‌و دەستووری عیراق ڕاوێژکردن‌و بڕیاری کۆمەڵ شتی بنەڕەتە تیایانا .

بەشی هەموو هێرشێکی ئێران تێکشکانە

بەرەتان بینی‌و ئەو سوپایی‌یانەتان بینی کە باسی جەنگیان بۆکردن .. ئێمە بە باوڕەوە دەڵێین کە بەشی هەموو هێرشێکی ئێران بۆ سەر عیراق شکانی خراپەو سەرکەوتنی سوپای عیراق‌و گەلی عیراقە ، وەك دەزنن ڕژێمی ئێران‌و ئەو هێرش‌بەرانەی کە ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەر خاکی عیراق تووشی زیانی نالەبار بوون لە هێرشەکانی ئەم دوایی‌یاندا .. و ئەم زیانە پڕ ئازارو کارەساتە گەورانەی کە تووشیان بوو تا ئێستا حەریکی لێکۆڵینەوەیانن بەپێی ئەو دەنگۆباسانەی کە پیمان‌گەیشتوون‌و هەر پێمان دەگەن لە بارەی سیاسی‌و سوپایی‌یەوەو جۆرەها بیروباوەڕیان لەم بابەتەوە دەرخستوە بە ڕادەیەکی وا دەستیان کردوە بە سەرزەنشتکردنی خۆ یا سەرزەنشتکردنی بەکتر لەسەرئەوەی کە هەوڵی بڕینی سنووری عیراقیان‌دا هەندێك لە چوارچێوەیەکی تەسکدا هیوای ئەوەی دەردەبڕی کە خۆزگا ئێران هەوڵی ئەوەی نەدایە لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢دا کە سنووری عیراق ببڕێ‌و بەوە قایل ببوونایە کە لەسەر خاکی خۆیان بمانایەتەوەو بە ئاشتی ڕازی ببوونایە بۆ ئەوەی نەختێ قەدریان بۆ سوپای ئێران‌و پاسدارانی شۆڕش بهێشتایەتەوە ، هەندێکیشیان ڕەخنە لەو ڕەگەزە عیراقی‌یانە دەگرێ کە لە ئێراندان چونکە زانیاری سەرتێکدەرو ناتەواویان دانێ لەبارەی بارودۆخی ناوخۆی عیراق‌و هێزی سوپای عیراقەوە .. بەشێوەیەکی گشتی سوپای ئێران نایەوێ شەڕ بەردەوام‌بێ‌و ئەنجامی شەڕەکانی ئەم دواییە لایەکی ئەم ئەنجامەمان بۆ دەردەخا بەم ڕێگایەدا .. هەروەها هەندێ لە سیاسی‌یەکان‌و پیاوە ئایینی‌یەکانیش بەپێی زانیاری ئێمە نایانەوێ شەڕ بەردەوام‌بێ پاش ئەوەی هەستیان بەوەکرد کە هیچ سوودێکی تیا نیە ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەنگوباسی وامان لایە کە لەم دواییەدا هەندێ کۆبوونەوەو بەیەك گەیشتنیان‌کردوە بەجۆرێکی تەسك یا فراوان بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی هێرش بردنەوەوە لە هەندێ ناوچەی هەڵبژێراوداو بۆ هەندێ نیشانەی وا کە لە نیشانەکانی پێشوو کەم نرختربن‌و هەروەها لەوە دەکۆڵنەوە کە لە کەرتی زیاترو لە شوێنی زیاترەوە هێرش‌بەرن بۆ ئەوەی توانای عیراق‌و مانۆڤەری عیراق وەك دەڵێن پەرژو بڵاوبکەن، بەڵام ئێمە بە وردی چاودێری ئەمە دەکەین‌و زانیاری‌یەکانمان هەڵەیان تیا نیەو ، ڕەگەزی سەرەکی هێزمان لەوەدایە کە لەسەر هەقین ، لەگەڵ ئەوەیشدا لە بارەی ماتریالیشەوە ڕەگەزی سەرکەوتنمان هەیە بۆ سوودی ئێمەو ئێمە هەمیشە هەوڵی پەرەپێدان‌و بەرەوپێش بردنیان دەدەین . لەمانە وردی ئەو زانیاری‌و توانای مانۆڤەرە کە هەمانە لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی ترو لە ناو کەرتەکان خۆیشیاناو لە هەموو کەرتێکیشدا لە کەرتەکانی شەڕ بەشی خۆیان ئیحتیاتمان هەیە بێجگە لەو ئیحتیاتەی کە لە سەرکردایەتی گشتی هەیەو ئێوە دەزانن ئێمە لە چەکی ئاسمانیداو لە فڕۆکەی سوپادا سەرکەوتووترین کە لە هیلیکۆپتەری جەنگاوەری چەکدار پێکهاتوە ، لەبەرئەوە هەر هێرشێکی تر لە ئائومێدی زیاتر هیچی دەستگیرنابێ . بەڵام لە بارەی پرسیارەکەتانەوە لەسەر بەیەك گەیشتنی ڕفعة اسدو شارۆی وەزیری بەرگری « ئیسرائیل » ئێمەیش دەنگوباسمان پێ گەیشتوەو ئاگادارین لەو لێکۆڵینەوەو نووسینانەی لەم بارەیەوە کراون‌و بێ‌ئەوەی گوێ بدەین بەوەی چەندە ئەم زانیاری‌یانەو ئەو نووسینانە تەواون وتمان پێتان ئێمە دژی هەموو هەوڵێکین ئاراستەی ڕێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستین بکرێ‌و ئاراستەی یەکێتی‌یەکەی بکرێ چونکە ئێمە لامان وایە جۆرە کاری واو بەو شێوەیەی کە دەکرێ دژی بەرژەوەندی ئەتەوەی عەرەبە . ئێمە دژی ئەمەین لە هەر ڕژێمێکی عەرەبی‌یەوە بێ ، لەبەرئەوە ئاشکرایە زیاتر دژی دەبین ئەگەر بە هاوکاری لەگەڵ « ئیسرائیل » دابێ .

بەخێربێن بەسەرچاو ، هیوادارم ئارەزووی تەواومان بگەیەنن لە بەردەوامبوونی پەرەسەندنی پێوەندیدا لە نێوان عیراق‌و ئیتالیادا بەو شێوەیەی بەڕێك‌وپێکی لە بەرژەوەندی عیراق‌و ئیتالیادابێ‌و بە گەلی ئیتالیا بگەیەنن کە دەمانەوێ ڕەگەزی ئارامی ڕاستەقینە بین لە ناوچەکەدا وەکە هەین‌و .. لەگەڵ هەموو لا دەوڵەتی‌یەکاناو دەوڵەتانی جیهاندا هەوڵی ئەوە دەدەین بۆئەوەی دەورێکی باش بگێڕین لە سەقامگیری جیهانداو ئەو پێوەندی‌یە نائاسایی‌یەی ئێستا لە نێوان دوو هێزە گەورەکەدا هەیە ئێمەو گەلانی جیهان نائارام دەکا ، و ئێمە لەگەڵ سیاسەتی داماڵینی چەکی ئەتۆمیداین بەتەواوی‌و لەگەڵ سیاسەتی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمیداین‌و لەگەڵ ئەو سیاسەتەداین کە داوای بەکارهێنانی ئەقڵ‌و سیاسەت دەکا لە جیاتی جەنگ‌و شەڕو لەگەڵ سیاسەتی ڕێکەوتنی هەردوو هێزە گەورەکەین‌و لەسەر پلەی پێوەندی هەمرو دەوڵەتەکانی جیهان لەگەڵ یەکدا .

بەخێربێن بەسەرچاو .. خواتان لەگەڵ

Institut Kurde de Paris

بەشی یەکەم

هەرچەندە ، هەموو دەولەتێك سەربەستە لە دیاریکردنی جۆروچۆنیەتی پەیوەندی لەگەل ولاتانی دراوسێو بێگانەدا ، بەلام چەند مەرجێکی بنەڕەتیو باو هەیە لەنێو دەولەتانی جیهاندا رۆڵێکی کاریگەر ئەبینن لە دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەدا ، لەوانە :ـ

یەکەم : ـ هەموو جۆرە پەیوەندییەکی ئابووریو دیبلۆماسیو رۆشنبیریو سەربازی پێویستە رەنگدانەوەی راستەوخۆی بەرژەوەندیگشتی هەردوو گەلەکە بێت نەك بە پێی خواستو ویستی کاربەدەستانی ئەو دوو دەولەتە چونکە لەم حالەتەدا پەیوەندییەکە ئەبێتە پاراستنی بەرژەوەندی کاربەدەستانی دەولەت بۆ ئەوەی لەسەر تەختی حوکمرانی جێ لەق نەبن .

دووەم : ـ هەموو جۆرە پەیوەندییەك بە گوێرەی رێکەوتنی مۆرکراو سنوورێکی تایبەتی هەیەو نابێ لە چوارچێوەی ئەو سنوورە بچێتە دەرەوەو بگاتە ئاستی دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەولەتی بەرامبەر .

ئەگەر بمانەوێ ئەم دوومەرجە ، لەگەل سیاسەتی دەرەوەی رژێمی سوریادا بەراورد بکەینو بگەڕێینەوە بۆ تاقی کردنەو سەرەتایەکانی پەیدابوونی ئەم رژێمە ئەوا چەندین بەلگە نامەی گرنگمان ئەکەوێتە بەردەست کە ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کاربەدەستانی سووریا لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەدا هیچ کاتێ خۆیان نەبەستۆتەوە بە دەستوورە چەسپاوەکانی سیاسەتی هاوچەرخو رێکەوتنەجیهانیەکان بەلکو لەجیاتی ئەوەی بەرژەوەندیو پاشەرۆژی گەلی سوریا بخەنە پێش چاو، لە روانگەی پاراستنی حوکمرانی خۆیانەوە سیاسەتی دەرەوەیان دیاریکردووە ، بەمەش نەوەك هەر زیانێکی زۆریان لە گەلی سوریا داوە بەلکو دووچاری دەیان

رژێمی سوریاو هەسەلەی کورد

سەلام

کێشەو گیروگرفتی بێ سەروبەریان کردووە .

ئێمە لێرەدا نامانەوێ یەك یەك پەیوەندییەکانی رژێمی سوریا لەگەل ولاتانی دەرەوەدا شیبکەینەوەو پەنجەبانبۆ رابکێشینو لەگەلبەرژەوەندیو پاشەرۆژی گەلی سوریادا بەراوردیان بکەین ، هەروەها نامانەوێ دەوری ناهەمواری ئەو رژێمە بخەینە روو لەلێدانی بزووتنەوەی شۆرشگێڕە فەلەستینییەکانو کارەساتە جەرگبڕەکانی ئەم دووایەی لوبنان بەلکو هەول ئەدەین رەفتارو بۆچوونی کاربەدەستانی رژێم بەرامبەر بە مەسەلەی کورد شیبکەینەوەو چەند راستییەکی گرنگیش لەم رووەوە بخەینە پێش چاو .

پێش هەموو شتێك ، ئەوەی ئاشکرایەو نکولی لێناکرێتو لە هەموو جیهاندا دانی پیادانراوە ، بوونی نزیکەی ملیۆنێ کوردە لە سوریادا ، ئەم ژمارەیەش ئەگەر تۆزێ زیاتر بێت یان کەمتر هیچ لە مەشرووعیەتی مەسەلەکە ناگۆڕێت کە گەلی کورد لە سوریادا بوونێکی سەربەخۆی هەبەو خاوەنی زمانو مێژووی تایبەتی خۆیەتی .

ئەم ژمارەیەش بە گوێرەی ژمارەی گشتی دانیشتووانی سوریا رادەیەکی مامناوەندییە .

هەرچەندە زۆری یان کەمی ژمارەی هەر گەلێك هیچپەیوەندییەکی نییە بە وەرگرتنی مافە رەواکانیەوە لە چوارچێوەی دەولەتێکی تردا کە لە چەند گەلێك یا دوو گەل پێك هاتووە بەلام نابێ ئەوەشمان لە بیربچێتەوە کە هەموو نەتەوەیەك ، لە هەموو کاتو شوێنێکدا ، بەبێ گوێدانە ژمارەیان ، پێویستە تەواوی مافە نەتەوەیی و مرۆڤایەتیەکانی پێ بدرێت کە ـ ئۆتۆنۆمی ـ فۆناخێکی گرنگو بایەخداری ئەو مافانەیە .

چاوخشاندنەوەیەك بەباری سیاسیو کۆمەڵایەتی گەلی کوردماندا لە سوریا لەگەل پرسیارێکی راستەوخۆدا بەرامبەرمان ئەکاتەوە : ـ

ئایا کاربەدەستانی رژێمی سوریا چۆن تەماشای مەسەلەی کورد ئەکەن بەگشتیو چەهەلویستێکیان نوواندوە لە خزمەت کردنو چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەدا ؟؟ ..

پاش دەرچوونی بەیاننامە مێژوویەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراقداو کۆتایی‌هێنان بە گیروگرفتە ئالۆزەکانی بە دوو مانگ بەیاننامەیەك لە لایەن کۆمەڵێ زرتەبۆزی سەربەدەزگا شرۆپرەکەی ـ رەفعەت ئەسەد ـ ەوە دەرچوو ، دەقاودەق تیایدا هاتووە : ـ

(دەرکردنی بەیاننامەی ١١ی ئادار لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە بریتییە لە ـ تەکرید !! ـ کردنی ـ شیمال ـ ی عیراق) .

ئەم وتەیەش هەڵویستی روونو ئاشکرای رژێمی سوریا نیشان ئەدات بەرامبەر بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراقدا کە بە رای ئەوان « مافی ئۆتۆنۆمی » بۆ کوردستان ، بریتییە لە « تەکرید !! » کردنی « شیمال !! » ی عیراق .

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە : ـ

(پێویستە حکوومەتی عیراق زۆر بە وردی چاو بەم هەنگاوە ـ ترسناك !! ـ ەدا بخشێنێتەوە پێش‌ئەوەی کار لە کار بترازێ چونکە بەیاننامەی ١١ی ئادار لەگەل رەوتی سیاسەتی عەرەبیدا ناگۆنجێو یەکێتی عەرەبی ئەخاتە مەترسییەوە) .

لە راستیشدا ، پێش بەیاننامە مێژوویەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ . بیروڕای‌رژیمی سوریا دەربارەی مەسەلەی کورد هەمیشە رووتو ئاشکرا بووەو هەرگیز لەگەل ئەوەدا نەبووە بە شێوەیەکی عادیلانەو ئاشتیخوازانە چارەسەربکرێت نەك تەنیا لە عیراقدا بەلکو لە هەموو کوردستاندا .

بێگومان ، رژێمێك هەڵویستی بەرامبەر تێکڕای مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت ئەوا پەنا ئەباتە بەر درندانەترین شێوەی تووندنەوەو چەوساندنەوە دەربارەی ئەو کوردانەی لە ژێر دەسەڵاتو سایەی خۆیدا ئەژین بەتایبەتی پاش ئەوەی دروشمی پووچەڵی « پشتێنی سەوز »ی بەرزکردەوە کوردەکانی سوریای لە جێگای خۆیان لەق کردو لەم ساڵانەی دووایشدا هەزاران کورد شناسنامەی هاونیشتمانێتییان لێ سەنراوەتەوەو بەمەبەش تووڕی کۆمەڵێ گیروگرفتی نارەوا هاتوون لە جێبەجێکردنی ئیشو کاری تایبەتی خۆیان لە دەزگاکانی دەولەتدا. سەرەڕای هەموو ئەمانە ، کوردەکانی سوریا بێبەشن لە بچووکترین مافی مرۆڤانە کە ئەویش مافی دووانە بەزمانی زگماکی خۆیان . لە لایەکی تریشەوە ، هیچ کاتێ هاونیشتمانییەکی کورد ناگەتە پلەیەکی بەرز لە دەزگاکانی دەولەتداو هەمیشە وەکو بێگانەیەك یا هاونیشتمانی (دەرەجەدوو) تەماشای ئەکرێت ، هەتا ئێستایش تاکە کوردێك لە کۆلیجی سەربازیو کۆلیجە گرنگەکاندا وەرنەگیراوە باسکردنی مافی مرۆڤی کورد لە سوریادا ئەوەك هەر قەدەغە کراوە بەلکو بە تاوانێکی گەورە ئەژمێردرێو هەموو ئەو کوردانەی گومانیان لێکراوە یاخود لە خۆیان ترساون بەرەوارەی ولاتانی دەرەوە بوونەو چەندین ساڵە لە دەربەدەریو ئاوارەیدا ئەژین .

سەرەڕای هەموو ئەمانە ، کوردەکانی سوریا لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیو ئابووری زۆر نزمدا ئەژینو بەردەوام کێشەو گیروگرفتی بێ سەروبەریان دێتە پێشو هەتا بڵێی لە بارێکی ئالۆزدان ، نەخۆیو نەبوونیو بێکاریو نەخوێندەواری دیاردەیەکی زەقو ئاشکرایەو لە لایەن چەند رێکخراوێکی جیهانیشەوە پەنجەی بۆ راکێشراوە .

کەواتە ، رژێمێك ئەمە رەفتارو پێشەی بێت بەرامبەر هاونیشتمانیەکانی خۆی ئەبێ هەڵویستی بەرامبەر سەرجەمی مەسەلەکە چۆن بێت !

ئایا رژێمە کەی (حافظ الاسد)و (رفعەت)ی

بڕوانە ل : ١١

شەیتانەکانی خومەینی

فؤاد حسین

بارودۆخی ناوەوەی ئێران ئەوەندە ئالۆزو بۆگەن بووە گەیشتۆتە ڕادەیەکی ترسناكو پڕلەمەترسی ، بەو چەشنەی بەربەستی خومەینیی کردووە کەوا رۆژ نەرۆژ ێك لە مزگەوتەکاندا بەخۆیو مێژەرەکەیەوە چەند سەعاتێك ڕاوەستێتو قسەی ئەلەقو بەلەق بکات بۆ ئەوەی کاشکا بتوانێت باری هێمنیو ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ ئێران ، هەر لەم بارەشەوە فەرمایشتو فتواکانی ئێجگار زۆر بوونە ، وای لێهاتووە ئەمڕۆ شتێك ئەڵێ ، سبەینێ شتێکیتر ، قسەی ئەمڕۆی لەگەل هینی سبەینێیدا جیاوازە بەلکو زۆرجار ئاگای لەخۆی نییە خۆی ڕەتی خۆی ئەداتەوەو قسە پێشوەکەی بەلەقو ناتەواو ئەداتە قەلەم ..

واتە مێشکی ئەم کابرایە بووەتە کەشکۆڵێ هەمرو دژبەیەکەکانو ناکۆکیەکان تیایا کۆکراوەتەوە..

جا ئەم گێرمەکێشەو تەنگوچەلەمانەی ئێران چەند زۆر بن ئەوەندەیتر باری دەروونیی خومەینی ئالۆزترو قورستر دەبێت .

لەنێوان ئەم ئالۆزیو ناکۆکیە سەیرانەدا شتێکی گرنگتر ڕەچاودەکرێت ، ئەویش بەکارهێنانی ووشەی «شەیتانەکان»، کە هەروەکو سێبەر پێوە لکاونو لێی دوورنابنەوەو لەگشت قسەو گفتو گۆیەکیدا بەوپەری نیگەرانیو خەفەتو شپرزەییەوە ناویان ئەهێنێ ..

ئایا نهێنیی ئەم « شەیتانان »، چین کەوا شەوو ڕۆژ ، خەوو خواردنی لە خومەینی حەرام‌کردوون ..!

ڕاستیەکەش هەر ئەوەیە چ « شەیتان »و چ «جنۆکە»و چ «دێو» هیچ بوونێکیان نییە تەنها لە مێشکی خومەینی خۆیدا نەبێت .

چونکە ئەم گەوجە تائێستا نەیتوانیوە گێرمەکێشەی ئێران چارەسەربکات ، هەروەها گەیشتۆتە ئەو بڕوایەش کەوا هەرگیز ئاوات‌و مەبەستە پیسەکانی نایەنەدی ، فرۆفێڵەکانیشی تیماری دەردی ناکەنو ئاگری دەروونی ناکوژێننەوە .. درۆو دەلەسەو قسەی سەیر سەیریش لای خەڵکی ئاشکراو ڕوونبوون جا لە کۆتاییدا دیسان گەڕایەوە بۆ «شەیتانەکان» کە تەنها لەمێشکی بۆگەنی خۆیدا لانەیان‌کردووەو جلەوی ئەقڵی بەدەستەوەگرتوونو بە کەیفی خۆیان رایئەکێشن ..

ئێستاش شتەکە تەشەنەی کردووەو لە سەرانسەری جیهاندا دەڵێن خومەینی خۆی شەیتانەکەیە ..

قسەکانیشی لەم بارەیەوە بریتین لە دەربڕینی ئەو هەموو ڕقوکینەو نیگەرانیەی کەوا لە دڵو دەروونیدا پەنگیان خواردۆتەوە . و ژیانی لێ تال کردوون . لەمانەش زیاتر کە دەنگوباسی سەرکەوتنەکانی سوپای عیراق دەبیستێتو .. دەبینێت ئەوا درێژەپێدانی جەنگ لەگەل عیراقدا هیچ سودێك بەئێران نابەخشێت و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی‌کە نەمانی خۆیو رژێمەکەی تیایا بەرچاونەکەوێت ...

جا ئەم گەوجە چۆن شێتو هەراسان نەبێت.. چۆن باس شەیتان نەکاتو شتی ئەلەقو بەلەق نەلێتەوە ..

گۆڤارو رۆژنامە

ژمارە «٨٧»ی بەیان

ژمارەی «٨٧»ی گۆڤاری « بەیان » کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیەو لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێت ، گەیشتە دەستخوێنەران ، لەم ژمارەیەدا ، چەندان باسو بابەتی گرنگی ئەدەبیو رۆشنبیری بڵاوکراوەتەوە . لەمانە :

● **تۆماری جەنگ :**

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی هەڵویستی تاوانبارانەی رژێمی حافظ اسد ، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی جادووگەریەتی خومەینی ، بەرهەمی ئەدەبی جەنگ « ئالای عیراق »و «تۆلە»و « سەرکەوتنی عیراق » کە براەران : ابراهیم علی محمودو اسماعیل گەیلانیو فؤاد حسینو غریب رۆوف بەشداریان تیاکردوە .

● **رەخنەو لێکۆڵینەوە :**

لەم بەشەدا د. کردستان دەربارەی حەبیبەکەی نالی نووسیویەتیو مامۆستا محمدی مەلا کریم «هەڵەی راستەقینە»ی نووسیوەو لەگەل چەندان باسی تر .

● لە بەشی چیرۆکدا : د. کاوس قەفتانو صلاح شوان بە چیرۆکی کوردی بەشداریان کردوەو غفور صالحو شوکت عبدالله بە چیرۆکی وەرگێڕراو .

● **کەلەپوور :**

دوو باس لەم بەشەدا بڵاوکراوەتەوە یەکەمیان محمود زامدار دەربارەی پیرەمێردو گوران‌و عبدالرقیب یوسف دەربارەی فەهمی شاعیر .

● **دوابەش لە گۆڤارەکە :**

بەرهەمی لاوانەو هەندێ چرۆی گەشاوەی ئەو لاوانەو ئەوانەی بەشداریشیان تیدا کردوە ئەمانەن (دلشاد عمر کاکی ـ دلژان زەندی‌ـ ناسکە جەلال ـ محمد نجم‌الدین ـ عثمان ئەشکەنجەیی) .

لەدوا بەرگیشو بەبۆنەی یادی کارەساتی گەلی تێکۆشەری فەلەستین لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا سیفەر ئەو یادەی کردۆتەوە.

ئەوەی شایانی سەرنجیش بێت (بەیان)ی ئازیز گشت مانگێ بەڕێکوپێکی دەرئەچێتو چاوی خوێنەرانی کورد ڕۆشن ئەکاتەوە .

Institut kurde de Paris

ئەم هەمی د ژانین کوباری کتێبخانا ل هەر دەڤەرێ ، یان باژێرەکی نیشانا بارێ روشەنبیریە ل وێدەرێ ، مروف د شێتبکەتە پێوەر بۆ پیقانا وێ رادەیا تێگەهشتنێ یا کوملەت لێ د چینن .

کتێبخانا مەلبەندی لە دهۆکی و کومەکا گیروگرفتا

ل سەر فێ تێگەهشتنێ کتێبخانەکا مەلبەندی و دەنگ گەدەزگەهەکا دێرین و مەزن د فی مەودایی دا د بیتە نیشانا ئێك سەر بۆ فێ چەندێ ، لەوا دارەتێ جهمایێ و پویتەپێ نەکرنێ بۆ کتێبخانا مەلبەندی ل دهوکێ ئەفروکە جهێ داخێیە و هەمی لا پێکڤە بەرایی یا هتەنێ د کەن . ژ بەر هندێ ئەم بغێ فەکولینێ رابوین و دا گفت و گوێ د گەل کاربەدەستێد وێ بکەین بهەمی ئاشکەراکرن و دەست نیشان کرن دەربارا گیروگرفت و ئەگەرێد وانا ، ئو دانینە بەر چاڤێد هەمی لا یێد هەڤبەندی د گەل هەی .

دەمێ ئەم د نێرینە حالێ فێ کتێبخانێ ئێك سەرە دێ زانین کو کەس چاڤێ خۆ نادەتێ ، ئو هندی ئەم مزرا خۆ تێدا بکەین چ باشیا تێدا نا بینین ژ بلی روقعا وێ یا مەزن . ڤێجا نهە دا سەر ملدەینە وا کوما گیروگرفتا ئەوێد کو بەرپسیارا کتێبخانێ (ماری شاڤول بنیامین) ئو هەمی کاربەدەستێد دی ژی هژمارتینە بەر مەو ئاخفتنا خۆ پێ دەست پێ کری :

● **ئافاهی نە ل دویف بارێ کتێبخانێ یە ، گەلەکێ بەرتەنگە .**

● **بەرپسیارێد پارێزگەهێ نزانن کتێبخانە هە یە یان نە .**

● **ل زفستانا گاز نینە، ئەگەر هەبیت ژی ترمبێل نینە پێ قەگوهزین ، ئو ل هاڤینا ژی باسارك د کێمن ، نهە مە دوو بتنێ یێد هەین ئەو ژی تێرا ناڤ ئافاهی ناکەن .**

● **مەزخاندنا پارا نینە بۆ کرینا کتێبا ، ئەگەر هەبیت ژی چ (عەردا) نا گریت .**

● **دولاب گەلەك د کێمن، جهێ کتێبا تێدا ناکەت ، کو ئەگەرێد سەرەکی نە و بەرناکەڤن .**

ئو جەخت کرن بۆ بەرپسیارێد کتێبخانێ مە ئەڤ دوزە ل بەر هندەك شاگردێد کتێبخانێ هلاڤێتن دا ئەو ژی هزرا خۆ دەربارێ بدەن ، بەهرا پتر ژوان دتبا بوون د گەل هزرێد بەرپسیارێد کتێبخانێ و هندەکا ژی ژوان لێ زێدەکرن وەکو جهێ کتێبخانێ یێ کێر نەهاتی . هندکا گوتی ئەم نەشێین بخوینین ژ بەر گرگرا ترمبێلا و هندەکا ژی گوتی ژ بەر بانگێ مەلای ل مزگەفتێ و هندەکا ژی گوت ژ بەر قیژقیژا قوتابیا ل خواندنگەهە برەخ قە . هەر وەسا هندەکا گازندە د کرن دەربارا نەبوونا ئامیرەتێد کشتوکالیێ بۆ فێرکرنێ ، ژ بلی قان گازند و گیروگرفتا ، تشتێ ژ هەمیا مەزنترن تێدا ئەو کشێ نەفسی یێ کو ئێکجار مروف هەستێ پێ نەکەت هەلبەت ئە قە ژی هەر ئەگەرێ وێ چەندێ یە .

براستی ئە قە هەمی درستە و یاوەیە لێ ئەز بهزرا خۆ د بێژم کو ئەگەرێ بەهرا پتر ژ قان گیروگرفتا هەر ئەو بخونە ، چونکو سێ کاربەدەست یێ ل وێرێ ئێکێ ژێ (ذەوقێ) روشەنبیریێ نینە و چ پسیارا لێ ناکەن ، ئەوا د فێتن پارێزگەر یان بەرپسیارێد دی تر بدیفە بن کا چ د فێت و چ نەفێت. لێ ئەم نابێژین کو ژ بلی وان کەسێ دی ژی دەورێ خۆ نینە د فی دارەتی دا ، هەمی تشت یێ ئاشکەرایە . ل دوماهیا فێ چاڤپێکەفتنێ ئەم سوپاسیا کاربەدەستێد کتێبخانا مەلبەندی ل دهوکێ د کەین ل سەر وان گازندێد راست یێد کو ژ مەرا ئاشکەرا کرین و هیڤی دارین بزاڤ خۆ پر کەن و پتر هەو لێ بدەن ، هەر وەسا داخوازا پارێزگەها دهوکێ د کەین بۆ پشتەڤانیەکا ژ دل و ب ئوبال بۆ فێ کتێبخانا سێوی. هیڤی دارین ژی ژ هەمی شارد و خەم خورێد روشەبنیریێ ل پارێزگەهێ گوهێ وان ژی لێ بیت و گرنگیێ بدەنێ پێخەمەتی خزمەتکاریا کاروانێ روشەبنیریێ ل دەڤەرێ .

رمضان عیسی

نووسینگەی دهوك

یەکیەتی زمانی کوردی

شێوەمەد باڵەك

لەژمارە (٦٨٦)ی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژی ١٩٨٣\٥\٢٦دا گوتارێکی د. نافع ئاکرەییم خوێندەوە کە تێیدا ڕەخنەی لە (داب و نەریتی) د. شوکریە ڕەسول گرتبو . لە نۆرینگی گوتارەکەوە ڕەنیشی لە دەسکاری کردنی بێ باکانەی وشە هەڵاویتبوو لە لایەن هەندێك نوسەرەوە .

من ــ نوسەری ئەم دێڕانە ــ حەقم بە نێوانەی دکتۆری و دکتۆرێ دانیە ئەوەی گەرەکمە لێی بدوێم: کردنە (و)ی پیتی (ف)و مەسەلەی (حەساسیەت)ە . ئەو بوونی حەساسیەتەی کە د. نافع لێی دەدوێ کە نازانم مانایێکی تریشی دەدڵی خۆ گرتبووە یان هەر مانا ڕونەکەی مەبەست بووە .

بەشی هەرە زۆری لەپشت بەستن بە (خۆ)ی سەرە ڕۆوە پەیدا دەبێ تا لەهەر شتێکی‌تر وێجا با بێمە سەر لێدوانەکەم ، دەپێشدا لە پێویستی بە پێویستتر دەزانم بڵێم : ئەو پێگاوەی نوسەرینە وەك د . نافعی و کاك عبدالرقیب یوسفی دەیهاوێن بۆ بە (یەك)هێشتنەوەی زمان ، کە مەرجی بنەکانی‌ی لە دەست نەچونی ناوی نەتەوەیە بۆ هەر نەتەوەیێك پتریش ئەگەر ئەو نەتەوەیە لەم ناوەڕاستەی ڕۆژ هەڵاتەدابێ ، هەنگاوێکی پیرۆزەو پێویستە بە چاوێکی گران و سەنگینەوە تەماشا بکرێ ئێك لەبارێ خۆم ئەگەر بمکەنە سەرپشك ناز ناوی نەتەوە پەروەر دەدەمە هەر کەسێکی بە کاری گەیاندنەوەئێکی زمان هەستێت . دیارە نیازی دکتۆریش لە بەکرمانجی باشوور(١) نوسیندا هەر ئەو گەیاندنە ئێکەو نواندنی گیانی پێکهێنەرانەیە دەنابێ گومان زاراوەی ناوچەی خۆی چاکتر دەزانێ لە ئی هەر جێیەکی دی ، دەبێ مرۆڤی جەرگسۆزیش هەر ئێکەو بە پێی توانای خۆی بەربەرەکانێی ئەو کارە لاساریە بکات کە هەندێك نوسەر پێی هەڵدەستن ، بەوەی کە ئامادەنین لە کەرێ شەیتانی و زاراوەی ناوچەی خۆیان بێنە خوارێ بەقیسی بەچەند وشەیێکیش . لە گاڵتە بەدەر زۆر کاری گەورەو تەشەنابویی بەتەنێ چەند کەچە مرۆڤێك خولقاندویانەو چابوونیشی زۆری نەمابوە بگاتە سەرمینی مەحاڵ ، کەوایە با (گرێیێ دەستان نەهێخینە دداناں(٢))و ئاگاداربین کە (بەردەکی نەزان بیهاوێنە گۆمێ بەسەد زانای دەرنایێ)(٣) دەربارەی ئەو وشانەی کە پیتی (ف) یان دەگەڵدایەو هەروەها زۆر وشەی تریش کە هی کرمانجی‌ی باکوورن و دەگەڵ کرمانجی‌ی باشوور ڕێکناکەون و بە گرژایی دەناو ڕستەکانـدا دیار دەبـن یان ئی باشـوورن و دەگەڵ شێوەی باکوور وان ، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ : لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا تیزماڵە ناوچەیێك هەیە دەکەوێتە نێوان ناوچەی هەردوو شێوە زمانەکەوە . دانیشتوانی ئەو تیزماڵە ناوچەیە لە ڕوی شوون و ڕەوبەتەوە باکووری‌یشـن و باشووری‌یشـن یاخـود دەتوانین بڵێین هیچیان نین هۆزو ئاوایی واش هەنـە لە ناوچەی ناوهاتوودا دانانیشن ، بەڵام سەر بەشێوە ئاخاوتنی وانن . وەك هەرکی و زراریەکانی کوێستانێ ، ئەو دباردەیەی بڵاو بوونی زاراوەکان و پاراستنیان لە لانی خاوەنینە زاراواکەیەوە شتێکی زۆر بەرچاوە لە سەرتانسەری کوردوستاندا . خەڵکی گونـدی (سێ گردکان)ی ڕۆخ کۆبێ خۆ بەخـۆ بە شـێوەی (لوڕ)دەدوێن (شارۆشی)یەکان لە پشـدەرێ ئاکۆیان هەندێك وشـەو (وەزارگرتن موستەلەح)ی کوردی و بێگانە بەکار دێنن وەك :

قاتخ : ڕۆن . قەوڕلە : چاو . بایس : باحیس، هو ، قایسیلە ، قاشوێ : کەوچـك . لەبەرەکـی چـونکـە .

حاقێلەو ماقێلە : داروبار ، کەرستەی کێڵان بە هۆی ولاغەوە .

ئەو وشانەی سەرەوەم لە خەڵکی هیچ ناوچەیێکی وا گوێ لێ نەبوون کە بیری بۆ بچێ پێوەندی بـە شارۆشیایەتیەوە هەبێت . لە ناو ئەو فەرهەنگڕلانە دا کە ماموەستا مەلا شوکر بۆ کتێبەکانی کوردی‌ی عروسیات نوسـینی هەندێـك وشـەم بـە سـەر گرتوونەتەوە لە وانە ئەوەی وەبیرم مابێ :

« قاتخ : ڕۆن » « ئەیلەقـی : ئەلحەقـی »بن وشەی شارۆشیایەتیم زۆر لە بەر نین و نیازیشم وانیە لەم نوسینەدا بە وردی بەراوردیان بکەم و وەدوای لێ کوتانەوە بکەوم بابەتی باسەکەش‌نیە دەنا بیرم وا بۆ دەچێ کە ئەم زاراوالەیـە پێوەندیێکی نزیکتری هەبێت دەگەڵ ئەو شـێوە زمانەدا ــ کوردی‌ی حروسیات ــ. جا ئەو تیزماڵە ناوچەیەی باسمان کرد کە بۆتە کێڵێ تخوبی لە نێوان هەردوو بەشی سەرەکی کرمانجەتیدا گەایێك کاری گرانی زمانی بـۆ ئاسان کردوین . ئەك هـەر وشـەی قەڵەمڕۆیەکانی سـۆران و بادینان و موکریان و شـەمزینان بەڵکو وشـەی زۆر ناوچـەی تریشـی لە کوردوستاندا بۆ جۆش داوین و لە ناو قاڵێکدا دای‌ڕشتوونەتەوە ، کە پڕ بە پێستی زمانی ئێکگرتووی کوردی بن. تاوەکو گوڵی وشەی خۆڕسکی کێڵەشین و هەڵگوردو باکوری شنۆیێ و گوڕەزو تاد .. هەبن ، بۆچی بە دوای گوڵە لابڵۆنی ڕستەی بە زۆر ی تێکەڵ کراوو لە بەر گوێیان ناخۆش‌دا بگەڕێین ؟ ئێکێك لەو وشانە وشەی « مرۆڤ »ە کە ئەم باسەی لەسەر هەستاوەو لەو ناوچانەدا بە « مرۆ » وەدەری دەبڕن ، دەربارەی «ف»ی مرۆڤ من ئەوباڵە هەڵدەگرم کە کەس ئەیقرتاندوە ، لە خۆیرا لە ناوچە تخوبیەکەدا بزر بووە ، وەك بڵێی بە ڕوباری گەلی عەلی بەگی‌یدا چوبێ !! شایێدیشم خرخەڵکی ناوچەکەن وێجا ئەگەر خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردوستان لە مـەردمو مەرفو پیاگی‌ی(٤) خۆیان خۆش بـوون موکـریان و سۆران و بابانیش وازیان لە پیاوی خۆیان هێنا ، با د. نافعیش هێندە پێ لە سەر مانەوەی (ف) دانەگرێت لـە هەمـوو وشـەیێـك‌دا « وێجا » و « ئێجا »و هاوجۆرەکانیان هەر بەم گوێرەیە ڕوگۆڕبوون «ف» بۆتە «و» «ئ» تاد ... بۆوشەی ئەوینیش گوێم لە خەڵکی سەر بە زاراواو ئاخاوتنی ڕوانـدز بـووە دەکاری دێنن وەك گوندی دەرگەلەی باڵەکایەنی بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من لێی بە گومانم کـە «ئەڤینی» لە خۆیرا بوو بێتە « ئەوینی » چونکە خەڵکـی ئـەو ناوچانە خڕ ، لەوێوە بگرە تا دەگاتە سنوری زاراوا بابانیەکان بەرامبەر وشەی « ئەوین » «حـەز لـێ کـردن » دەکـار دێنن بـۆ لێـك‌کـردنـەوەی پیرۆزی‌و نـا پیرۆزیشـ لـە ئـەڤینداریـەکـەدا حەز لـێ‌کـردن بـۆ ڕاسـتی‌و حـەز لـێ‌کـردن بۆ ناڕاستی ، یان وشەیێکی تری گەلابی کە ناڕاستی بگەیێنێت دەکاردێنن . خەڵکی ناوچـە ناو هاتووەکان نازانن دڵداری‌یش مانای چییە ؟ دەکاری دێنن بەڵام بە پتونی بەرامبەر وشەی « هەوەسبازی » ئەوەستێت وشەی « خۆشەویستی » بۆ ئەو مەبەستانە کە وەکو ناوێك بەکار بێت‌و چەندوچونی عەشـقەکەی پـێ بناسرێتەوە من بە وشەیێکی وەرگێڕدراوو ناڕەسەن‌و ناپەسندی دەزانم : لە کوردەواریدا بچیە هەر ماڵێك بە کابرای خانە خوێ بڵێی ژنەکەی تۆم بە قـەد گیانی خۆم خۆشدەوێ ، خانە خوێ زۆری پێ خۆش دەبێ‌و باڵی پێ بڵند دەبـن ، بەڵام کـە بڵێی حەزێی لێ دەکەم : ئەگەر بە زیندوەتیان لە بەر دەسـتان قوتار بووی ، ئەوە خوای لە ئەبوێ داویتەوە .

کەچی لە شارێکی وەکو سلێمانی‌دا ، کارەکـە وانیە « خۆشەویستی » وشەیێکی دڵداریانەیە . دیارە ئەوەش لە دەمی هەڵاوێردنی وشە بێگانەکان لە نـاو زمانی کوردیدا کـە تێماون بۆ وشەیێك وشەیێکی واتا نزیکیان لە جێی وشە هەڵاوێردراوەکە داناوە .

ڕەنگە ئەم بەم لاو بەو لادا ڕۆیشتنەم لـە نوسیندا شـتێکی نا لـەبـەر دڵان‌و پێچەوانـەی هەلومەرجی ڕۆژنامەنوسی‌ی بێت .

بەڵام بۆگە کردنی باسـو لادانی لایێکی یـان پتری ، لە سەر سۆنگەی دڵدا کەوتنی خاوەن باس تەواو دەبێت . بێینەوە سەر پێڕێی باسەکەمان . (و) لێوەشاوەیی ترە بۆ ئەو شێوەیە کە ئێستا پێی دەنوسین‌و بۆتە ساچمەڕێژی بناغەی زمانی ئێکگرتووی دوا ڕۆژ .

لەوە بترازێ مـن (ف) بە پێتێکـی زۆر ڕەسـەن‌و خۆڕسك دەزانم لە ناو خرزمانی کوردی‌دا : لـە چەند درکاندنێك ورد بەرەوە لە سەرەتاوە کە منداڵ فێریان دەبێ لە هەر ناوچەیێك‌دا . زۆرربەیان پیتی (ف)یان دەگەڵ دایە باوەکو خەڵکی فراقەو فراژووتری ئەو ناوچەیەش (ف) یەکە کەمتریان هەر دەکارنەهێنن بـۆ وێنـە

بقە : ئەو شتەی منداڵ لێی دەترسێ .

ثقە : بۆ داواکردنی‌شت ئقف : لە کاتی تەنیایی‌دا بە دەم گاڵەگاڵو خۆ حاواندنەوە بە درێژی‌و لـە شێوەی گۆرانی‌دا دەیڵێن‌و دەیڵێنەوە . پقە ، پفە : بۆ داواکردنی شێو ، چێشت.

لە تەك ئەم پینەش‌دا پیتی تر هەن سەرەتایی‌و تەبایی بن . بە کورتی‌و بەڕای خۆم ئەو (ف)یەی لە خۆڕاو بە گۆڕانێکی خۆ ڕسك بووبێتە (و) بـا هەر بە (و)ەتی بمێنێتەوە با وەکو لە هـەرێمێکی بچوکیش‌دا بووبێتە (و) چونکە هەست بە گرژایی‌و زقایی (و) ەکە ناکرێ ، لە ناو ڕسـتەی زمـانـی ئێکگرتووی کوردیدا ، وەك لە (ف)ەکەدا هەستی پێ دەکرێ .

ئەو (ف)یانەی کە دەگەڵ ناودان یان سروشتیان وایە کە ئەگەر بکرێنە (و) وشەکەیان **تێکدەچێت** ئەوە با هەر (ف)ین ، ئێستا با لە ڕوی چـەسپانی پیت دەناو وشەداو وشەدەناو ڕستەدا سـەیرێکی ئەم دوو دێڕی‌یەی سەر وەستای وەسـتاینە ڕەنگڕێژی بناغەی زمانی ئێکگرتووی کوردی هۆنەر عەلی هەریری بکەین ، کە چۆن وەك ڕەشـبەڵەکی‌و بەڵەکوڕەش ڕیزی کردوون‌و ناتوانین دباری بکەین کە کێژی ئەم زاراوایە قۆزترە ، یان کوڕی ئەو زاراوا کۆکترە . چارۆکی ئەم یەڵە بەفر تروسکەدارترە ، یان شاڵی ئەو قانگە ڕەشانگ لە قەدی سەبدزادەی تیرەك لە بارترە ؟

(پەریزادێ بەخێراتی)(١) (ئەسـەر)(٢)
(چاڤی)(٣) (دەمن)(٤) (شاڵا)(٥)
(بەچەزانی)(٦) (کەتۆی‌هـاتی ؟)(٧)
(بەدەنگی‌تۆقوخرخاڵا)(٨)

بەرێ‌خۆ بدێ شێعرەکە ئەوەندە لـە ترکزەو لەسەر پێیە زمانت دەـلێی چەکی‌ڕێزێیـە ئێخستراوەتە سەر ئێدەگ هەر کە ئێکەم وشـە دەخوێنینەوە ئەگەر تۆبزی لێ‌نەکەی زمانت بۆ ڕاگیر نابێ تا شێعرەکە دەبڕێ . ئەوە لە ڕوی ئێك پێیی‌و لەسەر زمان سووکی‌ی شـێعرەکە . لە ڕوی جوان ڕیزکردنی وشەکانیشـەوە هەر دەڵێی ڕوبەڕو دەگەڵ پەریزادی کەوتۆتە دوان‌و گفتوگۆیەکی ئاسـایی لـە گۆڕێیە نەك شێعر کە پێویستی بە وشە گەچڵاندن‌و مێشك لەقاندن هەیە ، جا با بزانین لەچەند شێوە زمان‌و زاراوا شێعرەکەی لێکداوە :

بڕوانە ل : ١١

سۆزی نیشتمان

چەندە جوانی نیشتمانم
قوربانت بێ ڕوح‌و گیانم
سرودەکەی ئازادیتە
شەهادەتی سەر زمانم
خۆشەوبستر لە ژیانم
وەکو قیبلە دەتپەرستم
ئاوازی مەلی ئاواتم
بۆ تۆیە هەر بیرو هەستم
خۆشە ئاوی ڕوبارەکەت
جوانە گوڵزارو باخەکەت
بەهەشتی ئەم جیهانەیە
دیمەنی دوڵ‌و شاخەکەت
مشتێ لە خۆڵ‌و خاکەکەت

نایگۆڕم بە مولکی جیهان
با بمکوژن لەت لەتم کان
بە فیدات بێ ماڵ‌و ژیان
شیعرەکانم هەڵدەواسم
لە سەر ڕێگای لاوەکانت
بەڵکو ببێتە مەخشەڵێ
بۆ تێکدانی داوەکانت
سەرپۆپەی هیوای ژیانم
گەل لە خەباتا سەرکەوێ
تۆش ئاڵاکەت ئەی نیشتمان
هەر بە بەرزیەوە دەرکەوێ

ئەنوەر زەهاوی
خانقین

کە ئەسپی تەڵەبێك "ئەگای" ... نابێ ئێمە "کەبابی" ڕێ خۆش بوون بخۆین

ـ باوکی یادگار ـ

لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری کاروان‌دا نووسەرێکی لاو دەربارەی وەرگێڕان‌و بنەماو مەرجەکانی وەرگێڕان ووتارێکی نووسیوە ، پاشان هاتووە ڕۆمانی بەکوردی کراوی (خەندەلێو)ی لەگەڵ دەقی عەرەبی لێوەرگێڕاوی بەراوورد کردووەو لـە ئەنجامدا چەند ناڕێکی‌و چەوتییەکی دۆزیوەتەوەو یەکێك لەمانە ئەوەیە کـە ڕستەی «کبابکم فرس الحظ» بە هەڵە گراوە بە کوردی‌و لە جیاتی گلانی ئەسپی بەختکە (کبابکم) لە (کبابکبو)و (کب) پێکهاتووە بووە بـە(کەبابی ئەسپی بەختتان .. منیش کە دەمەوێ کەمێ باسی‌وەرگێڕان بکەم ناونیشانی ئەم چەند ووتەیەم لـەوڕستەیە وەرگرتووە !

بە ڕاستی ئەم گلانە کارێکی سەرنج ڕاکێشەو وا لـە پیاو دەکات کەمێ لـە باری ئەدەبی‌و لە خۆی‌و لە خەڵکەکە ڕابمێنێ ، ئەگەر سەرپێییش بێت دەست بۆ سەنگـەو تەرازوو بەرێت‌و بکەوێتە هەلسەنگاندن‌و دووبـارە کێشانەوە .

ئەگەر چاو بە بـاری ئەدەبدا دەخشێنین دەبینین نووسەرە لاوو تـازە بێکەیشتووەکان هەر کـە سەرەتا چەند دێڕێـك دەنووسن گورج مل دەنێنە بەر ملی وەرگێڕان ، زوربەی جاریش پڕکێشیی شیعـر دەکەن .

هەروەکو کاری وەرگێڕان کارێکی ئێجگار ئاسان بێت‌و لەو ئاسانتریش شیعـر وەرگێڕان بێت .. ئەمەش وەنەبێ ڕازێك بێ بیدرکێنم ، بەڵکو هەموومان دەیزانین‌و دوور نییە خۆشمان بـەم ڕێگەیەدا چووبین هەر بـەم جۆرە ئەگەر سەیری پۆستەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکەین ، ئەوا بە دەیان‌و بـە سەدان مادەی وەرگێڕاوی سـەوزو سوورو فرە بابەت دەبینین .

هەر چەند هاوار دەکرێت ، بێ سوودە کەس گوێی لێ ناگرێت ، ئیتر ئەگەر کـارە وەرگێڕاوەکەی بـۆ بـڵاو نەکرایەوە لای وایە کۆسـب خراوەتە ڕێی پێشکـەوتن‌و ناو دەرکردنی ، یان مافـی ڕەوای خۆی پێ پەست کراوە.

لاوان‌و تازە پێگەیشتووان بە هەر حال ، بەڵام ئەوانەی کە چەند هەنگاوێکیان لـە ڕێگەی دوورو درێژی نووسین بڕیوەو لە جۆرێ لـە جۆرەکانیدا بەهرەبەکیـان نواندووە ، ئەوان بۆچی وا بە پەلە بەم لاو بەو لادا پـەل دەکوتن‌و شان بە وەرگێڕان‌دا دەکەن ؟.. ئیتر ئەوەی لـە چیرۆکدا کۆمەڵێکی پەسەندی بڵاوکردەوە ملی وەرگێڕانـی شیعرو موسیقا دەگرێـت‌و ئەوەی دیوانە شیعرێکـی وێچووی چاپ کرد ووتـاری ڕەخنە بابەت‌و لێکۆڵینـەوەی فەلسەفەیی وەردەگێڕێـت . ئەوەیش کە چەند پارچـە پەخشانێکی نوێ کـردی نووسی دەچێتە سـەر وەرگێڕانی ڕۆمان‌و شانۆیی .

دەچن شیعری پۆشکین‌و شکسپیر‌و گۆتەو هۆگـۆ وەردەگێڕن ؟ لەوەش بـێ خەمن کە شیعرەکە چەند جار دەستاو دەستی زمانانـی کردووە ، یان چیرۆکەکە لە چ مەلبەندێك‌و ژینگەیـەك هەڵقولیوە . هەروەها لایـان گرنگ نییە داخوا شارەزاییان لە ئەدەبی ئینگلیـزی‌و تایبەتییەکانی شێـوازی شکسپیر هەبێ باشە یان نا؟ یان تەنانەت ڕۆشنبیـرە هاو لاتەکانی پوشکین تا چەند لە هەموو شیعرەکانی دەگەن ؟

زۆر کەس کاری وەرگێڕان بەرێوە دەبەن ، بەڵام سامانی زمانزانییان لە زمانـە دووەمەکەی دەقە ئەدەبەکەی پێ وەرگێڕدراوە بەنموونە کە زۆرتر زمانی عەرەبییە کۆك نییە ، ئیترچ دەربەست‌و بە خەمی ئابرای وەرگێـری عەرەبی کەوا چەند مێشکی خۆی گوشیوەو ئارەقـی ناوچەوانی سڕیوەتەوە تـا کیتابەك یان ڕستەیەکـی لێکدراوو ئاڵۆزی لە زمانـی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە ،یان دەربڕینێکی لە زمانـی فەرەنسییەوە ڕام کردووەو لە عەرەبیدا بەرامبەرەکەی دەست نیشان کردووەو بە هەزار حال قالبێکی بۆ دروست کردووەو تێی ترنجاندووە ..ئایا چەند چەسپە ..یان چەند لەقە .. ئەوە باسێکی دی‌یە هی تریش هەن بە شان‌و پیلان شەنەی وەرگێڕان حەوا دەدەن بەڵام کەرەستەی زمانزانـی‌ی کوردییان تەواو نییـە ، هەزارەها ووشەی جوان ووئەی نایاب هەیە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن یەکێك بێ لە دەموزاری خەڵکیان وەربگرێت‌و بیـان گۆیزێتەوە ملوانکەی مرواریی زمانی نووسین‌و وەرگێڕانی ڕۆمان‌و چیرۆکان . کەچی لە باتی ئەوان جۆراو جـۆر ووشەی دەستکردو بیانـی‌و سواو بە کار دەهێنرێت !

برابنە ئەگەر زانیومانـە وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییە ، دەبێ چاکیش بزانین زمانی عەرەبی زمانێکی ئاسان نییەو ڕێزمانی پەلو پۆدارو ووشەی هاو واتاو هاو شێوەو فـرە واتای زۆرە زۆر ووشـەو زاراوەی وا هەیە بە هـۆی فەرهەنگی گشتی‌یەوە کاکڵی ماناکەی بە چاکی دەست پیاو ناکەوێ هەتا ناکاداری مەیدانی نایبەتی‌ی بە کار هێنانـی ووشەکە نەبێت ، ئایا لـە شەرعە یان لە تەفسیرە یان لە ریزمانە یان لە شیعـرە ؟ هەروەها ئەگەر ئاگـاداری جۆری ڕەوانبێژی‌و چەژگەی ئەدەبی عەرەبی نەبێت .

کە ئەمانە باس دەکەیـن ، وەنەبێ خوانەخواستـە تانچ‌و پلاری ناڕەوا لەم برا یان لەو برادەر بگریـن ، ئەگینا ئەك هەر ئـەوەی (کاروان) بەڵکو بە دەیـان هەڵەی تەرجەمەی لەوە سەیر تر ڕەت بووە کە وەرگێـران خۆیان بە عەرەبی زان ، یان کوردی زان زانیوە ، بەڵکـو ئەمە بە دەرفەت دەزانم بـۆ ئەوەی سەرنجی نووسەرانـی بەرێز ڕابکێشم تا بێ فیزانە توانا‌و دەسەڵاتی خۆیـان هەڵبسەنگێنن‌و ئەو بەهرەیەی هەیانەو بەو چەند شارەزاییو ئاگاداریەی دەستگیریـان کردووە واز نەهێنن ، تا بـە ئەواوی کەرەستەی کاریـان ئامادە نەبێت دڵینا نەبـن‌و نەکەونە پەنجە بازی لەگەڵ شاکارەکانـدا .. دووبـارە دەست بـۆ سەنگ‌و تەرازوو ببەرنەوەو بە پێی شارەزایی‌و بەهرەی خۆیان لە مەیدانـی چەشنە ئەدەبییەکاندا خۆیان تاقی بکەنەوە .

هەتا دەتوانن وەرگێـران کەم بکەنەوەو خوو بدەنـە بەرهەمی خۆکردو ڕەسەنـی کوردەواری .

مـن لەو بڕوایـەدام چیرۆکێکی خۆماڵی لە لایەن ووردەو تایبەتییەکانی زمان‌و

بڕوانە ل : ٨

ئەزو ئەووجەڵك

نزار بەزاز

ئۆ هەڤاڵێ
پشتی چاڤێمن فتەکەتی
ل‌گەهشتنا سەرێ ڕێکا
پشتی دڵێمن تەسوتی
ناف‌ئاگرێ ئەفینێدا
شنیکا ژڕێکامن دەرکەتی ..؟!
پا هەڤاڵێ ..
کی دێ ساخکەت ڤی دڵێمن ..؟
زفرینت باوەریامن ..؟
ماژخونە وەبین گوتنێت مە
ئەوسۆزێت مە
کوپێلین خەلك مەژێك دیرکەن ..؟!
چەوا گوهێخو ددەیەوان
ئۆ من ژبیر دکەی ...
ئاخ ژتە ..!
تە نەهێلا چ باوەری
بژاڵەکر هرزا سەری ...
بەلێ پا ڤێچا ئەز چبکەم
نەشێم تە ژدڵێخو دیرکەم

●●●

ژبەرتە ئەف دنیا لمن تەنك بی
تژی خەم بی
ئۆ هەڤاڵێ
بوجی من تو ژبیرنەکری
وەختی خەلکی لۆمەکری ..
قەسەکری ..
مانەدزانی
کومالاتە یالناف دلی ...
وەسا هەڤاڵێ
من گوری‌کر بوتە
هەمی خوشی
من داتە تشتی تە خاستی
ئەڤچا ژبەر هندێ ئۆ جانێ
پێشکێش من دکەی .. ژبیرکرنێ ..؟!
هێدی‌بە جانێ .. هێدی بە
نێ ڕۆژێت تە ..
دێ دەمەکی لبەر چاڤێت تە
یێ ڤەشارتی دێ دیارکەن
دێ ڕاستی‌یێ لبەرتە ڕوون کەن
ئۆ دێ ژمن خازی وی وەختی
ئو هەڤاڵێ .. کۆ ئەز بزڤرم چارەکادی
بەلێ هێنگێ
فایدە ناکەت
نە پەشیمانی‌و نەهیڤی
ئەز نازڤرم ئەوی وەختی ..!
پشتی دل ژبەرتە ژکەستی

Institut Kurde de Paris

چۆن بۆیەکە مین جار

قوتابخانەی کچان لە سلێمانی کرایەوە

★ غەفور میرزا کەریم ★

تێ کۆشانی بێ‌ووچانی گەل کورد وەکۆششی بەپێزی ڕۆشنبیرانی هەر لەپاشماوەی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە ساڵەکانی بیست دا بۆ ئاڵدان بە گابەردی دواکەوتن و نەزانین ، دەدان بە ـ شەوەزەنگی نەخوێندەواری بێ‌ئاگایی ، ڕەوینەوەی هەوری چڵکنی داخری نامەردی ، لە پێناو فراوان‌کردنی ئاسۆی هیوای سەربەرزمان ، هێنانەدی بارێکی گونجاو خۆش‌کردنی ڕێگای سەربەرزمان و بەرزی‌ڕاگرتنی ئۆمەڵانی جەلادی بۆ بەشدارەبوون لە بارەگای ئازادیتی وەبەدەستهێنانی دا بەڕوونی و دەقی دیتەپێش چاو وەبیری ٠

ڕۆشنبیرانی کورد لەم‌بوارە مێژوویەدا ئەرکێکی پیرۆز ٠ دەرێکی بالایان لەبێ‌کۆشان و کۆشش لە پیدەی سەربەستی ئافرەت ، یەکسانی بوونیان لەگەڵ پیاوو لە بەرامبەردا بەکشتی‌وکردنەوەی دەرگای زانستی‌و خوێندن لێیان بەتایبەتی گیراوەو نواندوە بەجێ ـ هێناوە ٠

لەپاش تەقەلایەکی چڕوچالاکیەکی بێ‌وێنەوە لەژێر پاڵەپەستۆ ـی شەپۆلی‌مەلچوی بەنینی ڕۆشنبیرانی کوردا کاروانی نەسرەوتی‌زانیستی‌و خوێندەواری سەرکەوتنیکی نوی‌وئەستکەوتنیکی گرنگی پێکهێناوە بۆ یەکەمین جارلە مێژووی هاوچەرخی خوێندەواری کوردیدا لەمانگی نیسانی ـ١٩٢٦ـ لەلایەن دەزگای میری‌یەوەبریاری کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کچان لەسلێمانیدا دەرچوو ٠ بۆیە ئێمەش وا لەخوارەوە دەقی‌ئەو ئاگاداری‌یەی کە ڕۆژنامەی (ژیان) ساڵی (١) ژمارەی (١٣) ٢٢ نیسانی ـ١٩٢٦ـ بڵاوی کردۆتەوەئەنوسین ٠٠ وەئەیخەینە بەردەستی خوێندەواران :

مەکتەبی کچان

لە ئەعتباری ٢١ نیسان١٩٢٦ ڕۆژی چوارشەمە مەکتەبی کچان دەستی کردوەبە قەیدو قبولی قواتابی ئەوانەی حەزئەکەن کچەکانیان بخەنە مەکتەبەوە لە تەئریخی مەزکورەوەمو راجەعەت بە ئیدارەخانەی مەکتەب بفەرموون لەخانوەکەی ٠

[علی بگ فتح‌الله بگ]

وەکو لە ڕۆژنامەی ژیان‌دا دیتە بەرچاو کە ئەشێ یەکەمین بەرێوەبەری ئەم‌قوتابخانەیە خوشکە گوزیدە عزیز خانم بی ٠٠٠ چونکەلە هەمان ڕۆژنامە دا ژمارەی (١٣) لە لاپەڕەی یەکەم دا نوسینێك بەم ناونیشانەی خوارەوە بڵاوبۆتەوە :

بە قەڵەمی مودیرەی‌مەکتەبی کچان گوزیدە عزیز خانم نوسراوە ژنو تەئسیرانی لە حەیاتی مەدەنیەتدا ـ

دیارە خوشکە گوزیدە دەیەوێ سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەی کچان بەم‌نوسینە بەکەلك‌و بەنرخە بکاتەوە کە تیایا بە ئاشکرادەوری بالاو مەزنی ئافرەت لە پێناوی پێشکەوتن‌وسەرکەوتنی کۆمەڵگەی کوردا دەرئەخا ، هەروەها بایەخێکی‌گەورە بە خوێندەوارکردن‌و فێرکردنی ئافرەت ئەدا ٠٠ هاوارو داوا ئەکا لە گەلی کورد کە نەیەلن ئەم چرای‌زانستی‌یە کزبکرێ وەبۆخۆش‌کردنی ئەم بلێسە ئاگرە لە کۆشش کردن‌دابن وەئاواتە خوازە کە باوك‌و دایکانی کورد لە پشت ـ گرتنی ئەم دەسکەوتەو یارمەتی دانی هیچ دریغی‌یەك نەکەن وەهانی کچەکانیان‌بدەن تاکەلك لەم تروسکە زانستی یەو ئەم چاوگە پێش‌کەوتنە وەربگرن تا کاروانی شارستانیەت‌وخوێندەواری کورد هەرگیز لەڕەوتی پیرۆزی خۆی‌نەکەوێ وەبۆ هەورازی لوتکەی ئامانج تەکان بدات ٠

لە بەرنەوەی بینای‌مەکتەبی کچان پەرپووت‌و بێ‌کەلك بووە لەگەڵ ئارەزووی خمۆپێ‌گەیاندن‌و سەرکەوتن‌و پێشکەوتنی قوتابیەکاندا نەئەگونجا بۆیە ڕۆشنبیرانی کورد بۆدابین‌کردنی جێگایەکی تایبەتی باش کەوتنە کۆشش‌کردن تا لە ئەنجام دا بە تەقەلای هەموولایەك‌ووەلەسەرووی هەموویانەوە مامۆستا ئەمین زەکی بەگ ئەم ئاوانەش هاتەدی ٠ بۆیە ڕۆژی ٢٠ ئەغسطوس ساڵی١٩٢٧ وەزیری مەعاریف مامۆستا ئەمین زەکی بگ بۆدانانی بەردی بناغەی مەکتەبی کچان هات بۆ سلێمانی بەم‌بۆنە یەوە ڕۆژنامەی ژیان ساڵی دوو ژمارە ٧٩ لە ٢٤ ئەغسطوس ١٩٢٧ لەسەر ووتاردا بەناونیشانی ٠

بە مناسبەتی دانانی‌بەردی بناغەی مەکتەبی کچانەوە مەراسیمی ئیحتیفال

ووتارێکی بڵاوکردەوە کەوائیمەش بە کورتی‌و پوختە ئەیخەینە بەردەستی‌خوێندەواران ٠

ڕۆژی شەمە کە ڕێکەوتی٢٠ ئەغسطوس ١٩٢٧ ئەکا بەسەرپەرشتی وەزیری‌مەعاریف پەروەر مامۆستا ئەمین زەکی بەك وەبە بەشداربوونی بەڕێز موتەصریف‌و کاربەدەستانی‌شارو ڕۆشنبیرانی کورد تێکڕا لەسەر بناغەی‌قوتابخانەی کچان کۆبونەوە لە پێشدا لەلایەن خطیبی‌مزگەوتی گەورەوە وتاریکی بە نرخ خوێندرابەوە کە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز حەدیسی پێغەمەری (درودی‌خوای لێبێ) پیشانی دا کە پیاو وژن پێویستە بەیەك‌چاو تەماشا بکرێ لە کۆمەلکە دا ، وخوێندن‌و فێربوون بۆهەر دوو لایان پێویستە باشان مامۆستا ئەمین زەکی‌بەگ بەدەستی پیرۆزی یەکەمین بەردی بناغەی ئەم‌بینایەی دانا ووتەیەکی بەنرخی کورتی جوانی‌خوێندەوە ، تیایا بایەخێکی زۆری بەکردنەوەی ئەم‌فێرگایە داوە سوپاسێکی زۆری ئەو کەسانەی کرد کەلەکردنەوەی ئەم قوتابخانەیەدا بەشداریان کردوە ، لەدوایدا لەلایەن بەڕێز فائق زێوەرەوە وتارێکی پوختخوێندرایەوە کە تیایا دەڵێت: بەهۆی دانانی بەردی بناغەی‌مەکتەبی کچانەوە لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیرو معارفەوەمەملەکەتەکەمان بناغەی معارفی تحکیم کرا ، ئەساسی‌مەدنیەت دانرا فەرشی تورقی‌و پێشکەوتن تیایاداخرا بەم چەشنە دوایی بەکۆبونەوەکە هێنرا ٠

لەدوایدا بۆ پاڵپێوەنان‌وهاندانی براوباوکان بۆ ناردنی خوشك‌و کچەکانیان‌بۆ قوتابخانەو فێربوون لەناو قوتابیانی قوتابخانەدا ئەم‌دەنگە دلێرەی خوارەوە بۆ کچانی هەژاری کوردەدرچوو ٠ تاکچانیش تەوقی نەزانین بشکێنن‌وبەرەو تروسکەی خوێندەواری بڕۆن‌و بەشداری‌خۆیان لە کاروانی پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی نیشتمان دابنوێنن ٠

ژیان ساڵی (٢) ژمارەی٨٧ ٢٥ تشرینی ئەول ١٩٢٧

تازە ووریا بو ئەوەی کوردئەی باوك‌و براکانمان ورد ورد لێکی‌بدەنەوە بزانن ئەم‌ساڵ لەگەڵ پار لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەرامبەر بکەن‌تێدەگەن چەند فەرق٠ وەکو ئێستا وریابونەوە ئەگەر بەلایەنی کەمەوە پەنجا ساڵ لەمەوپێش ئەم فکرەتان بکردایە وا لەژێر ئەسارەتدا نە ئەڕزانوە لە ژن‌و پیاو هەزاران فیدایی وەتەن خادیم‌و خادیمەی میللەت‌و معارف‌پەروەردە ئەکرا ٠

ئێستاش هەر باشە تعصب‌وە فکری کۆن تعقیب مەکەن بمان نێرنە مەکتەب‌لە کتێبی ئەجنەبیەکان قەدری وەتەن وەلەزەتی‌مەعارف تێ‌بگەن وەکەلکی وەتەنەکەمان بگرین ٠

چونکە ئەم کەلکە لەسەر ژن‌و پیاو کچ‌و کوڕ فەرزە بەناوی هەموو کچە هەژارەکانەوە عەرزم کردن ٠

مەکتەبی کچان ـ صنفی ٣ شەفیقە سەعید

بژارو ژیری و بهەژاری‌وخیزانی دژینا هۆ تەحل وترس تە قەتاند ٠٠ناقێ تەکرنە صادق چنکو دیارە دژانین دێ راست‌و درست‌بی دژیارا ٠

سەیدایێ لەیڕا ... ئەقە ساڵەك بوری

خۆدا ئەوسال بۆ دەمێ ئەڤ دونیایە رەحەت بۆو بێهناخو ئەدای ژ کوڤان و خۆن رشتنا شەرێ جیهانیێ ئێکێ ٠٠ ئەو سال ١٩١٨ بۆ دەمێ کەلا ئامێدێ دگەل رویبارو سویلاڤێ دگەلێ مزیرکاو سەرێ کیچێ پێشوازیا تە کرین بەلێ تو ژسالا زیرەك تربوی دەمن تە بەراهیکرای دکرو زوی مەزن بۆی‌و بارێ تە گران بۆ ٠٠ ما جوانیا مەتین‌و گارەی بۆجی‌یە مەکە سپنە ونهێل چاڤو هیڤێت‌خو بۆتە واناین ٠٠ بۆیە گەروك زمیل دوهوکی هەتا بەغدا وکرکیکێ‌و حلبجەو سولیمانیێ‌و هیت‌و زاخو دلدویماهیکێ لبەغدا ئاکنجی بوی دا شاکردو خاندەڤانا بەرهەڤ بکەی‌و پشکدارێ بکەی بڕێڤەچوونا رەسن‌و گەش ٠ ساخی‌و خاندنا کوردی لزانکویێ و لناڤ پەرپەرێت هەوار هێواو کەلفێزێ حەتا گەهشنیە بەبان‌و هاوکاری‌و روشنبیری‌نوی‌و کوڤارا زانکویا سولیمانیێ‌و کوڤارا کورێ کوردی‌و رادیوێ‌و تەلفزیونێ هەتا بیە بەرپرسیار لسالا ١٩٥٦ د پشتی هینگی تێهناتە بهندێ ژی نەشکەست‌و رابوێ بگەربانەکێ لناڤ کتێبخانێت جیهانێ دا لدور بنیات‌و تورێ کوردی بگەری چ لپاریس یان لسوید یان لموسکو یەریڤانێ تو رونیشتی دگەل سەیدایێ نەمر کامیرانی‌و عەرەبێ شەمو کوردییڤی‌و حاجی‌جندی هۆسا قوێ حازربوی لناڤ وان مەدا ٠٠ولناف رێزێت کردی بێبت ئەمری چەند گتێبت‌تە دساخن تەمسیلێت‌تە نڤیسین بۆ رادیوی‌و هەتانهۆزی دەنگێ‌تە نڤیسیناتە هەیە و دێ مینە ٠٠ باوەربکە سەیدایێ هێزا نزا چ بنڤیسم ٠٠٠چ بێژم ٠٠ پەیڤو هزر شەرمنن بیبکێت چاڤا تژێیە ژ گرێ‌و دل‌بکوڤانە ٠٠ چنکو تژ ٠٠ نڤیسەڤانێ پافژو دلسوز بوی هەتا ڕۆژێت دویماهیکێ ژی سەیدا و هەڤال بوی ٠٠ نکارم چ رێزێت دی بنڤیسم چنکو بیبرەڤانی گەلەکن دگەل تە وسوحبەت درێژبوون بەلێ پا ئەقە رێکامە هەمیانە بەلێ نە هەچێ‌دەرێت سافەو گەشە نافێ‌وی نەخێر ئەڤە نیشان‌و خەلاتەمللەت بساناهی وزوی بزوی نادەتە هەر کەسێ هەی٠٠وبدەست هەمی کەسێ ناکەڤیت ٠٠ بەلێ تو ئێکی یێ کو خەلاتێ مللەتێ خو تە هلگرتی ئەوژی ساخە نافێتە پاراستی‌یە جهێتە ٠٠ رێکە کتێب پەیڤتە بژومەو زاروکێت‌مەو نەڤیێت‌مە ٠٠ هزار رەحمەت لتەین سەیدایێ هێژاو چ زوی ساڵەك بوری٠٠

سکڤان عبدالحکیم

خۆشەویستم
بەر لەوەی ئەگریجەی رەشت
لە مەچەکی قەدی گیانم بئالێت‌و
بە برژانگی چاوەکانم دای بهێنم
پێم نەووتی :

هەر کەو ڕۆژەی لە دایك بووم
عەشقت فێری نەوەستانی « با » ی دەربەندەکانی کردم عەشقت حۆرەو
خزاوەتە ئەم دیو ئاسۆ

لەسووچێکی دڵی مندا گەورە دەبێ‌و پێ دەگرێ
ڕی ڕەچاوی ژان‌و مەرگی
دواهەناسەم لە گەڵ دەبڕێ
بەر لە ئێستا پێم نەووتی :
من منداڵی شیرە خۆرەم

بە دەرسرازەی ئاوریشماوی چنار نەبێ
بە لای لایەی باڵی خوری ڕووبار نەبێ
بە هێمنی ئاسمانی خەو باوەشی بۆ
ئەستێرەی پێروو و تەرازووی
ڕۆحی تەنیام ناکاتەوە
لە کۆلە ڕێی پێچاو پێچم
لەخشەی دڵە وێرانەکەم دەکێشمەوە
تۆ دەزانی ؟

وەکو کەڵو خەندەی هەتاو
وەکو کەوو کێوی ئاکۆ
لە سەر شانۆی سووڕی ژیان
ڕەگی ڕیشەم
تێکەڵاوی خاکاووە
لە ئامێزی تۆ بترازێ
بە دەم شنەی بەرە بەیان
چرۆی داری ئاواتەکەم پێ ناکەنێ‌و
دڵی شێتم کەس ناخوازێ
تۆ دەزانی
هاوڕێ‌یەتی من‌و دەزووی کۆلارەکەم
لەچی دەچێت
هاوڕێ‌یەتی بزەو لێوان
لووتکەو بەفر ، سروەو بەڕوو
شوان‌و گۆچان ، تێنوو سیروان
نا نا نەخێر
شیعرو شاعیر خەم‌و ئیلهام
خاك‌و مرۆڤ ، لانکی ئارام

سەباح ڕەنجدەر

کە ئەسپی ... پاشماوە

جۆری داڕشتنی بیرو هەست‌و سۆزو وێنەکێشانی دیمەنی ژیانی کوردەواری‌یەوە ئێجگار زیاتر لە چیرۆکیکی بێگانە بۆی هەیە باری ئەدەبیمان بجوولێنێ‌و سەرنجی چیرۆك نووسان رابکێشێت‌و ڕەخنەگران وە ئاگا بهێنێ ٠ بە ڕاستی نووسینی ڕەسەن لە هەموو بارێکدا مایەیەو ماوەیە ، ئیستاش نەبێت دواڕۆژ ڕەخنەگران‌و لێکۆڵەرەوان کون بەکون بە شوێنیاندا دەگەڕێن‌و کەم‌و زۆرو چاك‌و خراب دەبێتە کەرەستەی کاری ئەدەبیان٠

پێشنیار دەکەم شەپۆلی وەرگێران کەمێك بنیشێنەوە هەوڵێك بدەین بەڵکو کردەوەی وەرگێران لە سەر پێی‌و ئاڕاوەو یەکتەنی‌ی دەستکورتی ڕزگاری بێت‌و بەلکو دەزگایەك یان کۆمەڵێك بە پێی بەرنامەو ڕێبازی زانستی‌و ژییرانە جۆری هەڵبژاردن‌و دەست نیشان کردنی ئەو کتێبانەی کە کتێبخانەی کوردی پێویستی بە وەرگێرانیان هەبە ودیار کردنی گادیری زمان زانو ئەوانەی بەکسەر لە زمانە بنەڕەتییەکەوە دەتوانن تەرجەمە بکەن ، بخاتە سەر شانی خۆی ٠

لەم ڕۆژانەشدا هەق وایە برا وەرگێڕەکان لە ڕوویان گران نەبێت ئەگەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك تەرجەمەکەی بڵاو نەکردنەوە یان داوای دەقی لێوەرگیراویان لێ کردن ٠

هەڵبژاردەی لاوان

ئەی کچە کورد

ئەی کچە کوردە دەم بە خەندەکە
ئەی نازەنینی گۆنا قەندەکە
بالاشمشاڵی خاکی کوردانم
ئەی بینایی چاو ، ماهی تابانم
دەسا کەرەم کە غەم لەدڵ دەرکە
هەر بە تیلەی چاو بەسە ئەم ئەرکە

حەمە گەردی

گیانە

گیانە کاتێ دەچیتەوە بۆ ماڵەوە
لە ڕێگادا سەیرکە چۆن ؟
بوومەتە پەپوولەیەك‌و
بەسەر باڵای نەونەمامتا دەخولێمەوە
گوێ بگرە چۆن !؟
بەسەر لقی ریزە دارتووەکەی ڕێتا
دەجریوێنم
تا دەچیتە وبستگەی وەستان
چاوم لێتە .. چاوم لێتە .

نەوزاد محمد ـ دهوك

دیسان وا دڵە

دیسان وا دڵە بێ‌عارەکەی خۆم
بۆ سەر کێکێکی تر ئەم کا بە مۆم
بۆ زینێکی تر من ئەکا بە مەم
ئای لە شێتیی دڵ . وای لە سزای غەم
جارێ زامەکەی پێراری تەڕە
خوێنی لێ ئەتکێ ئەم ئاخرشەڕە
بۆ تیرێکی تر وا چاوەڕێیە
ئاخۆ بێکەری ئەم جارەی کێیە ؟

کمال ئەسعەد رەزا

خۆشەویستی ٠٠ بەڵام

هەڵەبجە ـ جلال عازەبانی

کیژۆلەکە ، تۆ ڕۆیشتی‌و
بەهارە وەرزی عیشقمت
کردە پایز ،
بوویتە زریان‌و لە باخی
گوڵانمدا
تۆو گوڵو خونچەت
لەگەڵ خۆت ئەبرد .
هۆ شۆخەکە
بۆ نەتوانی
کۆچە وەرزێ بەسەر داستانی
غەمەکانا بێنی ؟
تۆ بوویتە ڕەشماڵو دەواری
ڕەشت لە بیابانی دڵمدا هەڵدا ،

هەستێکی تاساو

هەولێر ـ بکر محمد امین

شاڵاوی سۆز هەرەس بێنێ‌و
لە جێی کرنوش بۆ پێکی مەی
بە جەرگانە ، شەوی تارم شەق کردایە
بمکردایە بە چرایێ
کەغەزیشم لە سایەیا راخستایە
خامەم لە کۆڵانەکانی بەربایە
تا جوانترین شیری تازەم
بۆ خۆشەویست بنووسیایە !

ئەوین

خەج : عمر میراودەلی

هەروەکو سێوبووم بە دارانەوە
ئاڵو سوور جوان ئەشنامەوە
دەستی کردگار گەشتە لوتکەی‌دار
لە ناکاو بێ‌هەست تل کرامەوە
سیامەند هێشتا تامی نەکردم
بە دەستی زۆر دار لێ کرامەوە
مەپرسن یاران بۆچی ژاکاوم
پەرژبنی باخم هەڵکەنراوە
هێلانەی ژینم لێ‌تێکدراوە

سیامەند :

لاوێ بووم قەشەنگ
سوارچاك‌و چالاك
قنج وەکو چیا ، ڕوون وەك ئاوی پاك
ئەمڕۆکە دڵم وا خەبەر دێنێ
فرمێسکی (خەجە) کڵپە دەستێنێ
لە کوێن یارانم ؟ .
بەفری چیاکان بخەنە سەر دڵم ..
بەهیوای گوڵم
تا دەرچێ گیانم .

Institut Kurde de Paris

دەورێ ئافرەت لە جەنگی قادسیەی صدام دا

نووسینی : سکینە منصور حسن

ئافرەتان هەمیشە شمان بەشانی پیاو تالی و سوێری کێشاودو لە هەموو جەنگێکدا ڕم و شمشێری هەڵگرتوە ٠٠ و بوتە نموونەی هێزی مەعنەوی پیاو بەتایبەتی لە کاتی تەنگ و چەتەمەو ڕۆژانی ڕەشدا کە هانی پیاوی داوەو پیاویش بەهۆیەوە دلێری و خوێن گەرمی خۆی نواندووە ٠

بێگومان ئافرەت لە ڕۆژانی جەنگدا وەك پیاو لە مەیدانا بووەو خۆیان لە پێناوی ژیانی بەختیارو سەربەستیدا بەخت کردووەو دەوری باڵایان لە خەبات دژی کۆنەپەرست بینیوە. بەتایبەتی کە لە هەموو خۆپیشاندانە میللیەکان بەشداربوون ٠

لە عیراقی شوڕشداو بەتایبەتی دوای سەرکەرتنی شۆڕشی ١٧-٣٠/ی تەموزی پێشکەوتوخواز کە ئافرەت خزمەتێکی زۆری پیشکەش کرددەسکەوتی مەزن بۆ ئافرەت وەدی هات و بایەخ بە لایەنی فیکری و زانیاری درا بەپێی ڕاسپاردەکانی پارت و شورش و هەموو دەروازەیەکی پێشکەوتن لەبەردەم ئافرەت کرایەوە بۆ ئەوەی وەك پیاو بەشداری پاریزگاری کردنی نیشتمان و خاکەکەی بکات و هەمیشە هەوڵدات بۆ وەدی هێنانی خواستە نەتەوەییەکانی ٠

بەڵێ : بەم جۆرە ئافرەت هاتە مەیدانی کۆششو بنیادنانی وڵات و پێشکەوتنی ٠٠٠ بەتایبەتیش لەماوەی سێ وڵاتەکەی بکات ٠

سالی جەنگدا نەو دەورە گرنگەی کە شانبەشانی پیاو بەجێی گەیاندووە مایەی سەربەرزی و شانازیە بۆ ڕۆڵەکانی ئێستاو داهاتوو ، لەمانە بەشداربوونیان لە ڕیزەکانی سوپای میللی و بەشداربوونی گەرم و کاریگەرانەی لە هەڵمەتەکانی هوشیارکردنەوەو ڕێنمایی کردنی خەڵك و هەروەها بەشداربوونیان لە ئەندامایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و ڕێکخراوە پیشەیی و میللیەکان ٠

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین جەنگی عادیلانەمان دژی ڕژێمی ئێرانی ڕەگەزپەرست باشترین مەیدان بوو بۆ ڕاستی دەوری ئافرەت و سەلماندنی ئەو ئاستە بەرزەی کە ئافرەت لە عێراقدا پێی گەیشتوە ٠

بەڵێ ئافرەتانمان بەو پەڕی باوەڕ بە خۆییەوە سەلماندی کە مایەی سەربەرزی و بڕوایی و بەهێزیەو وە لە توانای دایە کە وەك پیاو بەرگری لە سەربەخۆیی و شەرەفمەندی و خاکی بکات ٠

ئامادەکردنی
سەرگوڵ تەیمور

کاروباری دەروونی :

ماینك خەوتن

ئەبێتە ئازار چەشتنی دەروونی!

- نەنووستن یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە ڕەنگە زۆر بە ئاسایی ڕێ بە هەموو کەس بگرێت ئەوەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە ٠

یەکێك لەو هۆیانەی کە چارەسەرکردنی زۆر ئاسانە پەیوەندی بە خواردەمەنی وە هەیە بەتایبەتی خواردنی شەو ، خۆ ئەگەر شتێکی قورس بخۆیت و زۆریش بێ دیارە گەدە ناڕەحەت دەبێ و دەبێتە هۆیەك بۆ نەخەوتن لە هەمان کاتدا برسیەتیش هەر مرۆڤ ناڕەحەت دەکات٠ کەوای لێهات باشترین شت ئەوەیە یەکێ خواردنێك بحوات کە زوو هەزم بکرێت و قورسیش نەبێ هەروەها خواردنەوەی مەی و ڕاهاتن لەسەری سەر ئەنجامی شەونخونی دەبێ هەرچەندە لە دەمەو ئێوارەدا یەکێك خەوی لێدەکەوێت بەڵام لەدوایيدا ئاگادار دەبێتەوەو بە هیچ جۆرێك خەوی لێ ناکەوێتەوە ڕاهاتنیش لەسەر جگەرەکێشان و قاوە خواردنەوەی زۆر حالەتێکی دەمارگیری تایبەتی پەیدا دەکات و لەدوایيدا کار دەکاتە سەر نووستن ، بەڵام چارەسەرکردنی ئەمانە هەمووی بەدەستی مرۆڤ خۆیەتی ٠

- هۆیە گرنگەکان -

هەندێك هۆ هەیە کە لە خواردەمەنی گرنگ ترەو زۆر مرۆڤ بەتەنیا ناتوانێ تیماری بکات لەوانە نیگەرانی بە هەرچەندە دەبێ جیاوازی نێوان نیگەرانیەکی کەم کە دەبێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی کوت و پڕو دووبارە بوونەوەی لەیەك شەودا ، ئەمەش ڕەنگە شتێکی سایکۆلۆژی بێ و پێویستە سەر لە پزیشك بدرێت چونکە ئەو جۆرە شەونخونیە نیشانەیەکە بۆ دەمارگرژی هەروەها بەرزبوونەوەو هاتنە خوارەوەی پالەپەستووی خوێن هەمان کارتێکەری هەیە ٠

ئەگەر ئەمانە هیچیان نەبوو دەبێت بە گرنگی سەیری مەسەلەکە بکرێت چونکە ڕەنگە نەخۆشیەکی تری بێ و هیچ ئێش و ئازارێکی دیاری نەبێ ئەوسا دەبێ هەموو جۆرە تاقی کردنەوەیەك بکەین ئەمانە سەرەڕای ئەوەی کە ژیانی شارستانیەت ئەمڕۆ بەر یتیە لە هەزاران شتی خۆشی و ناخۆشی کارتێکەرێکی ئاشکرای هەیە بۆ سەر هەموو کەسێك ئیتر یان بەزۆر یان بەکەم ٠

تەنیا دەرمانێك بێ پزیشك دەتوانرێت وەرگیرێت بۆ چارەسەرکردنی نەنووستن نیو سەعات وەرزشە لە ڕۆژێکدا ٠ دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە مامۆستاو ئەدیب و نووسەر واتە ئەوانەی کە ئیشەکەیان بریتیە لە بیرکردنەوە پێویستیان بەنووستنە وەك هەرکەسێك کە خەریکی وەرزشبێ چونکە هەر دووکیان هەر ڕووزە سەرف دەکەن ، بە کورتی هەموو مرۆڤێك پێویستی بە هەشت سەعات نووستن هەیە لە ڕۆژێکدا ٠ دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ نووستن تا درەنگ واتای ئەوەنیە کە یەکێ تەندروستی باشە بەڵکو واتای ئەوەیە کە زراو تەواو نیە ٠

ئامادەکردنی
سەرگوڵ تەیمور

کێشە ئاڵۆزەکانی خێزان

لە دادگای شرعیەتدا خانەگومانی منداڵ

بۆکوێ ئەبات؟

نەجات ڕەفیق حیلمی

ئەو هۆ سایکۆلۆژیانەش ئەمانەن : پیاو جاران گەورەی ماڵ و منال بووە بودجەو ئازووقەی خێزانەکە سەرتاپا بەدەست پیاوەوە بووەهەر ئەویش خاوەن کار بووە بەرهەم هێنەرو سەرف بەدەست خۆیەوە بووە ، بەڵام ئێستا ئافرەت ئەمڕۆ بەشدارە لەبەرهەم هێنانداو لەدەربڕینی ڕاوریداو گەلێ جار ئافرەت بودجەی خێزان بەدەستەوە سەرف بە ئارەزووی خۆی ئەکات ٠

چونە دەرەدەی ئافرەت و تێکەڵ بوونی بەکۆمەڵو ناسینی گەلێ کەس چ پیاوچ ژن و ڕێك خستنی کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆی ٠

جیابوونەوەی خێزان لەکەس و کاری مێردو جۆرە سەربە خوێیەك بەخوێەوەئەبینێ و لەژێر چاودێری ئەوانداو دەرنەچی ٠ ئەمشتانەو گەلێ شتی تر هەن کە نێگەرانی و دڵپیسی و گومان ئەخەنە نێوان ژن و مێردەوەو بنەهۆی ناکۆکی و ناخۆشی بەردەوام و لەئاکامدا ئافرەت یاخود پیاو وانەزانی جیابوونەوە چارەسەرە بۆمەسەلەکە ٠

ك (ص) ئەم مەسەلەیەی بەئاسانی چارە سەرکردو ووتی :

بڕۆ وا تەڵاقم دایت ٠

● ئەگەر پیاوەتی مێردبەوە دەرمان بکرێ کە ووشەی تەڵاق بەدەمیا هات وەك تیرێك لەجەرگی ئەو ئافرەتەی بدات کە تاکوو چەند ساتێك لەڕەوەبیش خێزانی بووەو لەگەڵیاژیاوەو دایکی منالیەتی بەڵام ئێستا ڕەفزی کردووە ئەوا بەهەڵەدا چووە ٠

● چونکە لەو بڕوایەدام ئەو ئافرەتەی کە داوای جیابوونەوە بکات و یاسامافی دابێت ئەبێ ئافرەتیك بێ هیچ لەتوانایدا نەمابێ نەیکات بۆ ئەوەی دەست بەماڵ و منالی خۆیەوە بگرێ و کەهاتە سەر ئەوەی واز لەماڵ و سامان و تەنانەت منالیش بێنن بەتایبەتی ئەگەر ئەو جۆرە ئافرەتە بەمیوای مێرد کردنەوە نەبێ و مەبەستی لێرەدا هەر ڕزگاربوونیەتی لەو پیاو ٠

● ئنجا ئەگەر پیاو مەبەستی لەتەڵاق دانی ژنی هەر ئەوەبێ ماف و دەستەڵاتی خۆی دووپات بکاتەوە ئەوا بەهەڵەدا چووەچونکە دەستەلات و ماف بە ئافرەتیش دراوە ، خۆ ئەگەر لەو ئافرەتە هۆشیار و ئاگاداری لەدونیاو شارەزایی یاصاو ماف ڕەوایی بێ ئەوا زۆر بە ئاسانی ڕێی خۆی دەزانێ بۆ داواکردنی بەتایبەت ئەم خێرانەی کە باسی ئەکەین بریتیە لەژن و مێردێکی مامۆستا خوشکە (س) مامۆستای سەرەتایی یەو کاك (ص) بەڕێوەبەری قوتابخانەیە کە سەدان ئەوەی دوارۆژ لەژێر دەستیانا پەروەردە ئەبێ و ڕێ و شوێنی ڕەوا بۆ ئەوەی داهاتوو ڕوون ئەکەنەوە بەڵام لەگێژاوی خۆیاندا سەر دەرناکەن ٠

- کاك (ص) تۆ چی ی ناڕەوات لەژنەکەت دیوە ؟ ٠

- (لەسەرەتادا ووتی : هیچ نابەجێیی و بێ ئابڕوییم لێ نەدیوە بەڵکو من مافی ئەوەم هەیە لەژنەکەم بکۆڵمەوە بۆ کوێ ئەچی لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی ئەکات هەموو پیاوێك تاڕادەیەك لەژنی بەگومانە ، بگرە من بێم خۆش نیە ژنەکەم لەدەرەوە خۆی بڕازێنێتەوە ئەوشتە ئەبێ هەر لەناومالداو مافی منە ٠

● (ڕاستە کە ئەلێین خانەگومانی سەر لووتکەی خۆ پەرستنە) ٠

خوشکە (س) ئەڵێ : بڕواناکەم ئەمە شتێکی ئاسایی بێ چونکە خۆزازاندنەوە مافی ئافرەتە ٠

بەڵام شێوەی دڵپیسی (ص) لەرادە بەدەرە کە گومان لەبرای خوی بکات، تەنانەت لەبرای خۆشم ٠

● (ئەبی ئەمە نەخۆشی بێ یاخود چی ٠! ؟)

- گەلێ جار بە (ص)م ووتوە سەر لەپزیشکی دەروون بدات ٠٠٠ هاوار ئەکات ٠٠ ئەتەوێ شێتنم بکەیت بە شێت لەقەڵەمم بدەیت ٠ !؟ ٠

باشە خوشکە (س) تۆ لەچی ی تر چ ڕەفتارێکی مێردەکەت ناڕازیت ٠ ؟

- لەژێر تەمو مژی دڵپیسی و گومانداو گوزەران ناکرێ ٠

- (ئەبێ هۆی چی بێ ئەو خانەگومانیە ٠ من بزانم مێردەکەت بەڕەنگ و ڕوخساردا کەم و ناتەواو نیە و پلەی ڕوشنبیری و ئابووری و تەندروستی ڕێکە ئنجاخۆت گومان لەچی ئەکەیت ٠

- من بەو جۆرە ناتوانم لەگەڵیا بژیم ، لای من کۆتایی بە مەسەلەکە هاتووە ئیتر لەبەر چی لە هۆیەکانی بکۆڵمەوە ؟

- ناتەوێ چارەسەری بکرێت ؟ ٠

- نەخێر چونکە چارەسەری ناکرێت ئەگەر بۆ چەند ڕوژێك پێك بێینەوە لەئەنجامدا هەر هەمان کۆتایی پێدێت ٠

● (من بزانم ئەم جۆرە حالەتانەی ڕوو ئەدات لەئاکامی ژیانی ڕابوردووی خیزانی ئەو کەسەیە پاش ئەوەی زانیمان کە ئافرەتەکە شتێکی وەهای نەکردووە گومانی تیدابێ و هەموو کاتێك پیاوەکە بکەوێتە گیانی و بەر قسەی ناشیرین و شەقی بدات و لە ناو خەلکیدا ئابڕووی بەرێ کەواتە بگەڕێینەوە ژیانی ڕابوردووی (ص) ئەبینین لە ناو خێزانێکی خاون بیرو باوەڕێکی تەسك و کۆندا ژیاوەو ئافرەت هەمیشە ژێر دەستەی پیاو بووە بە تایبەتی کە دیویەتی باوکی داری لەدایکی هەڵگرتووە هەموو دەمی هەر هەراو ناکۆکیان بووە لەوتاوەی دەنگی داوەتەوە ، ئافرەت سفر بووە بەنیسبەت پیاوەوە ، دایکی گەلێ بەستەزمان و ژێر چەپۆك بووە ، جوێن و قسەی ناشیرین بەیەك ووتن بنێشتە خۆشەی ژیر دانیان بووە ٠

● کاتێ کەقازی شەرعی بەدەمیا نەئەهات ئەم ژن و مێردە لێك بکاتەوەو بڕیاری جیابوونەوەیان بدات زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە منالێکی چوار ساڵانە لەبەینیانایەو بە تاوانێکی گەورەی ئەزانێ ئەم منالە لە سۆزی باوك یاخود دایك بێبەش بکات چونکە ناکرێت منال لەت بکرێت هە ریەکەو کەرتێکی بەربکەوێت ٠

ناچار قازی فەرمووی کوڕم ، کچم ، لەکەلی شەیتان وەرنە خوارێ ٠٠

● لێرەدا یاسا وەك گولێکی دروستکراو لەناو گولدانێکی بڕیسکەداردا لەسەر مێزی جەنابی قازی هەستی نەبوو ٠

هەست لەدەروون ، لەدل، لەگیانەوە هەڵدەقولێ ، سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی لەناو دەروونی خاوەن مناڵەوە هەڵئەچێ و قولپ ئەدا ٠

● جەنابی قازی بە نیازی جووڵانەوەی ئەو سۆزە پیرۆزە بەهێمنی تکای لێ کردن ، ئەم ئیشە نەکەن ، پەشیمان ئەبنەوە ٠٠

پیاوەکە هەرچەند تا ڕادەیەك لەسەر جیابوونەوە سووڕ نەبوو منیش ئافرەتەکەم داناو هەندێك بە دڵسۆزی قسەم لەگەڵ کردو هەندێك شتم بۆ هینایەوە بە نموونەو خستمە بەرچاوی کەگەلێك شتی دوا بە دوای تەڵاقدان ڕوو ئەدات بۆم ڕوون کردەوە بەڵام ئافرەتەکە لەگەلی شەینمان نەهاتە خوارێ پیاوەکەشی دەماری ڕك و کینی سەر لەنوێ زیندوو بووەوە ئنجا بڕیاری دا دەستی لێ هەڵبگرێت ...

ئەی منداڵەکە بۆکوێ ئەچێ ، بۆکێ ئەبێ ، ٠ ؟؟

ئایا منداڵەکە ئامرازێکە یاخود پارچە کەڵو پەلێکی ناو ماڵە هەڵی بگرێو بیدەیتە یەکێکیانو ئەوی تر ڕازی بکەیت ! ٠

ئایا منداڵ خۆی خۆی هێناوەتە سەر دونیاو بەئارەزووی خۆی ئەبێتە مولکی یەکێ لە دایك و باوك، ئایا منداڵ گوناهی چی یە کەدێتە سەر دونیا بێ دەستەڵاتی خۆی و کە ئەبێتە مرۆڤ ناتوانێ دەستەڵاتی بەسەر ئازادی و سەربەستی خویدا هەبێ وەك جۆن بە پیستی خۆی دێتە سەر دونیا ئەتوانێ بێ کەڵوپەل بژی هەتا ئەوێ !! ٠ ئایا کێ لەم تۆپ تۆبینەی بەمنداڵ ئەکری بەرپرسیارە ؟!

باوەك ؟ دایك ؟ یان کومەڵ ؟ ٠٠٠ !!

تا بەیەك ئەگەیبینەوە بزانین منداڵ بۆ کوێ ئەچێ ٠ ؟ ٠

● ماویەتی ●

ئافرەتان ڕەنووسن

گەڕان بەدوای ئاسایشدا!

لەگەڵ نەوەی ماوەی چوارساڵە ، ئەم تاقمە گەوجەی ئێستای تاران دەستیان خستۆتە سەر حوکمی ئێران خومەینی زیاد لەیەك ملیۆن پاسەوانی بۆخۆی داناوە کە پاریزگاری بکەن ٠ لەبەرئەوەی جۆرەها شێوەی نامرۆڤایەتی کوشتن و بڕین و تاوانبارکردنی خەلکی و لە سێدارەدانیان بەکار هێناوە ٠

بەڵام ٠٠ ئەء ٠٠ ڕژێمی تاران هەست بەوە دەکات هێشتا ئەم جۆرە تاوانانە بێسودن و ئەبێ زیاتر خەلکەکە بچەوسێنێتەوەو دەم کوتیان بکات و دەزگاکانی سازمانی ساف دەبێ زیاد بکرێ و بگرە لە هەموو ماڵێکدا ئەبێ یەکێکیان هەبێ و شتیان بۆ بگێڕێتەوە بەم شێوەیە بتوانن ماوەیەکی زۆرتر لەسەر شوکم بمێنن و بەڵێنە ئڵاوەکانیان جێبەجێ بکەن ئەو بەڵێنەی بە ئاغاکانیان داوە ٠٠

ئەو تاوان و کوشتن و بڕینە بێ ژمارەیەی گەلانی ئێران ، لەلایەکەوە ترس و لەرزی ڕژێم دەگەیەنێ کەوا خەریکە بەرەو کەوتن و نەمان ڕوودەنێ ٠٠ لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەردەخات کەوا ڕژێمی تاران چەند هەول بدات و چەندەها تاوانی جۆرجۆر بەکار بهێنێت و خەلکەکە بچەوسێنێتەوە هەرگیز ناگاتە هیچ ئەنجامێك .

چونکە زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی ڕقی خەلکەکە هەڵسێت و ڕۆژ بە ڕۆژ جەماوەری دژ بە سیاسەتی خومەینی زیاتر دەبێ و خومەینی و تافمە گەوجەکەشی لە خەلکی دوور دەبنەوە تا ڕۆژێك وایان لێدێت هەر بە چەپۆك لەناو ببرێن خومەینی و دەستە خوێنمژەکەی ئەو ڕاستیەیان لەیاد چووە کەوا هەرگیز زوڵم و زۆرداری و کردەوەی ناڕاست بەردەوام نابێت و لە کۆتاییدا گەل هەر سەردەکەوێت ٠

● دایکی هەورێ ●

وەسیەتی بۆ

دایکان و باوکانی ئەمڕۆ

«ئاشکرایە کە منال گوڵی پاشەڕۆژەو ئەبێ لەگشت بارەیەکی پەروەردەیی و سایکلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە ئاگاداری لێبوەبکرێ ٠٠

هەر بۆیە زانا دەرون شوناسەکان گرنگیەکی گەلێ زۆریان بە سایکلۆژیەی منال داوەو ، ئاگاداری دایکان و باوکان ئەکەنەوە ، کە بەشێوەیەکی زانستیانە منالەکانیان پەروەردە بکەن٠

لێرەدا ئەگەرچی بە شێوەیەکی کورتیش بێ چەندخاڵێکی گرنگ هەیە ، بۆ پاریزگاری منال ، حەز ئەکەین بیخەینە پێش چاو ، بەمیوای ئەوەی سودێکی گشتی تیابێ و منالەکانمان بەشێوەیەکی لەبارو باش بەرهەم بێنین ٠٠

١- زۆر منالەکانتان لەماڵەوە مەبەستنەوەو وای لێ مەکەن کەتێکەلی خەلکی تر نەبێ٠٠ چونکە بەستنەوەی منال ئەبێتە هۆی گۆشەگیری و کە گەورەبو مرۆڤێکی «معقد»ی لێ دەر ئەچێ و لە ئەنجامدا توشی نەخۆشی دەرونی وەکو «هستریا»و «کآبە» دەبێت ٠٠ واتە هەستکردن بە ترس و ڕاڕایی و بڕوا بە خۆنەبوون٠

٢- چ کاتێ منالە کانتان حەزی بە چ شتێك کرد ، بە چ نرخێك بوە بۆی بەدەست بێنن ، پەڕەی حەزی خۆیەوە گۆ ڕانی وت ، پیانا هەلمەشاخێن ، چونکە دورنیە زەوقی هەبێ و ئەگەر ڕێی لێ گیرا زەوقەکەی ئەوەی کە وانەکانی قوتابخانە بە چاکی نەچێتە مێشکی و بیرو هۆشی هەر لای گەڕانەوەی ماڵەوە بێ ٠

٤ - پێش ئەوەی دەست بدەنە کارێك بۆ منالەکانتان، پێویستە بیر لەئەنجامەکەی بکەنەوەو بزانن کەتاکو چ ڕادەیەك سود بە منالەکە ئەگەیەنێ ، وە ئەبێ بزانن کە ئەو کارەی بۆ منالەکانتان بەجێی دەگەیەنن ، بەدوا ڕۆژی منالەکانتانەوە بەستراوە ٠٠ وە بەهۆی زانست و فێرکردنی نوێ و زانستیانە دەبێت وەك :-

ا - کاتێ منالەکانتان وڕکیان گرت ، تاکو ماوەیەك وازیان لێبێنن ، واتە هەتاوەکو خۆیان دێنەوە سەر حالەتی سروشتی خۆیان ٠٠

ب - «حتمیا» گریانی منال ٨٠٪ هۆی برسێتی یە٠

ج - لەکاتی خەوتنا ، باسی ئەو شتانەیان بۆ بکرێ کە حەزی لێ ئەکەن ٠٠ وەپێش نوستنی منالان ٠٠ خواردنی شیرو ماستیان پێبدەن ٠٠٠

ئەپوکێتەوەو لەوانەیە توشی نەخۆشی ئەشکەنجەدانی دەرونی ببێ ٠٠ لەئەنجاما کاری لێ ئەکاو ڕەنگی لاواز ئەبێ ٠ ٠

٣ - بێگومان ئەو ترسەی لە دڵتانایە ، خۆشەویستی منالەکانتانەو حەز بە سەلامەتیان ئەکەن ، تکایە دەری مەبڕن ، بۆ نمونە ئەگەر منالەکانتان چرون بۆ قوتابخانە ، پێیان مەڵێن زوو بگەڕێنەوە ٠ چونکە ئەو قسەیە ئەبێتە هۆی مەسوتێنن و ڕێگای لێ مەگرن بۆ نمونە ئەگەر لەبەر

مەرسومێکی کۆماری کە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەستنیشان دەکات

مەرسومێکی کۆماری رۆژی‌هەینی رێکەوتی پێنجی ئابی‌١٩٨٣ بۆ دیاری‌کردنی کاتی‌هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی تیایە ٠٠ ئەمەش دەقەکەیەتی ٠

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

مەرسومی کۆماری ژمارە(٣٨٦)

پشت بە ئەحکامی بڕگەی‌بیست‌و یەکی یاسای‌ئەنجوومەنی یاسادانانی‌ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان‌ژمارە (٥٦)ی سالی ١٩٨٠ولەسەر ئەوەشی کە سەرەکی دەستەی بالای بەڕێوەبەری‌هەڵبژاردن داوای‌کرد بریاری‌ئەمەی خوارەوەماندا ٠

هەینی رێکەوتی پێنجی‌ئابی ١٩٨٣ دانرا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی‌یاسادانانی ئۆتۆنۆمی‌ناوچەی کوردستان ٠

دەبێ سەرەکی دەستەی‌بالای چاودێریکاری‌هەڵبژاردن ئەم مەرسومە رابەڕێنێ ٠

لەبەغدا لە رۆژی پازدەی‌مانگی حوزەیرانی ١٩٨٣زایینی نووسراوە ٠

صدام حسین
سەرەك کۆمار

پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆچاودێری کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان

دابەشکردنی پارێزگاکانی ناوچەی کوردستان بە ناوچەی هەڵبژاردن

دەستەی بالای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان بریاری پێکهێنانی چەند لیژنەیەکیدا چاودێری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ناوچەی هەڵبژاردنەکانی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی بکەنو پارێزگەکانی‌ناوچەی ناوبراو بۆ ناوچەی‌هەڵبژاردن دابەش‌بکەن ٠

ئەمەش لەو دووبەیاننامەیەدا هاتووە کە دەستەی بالای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی‌یاسایی رۆژی پێنجی ئەم‌مانگە دەری‌کردنو ئەمەش دەقەکانیانە ٠ ٠

بەیاننامە

پشت بە ئەحکامی بڕگەی‌سێیەمی بەندی ژمارە (٢٦)ی یاسای ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی‌کوردستانی ژمارە (٥٩)ی‌سالی ١٩٨٠

دەستەی بالای‌چاودێریکاری هەڵبژاردنی‌ئەنجوومەنی‌یاسادانان بە پێی ئەو لیستەیەی خوارەوەبریاری پێکهێنانی لیژنەی‌چاودێریکاری بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی‌ناوچەکانی هەڵبژاردن‌دا ٠

عزة ابراهیم

٠ جێگری سەرەکی‌ئەنجوومەنی‌سەرکردایەتی‌شۆڕش سەرەکی دەستەی بالای چاودێریکاری‌هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی‌یاسادانان ٠

بەیاننامە

پشت بە ئەحکامی بڕگەی دووی بەندی ژمارە(٢٦)ی یاسای ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارە(٥٦)ی سالی ١٩٨٠ ٠

دەستەی بالای چاودێریکاری‌هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی‌یاسادانان بریاری دابەش‌کردنی پارێزگەکانی‌ناوچەکەی بە ناوچەی‌هەڵبژاردندا کە ژمارەو بارەگەو گەڕەکو ئاوەدانی‌ودێهاتەکانیانو ژمارەی‌نوێنەریان لە ئەنجوومەنی یاسادانانداە لەم لیستەیەی‌خوارەوەدا هەن ٠

عزة ابراهیم

جێگری سەرەکی‌ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش سەرەکی دەستەی بالای چاودێریکاری‌هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی‌یاسادانان ٠

ناوی پارێزگە	ژمارەی ناوچە	ئەو خانووەی بۆ بارەگای ناوچەکە دەگیرێ	ئەو دێهاتو ناوەدانیەی سەربەناوچەکەن	ژمارەی نوێنەرانی ناوچەکە لە ئەنجوومەنەکەدا
هەولێر	١	قائمقامیەتی مەڵبەندی هەولێر	گەڕەکی شۆرش مستوفی٠ عەرەب٠ مظفریە ٠ بازار ٠ تەلا خانەقا سەعدون‌ئاوا ٠ ئاشتی ٠ کە ئەکەوێتە بەر هەولێر	٤
هەولێر	٢	پارێزگەی هەولێر نووسینگە	گەڕەکی رووناکی ٠ئازادی٠خەبات٠برایەتی ٠صلاح‌الدین٠ رزگاری کە بەر هەولێردەکەوێ	٤
هەولێر	٣	بەڕێوەبەرێتی ناحیەی‌قەزای صلاح‌الدین	قوشتەپەو ئەوەشی کە سەربەون	٥
هەولێر	٤	قائمقامیەتی قەزای صدیق	قەزاکانی صدیق (زێبار)و ئەو ناحیانەی کە سەربەوانن	چۆمان ٠ میرگەسور ٠ ٤
هەولێر	٥	قەزای قائمقامیەتی مەخمور	قەزای مەخمورو ئەو هەردوو ناحیەی (عەنکاوە)و خەباتو	ناحیانەی کە هەیەتیو مەڵبەندی هەولێر ئەوانەی سەربەوانن ٤
سلێمانی	١	قائمقامیەتی مەڵبەندی سلێمانی	ئەم گەڕەکانەی کە سەر دەرگەزێن ٠ وڵوبە ٠ گوێژە ٠ گردی سەیوان ٠ سەرشەقام ٠ مجید بەگ٠	بە شاری سلێمانین کارێزەوشك ٠ ئاشتی ٠ خەبات ٠ حاجی‌ئاوا ٠ شۆرش٠ قرگە ٠ کاریزی ئەزمر ٠ ٥
سلێمانی	٢	بەڕێوەبەرێتی ناحیەی سەرچنار	ناحیەکانی قەراخ‌وسەرچنارو بازیان کە سەر بە قەزای گەڕەکانەش سلێمانین گەڕەکی بکر ٠ جگەرەکە ٠ هەندرین ٠ شیخ محی‌الدین ٠ گەڕەکی شارەوانی	مەڵبەندی سلێمانین‌و ئەم کە هەر لە سەر شاری ـ گەڕەکی شەکرەکە ٠ ماڵەکانی کارگەی ئابلاخ ٠ بەرانان گردی قلیاسان ٠ چواربااخ ٠ جوولەکان ٠ ٤
سلێمانی	٣	قائمقامیەتی قەزای هەڵەبجە	هەردوو قەزای هەڵەبجەو پێنجوین‌و ئەو ناحیانەی کە سەربەوانن	٥
سلێمانی	٤	قائمقامیەتی قەزای شاربازێر	قەزای شاربازێرو ناحیەکانی‌و مەڵبەندی قەزای‌دەربەندیخان‌و هەردوو ناحیەی زەڕایەن‌و تانجەڕۆو ئەوانەی سەربەوانن ٠	٤
سلێمانی	٥	قائمامیەتی قەزای چەمچەماڵ	قەزای چەمچەماڵو کەلاوو ئەو ناحیانەی کە سەربەوانن	٤
سلێمانی	٦	قائمقامیەتی قەزای رانیە	قەزای رانیەو پشدەرودووکان‌و ئەو ناحیانەی کە سەربەوانن	٥
دهۆك	١	پارێزگەی دهۆك نووسینگە	قەزای عەمادی‌یەو ناحیەکانی‌و قەزای مەڵبەندی دهۆك‌و ئەو ناحیانەی سەربەون دیهاتەکانی نا ٠	٥
دهۆك	٢	قائمقامیەتی قەزای زاخۆ	قەزای زاخۆ ناحیەکانی‌و ناحیەی دۆسکی‌و دیهاتەکانی	٥

ناوو ژمارەی ناوچەکە	سەرەکی لیژنەکە نوێنەری وەزارەتی داد	ئەندامی نوێنەری وزارەتی حوکمی ناوخۆ	ئەندامی نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست	ئەندامی نوێنەری بەرەی نیشتمانی‌و ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز
هەولێر ١	بەڕێز جلال زیوەر عمر قاضی دادگای ئۆتۆنۆمی	بەڕێز رسول اسد رسول	بەڕێز ولید خلیل العایش	بەڕێز عبدالامیر حمزه داود
هەولێر ٢	بەڕێز وریا علی یوسف قاضی دادگای بدائەی هەولێر	بەڕێز عبدالله حسن پارێزگاری هەولێر	خفاف بارمەتیدەری	بەڕێز عبدالمنعم بادی محمد بەڕێز احمد ئەتروشی
هەولێر ٣	بەڕێز امیر عبدالکریم حەوێزی قازی یەکەمی دادگای بدائەی هەولێر	بەڕێز شفیق احمد محمد	صادق قائممامی شەقلاوە	بەڕێز عبدالمجید علیوی مظلوم بەڕێز محمد محی‌الدین

بڕوانە ل : ١١

خومەینی کام دەنگی لایەسندە ؟؟

نوسینی ٠ن دلسۆز

جێگەی سەرسوڕمانێکی‌زۆرە کە فریوگارێکی وەکو خومەینی لای‌وایە کەمرۆڤی صەدەی‌بیستیش ئەوەندە تێ‌ناگەن کەتەنانەت ڕەشوسپی وەیان چاکەوخرابە لەبەك جوێ‌کەنەوە ٠ خومەینی یان هارکامێکی‌تر لەخوێن‌مژە دەس‌بڕەکانی دەوروبەری کاتێ کەچاوئەنوقێننو قسەئەکەن ، ئیستەش هەروا ئەزانن کەروان لە مزگەوتێکاو چەن‌مرۆڤێکی دڵپاکو لەخواترس وە چەن‌کەسێکی ساویلکەی تریش وان لەدەوروبەریاناو هیچی‌تر ، هەروەکو ئەوەی کەنە ڕادیۆوتەلەفزیۆنێ هەبێتو نەهەواڵ‌نوسو هەواڵ بەرێکو نەدەسنگای تەلێکسێ‌لەئارادابێتو نەمانگی دەسکردی هەواڵ‌گەیاندن ٠

بەڵێ ئاخوندەکانی ئێران ئیستەش هەروەکو جاری‌جارانی ناومزگەوتەکانو ناو دڵپاکو‌ساویلکەکان ، هەرجۆرە دەس‌بڕینو هەڵفریواندنێک بگانە مێشکی بۆگەنیان خیرابێ‌ترسولەرز لەدادگەی بیروڕای ڕووناك‌بیرانو ڕامیاری‌کارانی جیهان ، لەدەمیان٠ فڕتە ئەبەستێتو هەرنایێ بەخەیالیشیانا ٠

بەڵام ئەم‌کردارەی ئاخوندەکانی ئیران ئەوەی‌چاکە کەهەرئەم ڕەوشەیان بوەتە هۆی ئەوەی کە هەموجیهان باش‌بیان‌ناسنو بزانن چ‌فریوکارێکو چەدەس‌بڕو خەرافات‌ڕەواچەدەرێکن ٠

بۆنمونە :

چەن‌ڕۆژێ لەمەوبێش کەخومەینی وتارێکی‌ئەدا بۆنیماموخەطیبەکانی‌ئێران یەکەم : بەجۆرێ قسەی لەگەڵ‌ئەکردن وەکو ئەوەی ئەوهەموو مەلاوئایەتوللایە منالۆکەبنو شاگردوقوتابی وەئەویش فریشتەیێکی زانینو خواێنەواری‌بێت لەئاسمانەوە هاتبێتەخوارەوە «جا هەرکەس فارسی ئەزانێ نازانێ خومەینی چەن دواکەوتوەو چەن هیچی لەمەلاچاکو لەخوێنەوارو لەپیاوی هەڵکەوتوو بلیمەت ناکا »

بەڵێ :

خومەینی ئابەو لەفزوکەلامە شیرینەیەوە پاش ئاموژگاری ئەوهەموە مەلامل‌ئەستورو تازەپیاکەوتویە، «وتی» ئاموژگارییێکی ترم مابو بیکەم باش‌بو کەوتەوە بیرم ئەویش ئەوەتە کە ئەبێ لەمەولا ماوەنەدەن کە دەنگ‌گەورەکەرەوەی «مگبرەی مزگەوتەکان لەدەرەوەی مزگەوتەکانەوە دانرێن چونکی منداڵی نوستو وەخێزانی نەخۆش هەن کە ئەمدەنگە ئازاریان ئەدا ،٠

بەڕاستی مرۆڤ تاچڕادەیێك ئەتوانێ خۆی لەخەڵك بگۆڕێتو دەس‌بڕ بێت ؟

بەڕاستی سەیرە ، سەیرە کەسێ خۆی هەموڕۆژێ فەرمانی لەداردانو کوشتنی دەها کێژۆڵەی خوێنەوارونازدار دەها دایکی‌زك‌بڕ بان منال‌بەبەر ، صەدها لاوی پێکەوتوی تازە مووڵێ‌دەرهاتو وەهەروەها پۆل‌پۆلی ڕوناك‌بیرانو وڵاتدۆستان مۆربکاتو ناوچاو نەیێرێتەوە بەیەکا ئەم هەموە خەڵکە بنێتەوە بۆ نیشانەی تفەنگی پاسەوانەکانی خۆی ، ژنان لەزیندانەکانا بۆ ئەمێ‌کردنیان ڕووت کاتەوەو صەدکەس صەدکەس بەڕووتی بیان‌گێڕی بەبەرچاوی خەڵکا ، کەسێك چوارساڵە لە هەموی ئێرانا بەتایبەت لەخاکی پاکی کوردستانا بەزەبێ بە گەورەوبچوکا نەیێتەوەو هەزاران کوڕەی بەرمەمکان بکاتە ژێر داروپردوی خانوە قوڕینەکانو ژێر چەکمەو پۆستاڵی پاسدارانەوە ، کەسێ فەرمان‌بدا کەبۆمبای ناپاڵ وەهۆشەبی بڕێژن بەسەر ماڵومناڵی کوردی بەش‌خوراوی ئێرانا هەرلەسەرئەوە کەبڵێن ئەمانەوێ بەکوردی بنوسینو بخوێنینەوەو هیچی‌تر ، هەر داوای مافێکی زۆرسادەی ئەتەوایەتی بکەن ٠ کەسێ کە ئاگری جەنگێکی هەڵگیرساندبێ کە تائیستە نزیکەی ملیۆنێ کوژراوو بریندارو سەقەتو سەرلێشێواوی بڕیبێ بەسەر دو وڵاتی هاوسێو هاوئایینا دووڵاتی ئازەبێ‌گەیشتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا ، کەسێ کەپاشئەم‌هەموە کوشتوکوشتارەش بە ئەوەدساڵ تەمەنەوە بە ڕیشومێزەرێکی‌زلەوە ئەوەندە لەرەسەختو دڵڕەقو ڕەقەبەرێ‌کەربێ هێمان هەربڵێ « هەزارجاریش تێشکابین هەزاران کەسی‌تریش بسوتێن وەبکوژرێن هەزاران دایکو باب جگەریان‌بسوتیو هەزاران ژن‌بێ‌مێرد بکەونو هەزاران کورپە بێ‌دایکوباب بکرێن ، من‌هەر ئەمەوێ درێژە بدەم بەشەڕ ، پاش‌چی ؟ پاش‌ئەوەی کە دوشمن زۆر بەهێزبێ وە لەعەبنی بەهێزیو تەوانابیشدا وە لەکاتێکا هاتبێتەوە سەر سنوری‌خۆی ، ئامادەبێ بۆناشتی بڕ وتوویژ بۆ ئەنجامدانی ڕای

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

سەرووتار ـ پاشماوە

خستە بەردەم ، هەر بۆ ئەوەی بەم جۆرە ، بەهۆی بەردەوامی‌ی جەنگەوە ، باری شلۆقی ناوخۆی ئێران پتربکەنو ، پتر سەرکوتی گەلانی ئێران بکەنو ، بەردەمیان لێببڕنەوە داوای مافەکانی خۆیان بکەنو.

بەلام عیراق ، کە هەردەم بەوە ناسراوە ، ئارەزوی ناشتی‌و سەربەخۆیی‌و سەربەرزی دەکات ، لەگەل هەموو هەولێکی نیازچاکیدا بووە ، بۆیە لە ٢٠ی حوزەیرانی سالی ١٩٨٢دا ، بریاری بەجەرگی کشانەوەی هێزەکانی دا ، لە خاکی ئێران بکشێنەوە بۆ سەر سنووری نێودەولەتی ، بۆ ئەوەی ئیتر بیانووی بێ‌مێشکەکانی دوژمن نەمێنێت ، کەچی پاش ئەوەیش هەر چاوچنۆکی‌یان بڕیبووە خاکی عیراق‌و ، چەندین هەلمەتیان هێنا ، شکستی‌ی ئەوتۆیان خوارد ، هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە .. لەگەل هەموو ئەم شتانەیشدا ، بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین ، سێیەمین نامەی خۆی ئاراستەی گەلانی ئێران کرد ، لە نامەکەیدا پێشنیاری ڕاگرتنی جەنگی کرد لە کەناری عەرەبی‌و ، ئاشتبوونەوەیەکی کاتی لە مانگی ڕۆژوودا ، بەلام ئەم جارەیش خەلەفاوەکانی قوم‌و تاران ، ئەمەیان ڕەت کردەوەو گوێیان بۆ مەنتیقی ئەقل‌و دانایی شل نەکرد، ، عیراقیش بۆ داکۆکی لە سەربەرزی‌و سەربەخۆیی خۆی ، بە بازووی ڕۆلە نەبەردەکانی‌لە جەنگیندایە ، تا دوژمن چۆکدادەدات‌و ددان بە مافەکانی‌دا دەنێت ، سەرکەوتنیش هەر بۆ عیراقە ، کە لەسەر هەقەو بۆ هەق دەجەنگێت .

ئایا خومەینی ـ پاشماوە

داوەران ، لەگەل هەموی ئەمانەشا خومەینی هەر دانەکرەی‌بێ بۆ درێژەدان بەجەنگ .

کەچی :

کەچی ئاوا مرۆڤێک لە ئاوا حاڵێکا بڵێ توخوا «مکبرەی مزگەوتەکان ببەنەوە ژورێ باناازاری خەلك نەدات !! ئائەمە چۆن دەسبڕو عەوام خەلەتێنێکە ئەم خواناسەپیاوچاکە لای‌وایە تەنها مەلاکانی بەردەمی کەماتوون بەچۆکاو بەلی‌ی بۆئەکەن هەرئەوان ئەمقسە ئەبیستن وە لەناو هەژارە دلپاکەکانا ئەیکەنە پڕوپاگاندە بۆی . خۆنازانێ دەنگی‌ئەو ئەڕوا بەهەموی جیهاناو خاوەن هۆشوبیران ئەبیسنو هەڕەشەو گوڕەشەکانی تریشیان بیستوە ، نازانێ کە مێژو هەموی کردارەکانی ئەوی بەهێڵێکی ڕوناك نوسیوە وەهەتاهەتایە نەفرینی جیهانیەکانی کردوەتەبەشی‌خۆی . وەلەدەس ئاهی ستەملێکراوان ڕزگاربونی نیە .

بەلام چی لەخومەینی‌یە ئەگەر خۆی چوارکوڕی ئەکوژران یان چواربۆمبای ناپالم ئەبدا بەکۆشکەکەی «جەمارانیدا» جائەیزانی عەلی کوڕی کێ‌بە وەئەیزانی دەنگی «بولەندوێژی» مزگەوتەکان ئازاری گوێ ئەدەن یادەنگی بۆمباو تەقەمەنی ئەمچەرخە ، وەئەیزانی کامیان زۆرلێکراوترن ئەومندالانەی‌تاران کە دەنگی «مکبرەی» مزگەوت خەویان لێ‌تێک‌ئەدا یان ئەوکوڕپانەی کوردستانی‌ئێران کە بۆمباکانی خومەینی ژیانی شیرینیان لێ‌ئەکاتە ژاری‌مارو خانەولانەیان ئەسوتێنێتو ـ تانە ڕۆلە بێ‌باوکودایک ئەخاتو تانەش ڕۆلە لەدایکوباوک ئەگرێ .

ڕژێمی سوریا ـ پاشماوە

برای ئەوەندە بەتەنگی مەسەلەی کوردەوەن بیر لە پاشەڕۆژی بکەنەوەو پروپاگەندەی بۆ بکەن ؟

لێرەوا پرسیارێك دێتە پێشەوە : ـ

هۆی چییە ڕژێمەکەی ئەسەد هەوڵ ئەدات گێرەشێوێنی لەناو کوردەکاندا دروست بکات‌و بەرامبەر کوردەکانی ئێرانیش خۆی گێل ئەکات ؟

هۆی چییە ، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ یارمەتی دانی‌کوردەکانی عیراق بەوبیانوەی‌گوایە ئۆتۆنۆمیەکەیان ناتەواوەگوایە ڕژێمی سوریا بەرگریان لێ‌دەکات لە کاتێکدا گەلی کوردی عیراق شادمانەو لەگەل ڕەوتی شۆڕشدایەو مافی ئۆتۆنۆمی‌یان وەرگرتووەو کوردەکانی سورياش سەرەڕای ئەوەی بێ‌بەرین لە هەموو مافێك تەنانەت دان بە بوونی ئاسایياندا نەنراوە .

مەسەلەکە بە شێوەیەکی عادیلانەو ئاشتی خوازانە لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا چارەسەر کراوە ، ئەو بەیاننامەیەی لە لایەن هەمان ڕژێمەوە بە هەنگاوێکی ترسناك‌و گومان لێکراو درایە قەلەم هەروەکو ڕۆژنامە نووسێکی ڕەگەزپەرستی سەر بە ڕژێمەکەی ئەسەد ، ساڵێك پێش ئیستا لە ڕۆژنامەی « تایمز »ی ئینگلیزیدا کە لەندەن دەرئەچێت ، وتی :

« پێویسە کوردەکان ، لەبۆتەی ئەو دەوڵەتانەدا بتوێنرێنەوە کە تیایدا نیشتەجێ‌بوون !! » .

ئەمیش نەك هەر ڕای ئەو ڕۆژنامەنووسەبە بەلکو هەڵویستی ڕاستەقینەی ڕژێمی خاوەن سیاسەتی « پشتێنی‌سەوز »ە بەرامبەر مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی گشتی .

ـ ماویەتی ـ

بانگکردنی ـ پاشماوە

نیشانەکراوە کە ڕۆژی ٨ـ١٠ـ١٩٨٣ سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئەمەش لە ١٨ـ٧ـ١٩٨٣وە تاکۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی ٢٠ـ٧ـ١٩٨٣ ئەمەش لە جیاتی ئەو ڕۆژەی کە لەسەرەوە دەستنیشانکراوە دەبێ‌و کارەکەش پەیوەندی بە خزمەتکردنیانەوە هەیە .

ون بوونی دەفتەری خدمە

بە ناوی احمد عبدالفتاح‌محمدەوە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەریم لێ ون بوە کە لەتەجنیدی مخمور دەرچووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بەنووسینگەی هەولێر .

ون بوونی وەصل

بە ناوی عمر محمد امین‌مصطفی‌وە وەصلێکم لێ ون بووە کە دەربارەی وەرگرتنی ٦٠ تەن چۆیەو لە سایلۆی تاجی لە بەغدا دەر چووەلکایە هەر کەس دۆزیەوە بیدات بە نووسینگەی هەولێر

ون‌بوونی دەفتەری عەسکەری

بەناوی قادر جمیل عەوڵلاوە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەریم لێ ون‌بووە کە لەتەجنیدی شەقلاوە دەرچووە، تکایە هەرکەس دۆزیەوەبیدات بە نووسینگەی هەولێر .

یەکێتی زمانی ـ پاشماوە

١ ـ تایبەتە بە هەندێك ناوچەی سۆران‌و کرمانجی باکور کە نەختێك بە جیاوازیەوە دەری‌دەبڕن .

٢ ـ تایبەتە بە هەرێمێکی بچوك لە ڕوی جوگرافی زمانەوە نێوانێکی ئەوتۆیان نیە کە لێکیان جودا کاتەوە .

ئەویش : دۆلی باڵێیان‌ی باڵەکەتی‌و گوندی وەرتێ‌و دۆلێ شاورێ ـ ئاکۆیەتی‌و خۆشناوینە هاوتخوبیان .

٣ ـ هەندێك شوێن لە باشوری کرمانجی‌ی باکوردا .

٤ ـ هۆزەکانی سوێندی بلباسی‌و هەندێك ئاوەدانی هاوتخوبیان ، هەر وا بێتەوە وەك لە شێعرەکانی خانی‌و جزیری‌دا دەردەدەکەوێ لە هەندێك ناوچەی کوردوستانی باکوریش بەکار دێت ڕەنگە هەر جزیرو بۆتان بێت .

٥ ـ پشدەرێ میراو دەلیان‌و مەرگەو سوێسنایەتی‌و جان‌و ڕەخیان .

٦ ـ موکریان‌و ڕۆژهەلاتی سۆران .

٧ ـ بابان‌و موکریان .

٨ ـ هەندێك زاراوای باکوری سۆران‌و باشوری شەمزینان .

تێ‌بینی : هەندێك لەو ناوانەی سەرەوە بەشێکن لە زاراوای قەلەمڕۆبەکان .

* * *

ئێکاودوێ دەبێ هەموو دەمێ ئەوەمان وەبیر بێ که بێجگە لە کرمانجی‌ی چەند لقە زمانێکی دی‌مان هەنەو وا بکرێ چەند خونچەیێکی لەسەر پشکوتنی وشەو بێژەی تایبەتی لای خۆیان دەناو مێرغوزاری زمانی کوردیدا وەبیننەوە ، بەو کارە زمانەکەش پوختەو بەتۆو تر دەبێ بەمەرجی پسپۆری لێزان‌و دەبێتە هاندەرێکیش بۆ خەلکی ناوچەی شێوەزمانەکەو چێ‌تر وەدوای نووسینی‌ی کوردیان دێخێ‌و خولیای زمانی بێگانەیان لەسەری داوێتەدەرێ، تۆ بە ئەندێشە هەڕۆ هەرێمێکی وەك لای بەختیاریان‌و ئەو هەندەران ، دەبێ تەبکەی کوردایەتیان لێ دابنێی تا تێیان دەگەیینی که زمانی خۆشیان زمانی مرۆیانەو گەرەکە سەودای زمانی فارسی‌ی لەسەر باوێنە دەرێ .

خۆ ئەگەر تا ئێستا ڕەوۆکی‌بشیان‌کردبێ‌و لە زمانی خۆیان نەبان بووبن من زۆر لێیان بە ڕەخنە ناگرم .

بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی گۆڕین‌و وەکو خۆ نوسینەوەی بیت :

ئێمە گەر بڵێین لە هەر ناوچەیێك ، که وشە ڕاگوێزرایە ناو زمانی نوسین ، دەبێ چۆن خەلکی ناوچەی لێ ڕاگوێزراو وشەکەیان وەدەربڕیوە وەتۆ وێنەی بنوسرێت ئەوا بە پتونی لێمان دەبێتە دەموکانەی لەگرتەو تا ئەم دەست پاك دەکەینەوە ئەنگوستی دەستەکەی ترمان لێك دەنوسێن.دەنوسن (ث) و (ذ) دەناو زمانی کوردیدانین ئەدی هەجیجیەکە بۆ هاوار دەکات : خەنەی ئەئلی‌ی ئالو زەردی جنانێ ؟ ئەو دەنگەی لەنێران (ن)و (گ)ی وشەی وەك (دەنگ) دەردەچێ ، مەحالە ئێکەکی بلی هەورامی بزانێ وەدەری ببرێت ، ئەوە لەولاوە بێت بەلام من کوڕم دەوێت ناوێکی لەباری بۆ وەدۆزیتەوە چی پێ دەڵێن ؟ (ن)ە ؟ (گ)ە ؟ غەینۆکەیە ؟ چێشتی مجێوریە ؟ .

لە گفتوگۆی گوندنشینەکانی جان‌و ڕەخی سابلاغی وردبیەوە چۆن تەنگەی قسان پێچەك پێچ دەکەن : (ظارا ماصطاوێکم بۆ بێنە) = (زارا ماستاوێکم بۆ بێنە) خڕ بیتەکان لە پیتی ئاسایی گەورەترن‌و نیشانەی جیاکەرەوەیان نیە هەموویان ، بەتایبەتی (ص)ەکە ئەوەندە گەورە دەکەن لە (ش) وە نزیك دەکەوێ ، بە زۆری وایە لالفاوەیێك لەسەر یەك دادەنێن‌و بە لایەکەی تر دەری دەپەڕێنن .

* * *

ئیدی پێ پیرۆزانە لە د . نافع‌و هەر کەسێکی دی وەك ئەو دەکەم که بە پێیەك هاتونەتە پێش بۆ ڕاستەڕێ‌کردنی زمانەکەمان و لێشیان دەوشێتەوە . هەروەك ئەو شاقاوەی که ئەدیب‌و شاعیرانی هەورامی‌و هی زاراواکانی تری سەر بە شێوەی گۆران هاویتووبانە ، کە بەجێ‌هێشتنی زاراوا ناوچەیەکەیە بەرەو زمانی ئێکگرتوو ، ئێك‌دوو کەم‌وکوڕیلەشم وەبەر چاوان هاتن ، ئەگەر باس لە زمانی ئێکگرتووی کوردی نەبێت بۆ نوسەرێکی بادینانی نەك هەر نابنە ئیراد بەڵکو ڕاستیشن :

١ ـ (پێش زیاتر لە یەك سەدە) دەبێ ئاوابێ : سەدەیەك زیاتر لەمەوبێش . ٢ ـ (پەڕاوێزی (بۆی) نوسیبایەوەو فەرهەنگی (بۆی) کردبا) . ئاوایە : پەڕاوێزی بۆ نوسیبایەوەو فەرهەنگی بۆ کردبا : (ی)یەکان زێدەن .

٣ ـ (ئەو شتەم لە یێکێکی وەك دکتۆرە چاوەڕێم نەدەکرد)

: ـ ئەو شتەم لە یێکێکی وەك دوکتۆرە چاوەڕێ نەدەکرد .

٤ ـ لە شوێنێك (کیتاب)ی نوسیوە ، ئەگەر پەرتوکیش نەبێت با کتێبەکە بێت . بیستوومە (پێرتوك) یش دروستکراو نیەو وەشەیێکی کوردی‌ی ڕەسەنە . (تورِاس)ەکەش زۆر نەفرەژاوو ناهەلە لە نێو دێڕی کوردیدا ، تا وشەیێکی تر کەبی دەکرێ بە ڕای خۆم هەر (میرات) بێ چاکترە . کورد دەڵێ : (لێت بە ـ میرات ـ بێ قەت وە دوای گوتەگوتی خەلکی نەکەوی) کەوا بوو (میرات) بۆ شتی واتاییش دەبێ .

پەڕاویز :

١ ـ خواروو سەروژوڕاوژێڕاو تاد .. کەم تا زۆر پێوەندیان بە جنوبو شیمالانەوە نیە ، ئەو وشانە خواروو تاد .. لە خڕ کوردوستاندا بەرزابی‌و نزمایی‌و ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا دەگەیێنن . ئەم بەکارهێنانی خوارو وتاد .. بەو مانایە ئەگەر لە « فوگ »ی ئەو سەیران‌کەرانەوە وەرنەگیرابێ کە لە جێی وەك بەغداوە بەرەو شوێنی وەك بێخال دێن نازانم بەسەر چ بازگە یێکدا خۆی هەڵداوەتە ناوشینا وردی زمانی کوردی ! دیارە ئەوانیش مەبەستیان هەر لە بەرەو بەرزایی چوونە دەناشیمالی خۆیان هەیەو بەکاری دێنن .

٢ و ٣ ـ پەندی کوردین .

٤ ـ (پیاو)یش هەر دەررەکەی (مرۆڤ)ی هەیە ، تایبەتە بە ئادەمیزادی نێرینەی پێگەیشتەو ئادەمی‌زاد بەتەبایی بەلام بۆ مێیینە تەنیا لە کاتی گفتوگۆدا « پیاو » خۆی دەنوێنی وەك پیاو بڵێ چی ! پیاوتێ‌ماوە

* * *

ڕەبن لێ‌هەڵاوێتن : بەناتەواو زانینی شت .

بنەکان : ئەساس .

سەرپشك : مخول . بۆ یێکەم‌بونی شتێکیش دەگوترێت لە بوارێکدا .

بەقیسی : تەنانەت . کەچە : ناتەواو . تیزمال: ڕوبەرێك که درێژایی لە بەرینایی پتر بێت . شوون‌و ڕەویەت : دابونەریت . لان : جیەت .

بەسەر گرنتەوە : ناسینەوەی ئاژەڵی ئاویە بوو لە ناو گەلانێك‌دا .

لێ‌کوتانەوە : لێ‌تۆژینەوە . هەڵاوێردن : لێ‌جیاکردنەوە .

قوتار : دەرباز (قوتار : ئەگەر کوردی‌یەتی بێت ! ڕزگار بە هەڵەڕۆیێندراوە ، تا من بیستبێتم بۆ ژنی منداڵ بوویی بەکاربان هێناوە ، بۆ ئەوەی لە ئاژەڵ جیا بکرێتەوە .

ناڵێن : ژنەکە زا . دەڵێن : (ڕە + زگ + ار) بوو .) .

گەلایی : هاکەزایی . پێ‌ڕێ : ڕێگایێك کە کەروبار نەتوانێ تێیەوەبڕوا لەبەر تەسکی . بۆگە : بۆژۆ ، گیای پێ‌شێل ، بۆگەیی‌کردن : گیای بۆگە نەخواردنی ئاژەڵ . لێوەشاوە : قابیل . ساچمە ڕێژ : بە پاڵ ئێکەوە نانی‌وردە بەرد . فراقە : قۆناغێکە لە سەرەتای تەمەن . فراژوو : پێچەوانەی ساوایە . قانگ : پەلەی بچوك .

ڕەشانگ : حاردێك بەفردای نەپۆشی بێت . تیرەك : ملە .

ترکزە : نامەحکەم ، چەکی ڕێزێ : موسەلسەل. ئێك‌پێ‌یی : تەقین‌بە ئێك‌جار پت‌لێ‌بزاوتن. گەچاڵاندن: قەد شکاندن .

ئێکاو دوێ : بۆ لێك بەستنەوەی بەشی یەکەم‌ودووەمی باس .

ڕەوۆك : سل . دەموکانە : ڕوەکێکە ، لە گرتە : بەشت وەنوسان .

پێچەك : ئەو دارەی تەنگەی پێ‌توند دەکرێت. ئیراد : عەیب . ناهەل : پێچەوانەی ژیکەلەیە . نەفرەژاو ئیسك‌گران ..

ون‌بوونی دەفتەری عەسکەری

بەناوی ئازاد عبداللەاسماعیل‌وە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەریم لێ ون‌بووە کە لە تەجنیدی کۆیە دەرچووە تکایە هەرکەس دۆزیەوە بیدات بە نووسینگەی هەولێر .

دیاری کردنی ـ پاشماوە

هەولێر ٤	بەڕێز سلیم محمد نجیب قاضی هەولێر	بەڕێز طلعت هادی احمد	قائممقامی قەزای صدیق	بەڕێز محمد عطیه هویدی	بەڕێز حسام شاکر
هەولێر ٥	بەڕێز صلاح احمد الیعقوبی قاضی دادگای بدائەی هەولێر	بەڕێز عبدالستار محمد قەزای مەخمور	عبدالیوسف قائممقامی	بەڕێز عبدالحسن المهنا	بەڕێز مینان پولص جورج
سلێمانی ١	بەڕێز عبدالقادر علی بەرزنجی قاضی دادگای جنایاتی سلیمانی	بەڕێز زهدی احمد قائممقامی قەزای مەلبەند	محمد	بەڕێز یاسر حسن سلطان	بەڕێز نصرالدین مجید شریف
سلێمانی ٢	ابراهیم علی شیخ قاضی دادگای بدائەی سلێمانی	بەڕێز هاشم طاهر ناحیەی سەرچنار	حسین مدیری	بەڕێز حامد کاظم کاطع	بەڕێز احمد سید محمد
سلێمانی ٣	بەڕێز فرید فتح‌الله اسعد قاضی دادگای جنایاتی سلێمانی	بەڕێز هۆشمەن قائممقامی قەزای	مصطفی فتاح هەلەبجە	بەڕێز جاسم محمد کریدی	بەڕێز حیدر محمد عناد
سلێمانی ٤	بەڕێز کمال مصطفی قادر قاضی دادگای بدائەی سلێمانی	بەڕێز یاسین عبدالوهاب شارباژێر	یاسین قائممقامی قەزای	بەڕێز زید محمد صالح	بەڕێز حمەصالح عزیز فتاح
سلێمانی ٥	بەڕێز ناظم محمد امین جمیل قاضی دادگای بدائەی سلێمانی	بەڕێز یحی عبدالعزیز قەزای چەمچەمال	بەرزنجی قائممقامی	بەڕێز عباس کەشکول محمد	بەڕێز حمید توفیق صالح
سلێمانی ٦	بەڕێز بهجت محمد حسن قاضی دادگای ئەحوالی شەخصی سلیمانی	بەڕێز فریق میرخان رانیە	عزیز قائممقامی قەزای	بەڕێز عطیه شنداح عیسی	بەڕێز احمد محمود خضر
دهۆك ١	بەڕێز محمد علی نوری قاضی دادگای بدائەی دهۆك	بەڕێز انور عارف طه	پارێزگاری دهۆك	بەڕێز کریم جواد جاسم	بەڕێز داود قادر عبد
دهۆك ٢	بەڕێز جلال امین عبدالرحمن قاضي بدائەی دهۆك	بەڕێز عبدالنبی حسام زاخۆ	نجیل قائممقامي قەزای	بەڕێز حسین علي مجبل	بەڕێز احمد مصطفي سعدي

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
دەقی چاوپێکەوتنەکەی بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ رۆژنامە نووسەکانی ئیتالیاو نامەکەی بەریزی بۆ سەرەکی یەکیتی گشتی نافرەتانی عیراق لەل ٣ ، ٤ ، ٥دا بخوێنەوە.

● پێنج شەممە ١٩٨٣/٦/٢٣ ژمارە ٦٩٣ ● ١٢ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٦/٢٣ العدد ٦٩٣ ●

فرۆکە بەتواناکانمان بنکەومۆڵگاکانی دوژمن ئاگرباران دەکەن

بە توانای ئەو پیاوەمەردانەی باوەڕی پتەویان بە دەستەڵاتی گەلو سەرکەوتنی هەمیشەیی لەق نابێتو خۆیان کردۆتە شووەی پولایینی پاراستنی سەربەرزی رەوتی شۆڕشی عیراقی سەرفراز ... بە توانای ئەو چکە شێرانەی هەمووروژێ دەرسێکی نوێ بەدوژمنی داخ لە دڵی چەپەڵ عەدەن لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی وڵات ، ئاڵای سەربەرزی عیراق تا دێ بەرز دەشەکێتەوە .

لە ماوەی هەفتەیەی رابووردووداو بە پێی ئەو یاننامانەی لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە بەرچاوون دەربارەی چالاکیەکانی هێزە دلێرەکانمان لە بەرەکانی جەنگ ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە هەموو رۆژ رادەبووری هێزەکانی سوپای دلێری عیراق زیاتر لە رابووردو بە تواناو بە هێزنو چارەنووسی دەموو تەقەللایەکی نامەردانەی دوژمن تێکشاندنو سەرنوگم کردنەو سەرکەوتن هەمیشەلە لایەنی عیراقە کە لایەنی حەقو راستیو بەرگری کردنەلە سەربەرزیو سەربەستی نیشتمانو گەل .

لە هەفتەی رابووردوودا، فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئازامان چەندان هەڵمەتی سەرکەوتووانەیان بردە سەر بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن لە ناوچەکانی کەرتی باکوورو ناوەڕاستی بەرەکانی جەنگو ئەنجامی ئەو هەڵمەتانە پێکانی ڕاستەوخۆو ئازایانەی نیشانەکانی دوژمن بووە کە بوونە هۆی زەرەروزیانی گەورەی سەرومالی لە دوژمنو هەموو فرۆکەکانیشیان کە لەو هەڵمەتانەدا بەشداریان کردبوو بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە بۆ بنکەکانی خۆیان .

مەروەها لە سەرەتای هەفتەی رابووردوودا هێزێکی ئازای کەرتەکانی پێشەوە لە ناوچەی میسان ، هەڵمەتێکی سەرکەوتوو مەردانەی بردە سەر بنکەو هێزەکانی دوژمن کە بەرامبەر بە بنکەکانی ئێمەنو ئەو هێزە ئازایە توانی دوژمنی چەپەڵ ناچار بکات رابکات ، هەرچەندە دوای ئەوە دوژمن ویستبووی لە دوو هێرشی بەرامبەردا شوێنەکانی خۆی بگێڕێتەوە بەڵام هەردوو هێرشەکەش تیکشکێنرانو لە ئەنجامدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژرانو ژمارەیەکی زۆر برینداروتێکشاندنی ١٠ سەربازبەروسێ شەڵو دەست بەسەرداگرتنی چەکو جبەخانەیەکی زۆر

هەر لەم هەفتەیەدا ئەفسەرێکو سەربازێک لە هێزەکانی دوژمن لە کەرتی سەروو پەنایان بردۆتە بەر هێزەکانمانو لە دۆزەخی خومەینی هەڵاتوون بەم بۆنەیەوە سەر چاوەیەکی سوپایی رای گەیاند کە دیاردەی راکردنی عەسکەریەکان لە سوپای دوژمنو پەنا هێنانیان بۆ هێزەکانمان لەم دوییەدا پەرەی سەندووەو روونیشی کردەوە کە دەستەڵاتداریەتی دیاری کراوی عیراق یارمەتی بێویستی ئەو ئێرانیانە دەدات لە رووی ماددیو مانەویەوەو بۆ هەر جێیەکی جیهان دەیانەوێ دەیانێرێ .



بەرهەڵستی کارانی ئێران بە بۆنەی کوشتارەکەی تارانەوە خۆپیشاندانی گەورە لە شارەکانی ئەوروپادا پێک دەهێن

پاتەختەکان ـ ٢٠ ـ ئادع : ئەمڕۆ شاری لەندەنو مەدرید و فیینا چەندین خۆپیشاندانیان بە خۆوە بینی کە بەرهەڵستی کارانی ئێرانی بە بۆنەی دووەمین ساڵەی کوشتارەکەی تارانەوەو ڕێکیان خست ، ئەو کوشتارەی کە ڕژێمی ئێران ئەنجامی دا .

لە شاری لەندەن هەزاران کەس ئێرانیو بریتانیاییو بێگانەی تر خۆپیشاندانێکیان ڕێک خست ئەویش بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بەو کارە سەرکوتکەرانەی ڕژێمی خومەینی ئەنجامیان دەدات .

خۆپیشاندەران چەندین دروشمیان هەڵگرتبوو دژ بە سیاسەتی خومەینیو داوای ڕووخاندنی ڕژێمەکەیان دەکردو داوای ڕاگرتنی جەنگی نێوان عیراقو ئێرانیان دەکرد .

هەروەها یاددنامەیەکی ناڕەزایی یان پێشکەش بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیو مافەکانی مرۆڤ کرد تێیدا داوایان کردووە لەو کوشتارە خوێناوی لەسێدارەدانو گرتنو کوشتنو برینە بکۆلنەوە کە ڕژێمی تاران دژ بە بەرهەڵستی کارانی خۆی دەیکات لە ناوەوەو دەرەوەی ئێران .

هەروەها شەقامەکانی پاتەختی ئەسپانیا خۆپیشاندانێکیان بە خۆوەدیت سەدان هاوڵاتیی ئێرانی بەشداری تێدا کردو دروشمیان دژ بە سیاسەتی تیژڕەوی خومەینی دژ بە گەلانی ئێران بەرز کردبووەوەو ناڕەزایی خۆیانیان دژ بە سووربوونی خومەینی دەربڕی سەبارەت بە درێژەپێدانی جەنگی لەگەڵ عیراقدا .

خۆپیشاندەرەکان سێدارەیەکو وێنەیەکی کارتۆنیی خومەینییان هەڵگرتبوو لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا سووتێنرا .

شایانی باسیشە کە پتر لە ٦٠ هەزار هاوڵاتی ئێرانی لە ئسپانیادا دەژین کە لە دەستی توندوتیژی ڕژێمی ئێران ڕایان کردووە . ئەمەو شاری فیینایش ئێوارەی ئەمڕۆ خۆپیشاندانێکی گەورەی بە خۆوە دی بەرهەڵستی کارانی ئێرانی ڕێکیان خستبوو ، لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکە چەند لاوێک بە جل و بەرگی سپی یەوە ڕێیان دەکردو وێنەی چەندین گیرراوو لەسێدامدراویان هەڵگرتبوو کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی رابوردووی ڕژێمی خومەینیدا لەسێدارەدراوون .

عەرەفات داوا لە سەربازو ئەفسەرانی لیبیا دەکات لە بقاع دا ئەو دەورەیە بکەنەوە کە قەزافی دەیگێڕێت

بەیرووت ـ ٢٠ ـ ڕۆیتەر : بەڕێز یاسر عرفات سەرەکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین داوای لە هەمووسەربازو ئەفسەرە لیبیاییەکان کرد کە لە ناوچەی بوقاعی لوبنانەدا دژ بە شۆڕشی فەلەستین دەجەنگن ، ئەو دەورە چەپەڵە قبووڵ نەکەن کە قەزافی دژ بە شۆڕشی فەلەستین دەیگێڕێت .

هەروەها ووتی من داوا لە هەمو گەلی لیبیا دەکەم ئەم دەورە چەپەڵە ڕەت بکاتەوە .

عەرەفات لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (فیز نیووز)ی بریتانیادا ، ووتوویەتی لە ئاستی ئەم دەورە چەپەڵەدا سەرم سوڕماوەو لە سەری ڕۆیشتووە کە قەزافی هەولی ئەوە دەدات لە پشتەوە دەست لە شۆڕشەکەمان بروەشێنێت ، بەڵام ئەم چارەیش سەرناکەوێت وەک چۆن لە هەوڵدانەکانی پێشووو بشیدا سەرنەکەوتووە .

عەرەفات لە چاوپێکەوتنەکەدا دووپاتی کردووەتەوە کە یاخیبووەکان لەژێر چاودێری قەزافیو دەزگای موخابەراتی تری عەرەبیدا کاردەکەن .

بەرەو هەڵدێری خیانەتکاری

پاریس ـ ٢٠ ـ ئا.د.ر : گۆڤاری (لۆبوان)ی فەرەنسەوی لە ژمارەی ئەمڕۆیدا ووتوویەتی فەرمانبەدەستی لیبیا موعەمەر قەزافی ئێستا خەریکی بەستنی پەیمانێکی هاوبەشی بەرگری کردنە لە نێوان لیبیاو سووریاو ئێراندا .

ئاژانسی دەنگو باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم هەواڵەی لە گۆڤارەکەوە وەرگرتووەو بڵاوی کردووەتەوە ، هیچ شتێکی تری دەربارە ئەوتووە ، هەروەها گۆڤارەکەیش پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە قەزافیو ئەسەد توانای لایەنگرتنی ئەم (پەیمان)ەیان هەبێت پاش ئەوەی وازیان لە پەیمانی بەرگری کردنی هاوبەشی عەرەب هێنا لەوەوەو پێش .

دەربارەی باسێکی تریش، گۆڤارەکە ووتوویەتی قەزافی هێشتا خەریکی چەکناردنە بۆ یاخیبووان لە فۆلتای سەرووبە ڕێگای غاناوە ، ئەوەبوو فەرمانبەدەستی لیبیا دەستی لە ئاژاوە نانەوەی نێو ئەم وڵاتەدا هەبوو .

پێکداهەڵپژانی توند لە کوردستانی ئێراندا

تاران ـ ٢٠ ـ ڕۆیتەر : ئاژانسی دەنگو باسی ڕژێمی ئێران ئەمڕۆووتوویەتی کە پێکداهەڵپژانی توندوتیژ لە ناوچەی کوردستانی ئەوێدا بەردەوامە ، بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کە کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە .

ڕوونیشی کردووەتەوە کە پێکداهەڵپژانەکە لەو ناوچەیەدایە کە ٣٠ کیلۆمەتر لەو ڕێگایەوە دوورە کە شاری مەهابادو سەردەشت پێکەوە دەبەستێت ، بەبێ ئەوەی زیاتر لە هەواڵەکە بدوێت .

لە هەمان بواردا ئەمڕۆ ڕۆژنامەگانی تاران ددانیان بەوەدا ناوە کە سێ کەس لە دەستو دایەرەی ڕژێمی ئێران لە ناوچەی کوردستانی ئێراندا لە چەندین کاری بەجەرگانەی چەکدارە کوردەکاندا لە دەی ئەم مانگەدا کوژراوون .

ووتەی هاوکاری

عیراق هەمیشە سەرکەوتووە

٢٠ی حوزەیران ، یەک ساڵ رابوورد بە سەر ئەو بڕیارە نازایانەدا ، کە سەرکردایەتی ی وڵات دای ، بە کشانەوەی هێزەکانی سوپامان لە قووڵایی خاکی ئێراندا ، ئەو بڕیارە مەزنە نازایانەیەی لە مەوقعی بەرپرسیاریو لەهێزو باوەڕبوونەوە بەتواناو دەستەڵاتی خۆدرا ، بۆ ئەوەی دواپەردەی خۆشاردنەوە لە ڕووی ڕژێمی ئێراندا لابرێ کە بیانوی درێژەپێدانی شەڕی ئەوەبوو گوایە هێزەکانی عیراق لە خاکی ئێراندان ، هەرچەندە ، سەرکردایەتی لەوە دلنیابووەو هەر لە زووەوە دەرکی بەوە کردووە کە تاقمەکەی خومەینی شەڕخوازنو سووربوون لەسەر ئەوەی ئەم شەڕە بەسەر وڵاتەکەماندا بسەپێنن و ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمانو بۆ بەگژدا چوونی چاوچنۆکی ی ئەو تاقمە هێزەکانمان چوونە ناو خاکی ئێرانەوە نەک بە مەبەستی داگیرکاریو مل کەچ کردن بە گەلانی ئێران ، چونکە تاقمەکەی خومەینی جادووگەر ، بەرلەوەی شەڕەکە بگاتە ئەو ڕادەیە ، لە جارێک زیاتر نیەتخراپیو چاو چنۆکی ی خۆیان بەرانبەر بە عیراقو سەربەرزیو سەربەستی ی عیراق دەربڕی ، تا ڕادەی ئەوەی هەڕەشەی ئاشکرایان دەکرد بۆ داگیرکردنی ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هەڵویستە لە خۆبایی بوونو خۆگیف کردنەوەیەی ئەو تاقمە ناپەسەندەبشکێت ، ئەدەبوو عیراق دەست بەستراو بوەستێو بەرهەمی ڕەوتە سەرکەوتووەکەی بداتە دەم گورگەکانی قوم و تارانەوە ، ئەدەبوو عیراق دەست بەستراو بوەستێ بەرامبەر بۆردومانی شارو دیهاتەکانی سەرسنوور بۆیە مەردانە ڕاپەڕی بۆ ئەوەی ڕادەیەک بۆ بێناموسی ئەو ڕژێمە گەندەڵە دابنێ کە وای دەزانی عیراقو گەلەکەی پاڕوویەکی ئامادەکیراوەو قووتدانی ئاسانە . ئەوەبوو لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا بە توندی بەرپەچی ئەو دەستدرێژی یەی دایەوەو، هێزە نەبەزەکانی عیراق توانی یان هێزەکانی دوژمن ، بە ناوی خاکی خۆیاندا ڕەت بنێنو ، چەندین شارو گوندو خاک بکەوێتە ژێر دەستی هێزەکانمانەوە، بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن شارو گوندەکانی سەرسنوورمان بۆردومان بکەنو ، ئێمە بتوانین لە قووڵایی خاکی ئەواندا داکۆکی لە گوندو شارەکانمان بکەین .

هەر لە سەرەتای جەنگیشەوە ، بە زمانی سەرەکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین، عیراق داوای جەنگ ڕاگرتنو دەست کردن بە گفتو گۆکردنی کرد ، کەچی نەزانو خەڵەفاوەکانی قوم و تاران ، ئەمەیان بە شتێکی تر لێکدایەوەو مل هوڕێتی ی خۆیان پەرەپێداو ، هەموو هەوڵێکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نیاز چاکەکانیان ، ڕەت کردەوەو کۆسپیان

بڕوانە ل : ١١

● هاوکاری ●

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابووردوو

● بەیرووت : سەرچاوەیەکی فەلەستینی ڕای گەیاند کە سەردانەکەی ابو ایاد « صلاح خلف » ئەندامی لیژنەی ناوەندی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین بۆ مۆسکۆ بۆ کاتێکی تری نەزانراو دوا خرا .

● قاهیرە : لێرەوە بڵاوکرایەوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتووەوە میسر دەست دەکاتەوە بە دەرهێنانی ئالتوون لە بیابانی ڕۆژهەڵات دوای ئەوەی ٣٨ ساڵ بوو ئەم کارە وەستابوو .

● پەکین : لێرە ڕاگەیەنرا کە حکوومەتێکی نوێ پێک هاتووە بریتی یە لە ٤٥ وەزیر لە مانە هەشتیان نوێن و لە جیاتی دوو جێگری سەرەک وەزیران ئەمجارە چوار دانراوە .

نیودەلهی : دەستەڵاتداریەتی هیندستان قەدەغەی کردووە ئێرانیەکان بچنە کەشمیر چونکە هاتنیان تا ئێستا مایەی گێرەشوێنی بووە بە هاندانی ڕژێمی ئێران خۆی ؟

● کەراچی : سەرچاوەیەکی پۆلیسی پاکستان ڕای گەیاند کە ئێرانییەک گیراوە قاچاخچیەتی بە تلیاکەوە کردووە کە نیازی هەبووە لەوێوە بینێرێت بۆ ئەمەریکا .

Institut kurde de Paris

ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

هاوکاری

التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فته‌نه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● ڕاپۆرتێک ده‌رباره‌ی کونگره‌ی یه‌کێتی ئه‌دیب و نووسه‌رانی عیراق ل٢ ٠
● ئه‌ده‌ب و ڕۆشنبیری و ناسۆی هونه‌ر ل ٣، ٤، ٦ ٠

● پێنج شه‌ممه ١٩٨٣/٦/٣٠ ژماره ٦٩٤ ● ٨ لاپه‌ڕه به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٦/٣٠ العدد ٦٩٤ ●

● سه‌ره‌کی فه‌رمانده :

عیراق ئه‌وساو ئێستاش یه‌ك ده‌ست و دڵ و ئه‌قڵ و یه‌ك ویژدانه

سه‌ره‌کی فه‌رمانده له‌گه‌ڵ سه‌رکرده‌کانی سوپا ده‌گۆڕێته‌وه

له گۆڕانی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا به‌ڕێز سه‌ره‌ك موهیب روکن صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان چاوی به ده‌سته‌یه‌ك له سه‌رکرده عه‌سکه‌ریه‌کان که‌وت ٠

سه‌ره‌کی فه‌رمانده له‌م چاوپێکه‌وتنه‌دا گوێی له‌روونکردنه‌وه‌یه‌کی تێکڕایی‌دوا رووداوه‌کانی باری عه‌سکه‌ری له به‌ره‌کانی جه‌نگ گرت له‌گه‌ڵ روونکردنه‌وه‌ی ئاماده‌یی ته‌واوی جه‌نگاوه‌ره پاڵه‌وانه‌کانمان بۆ گۆڕکردنی هه‌ر هه‌وڵێکی ڕژێمی ئێرانی داخ له دڵ بیدات به‌ په‌لاماردانی نوێ بۆ سه‌ر وڵاته‌که‌مان ٠

ئه‌مه‌و به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده بۆ ڕێزی سه‌رکرده عه‌سکه‌ریه‌کان خوانێکی نان‌خواردنی ئێواره‌ی داناو له‌و چاوپێکه‌وتن و نان‌خواردنه‌دا فریق روکنی یه‌که‌م عدنان خیرالله جێگری سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان و وزیری به‌رگری و فریق روکنی یه‌که‌م عبدالجبار شنشل سه‌ره‌کی ئه‌رکانی سوپا ئاماده‌بوون ٠

سوپای ئێوه هه‌میشه سه‌رکه‌وتوو ده‌بێت و دوژمن ده‌شکێنێت

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌صدام حسین ووتی خوای گه‌وره ، عه‌ره‌بی بۆ دەوڕێکی سه‌رکرده‌یی کردن هه‌ڵبژاردووه ٠

هه‌روه‌ها له کاتی خوانێکی شیوخواردن‌دا که به‌ڕێزی ئێواره‌ی سێ‌شه‌ممه بۆ ژماره‌یه‌کی زۆری پیاوه کایینی‌یه به‌ڕێزه‌کان ڕێکی خستبوو ٠٠ ڕوونی کرده‌وه له‌بەر ئه‌وه‌ی خوای گه‌وره دەوڕێکی سه‌رکرده‌یی کردنی به عه‌ره‌ب به‌خشی له په‌یامی ئیسلامه‌ئیدا ئه‌وا ئه‌و ده‌وره‌ی هه‌ڵبژارد قورئان عه‌ره‌بی بێت و به زمانی عه‌ره‌بی بێت چونکه زمانی عه‌ره‌بی توانای ئه‌وه‌ی هه‌یه شت به روونی و ئاشکرا بخاته روو و به بیرکردنه‌وه‌ی عه‌ره‌بی و به ئه‌قڵیه‌ت ده‌وری سه‌رکرده‌یی کردنی عه‌ره‌ب ببینێت ٠

هه‌روه‌ها به‌ڕێزی ووتی ئه‌وه‌ی که هه‌ندێك ده‌ببینن که حاله‌تی دژ یه‌ك و دیارده‌ی دژیه‌کن له گێتی‌دا ئێمه ده‌ببینین که حاله‌تی هاوسه‌نگین له گێتی‌دا له‌دایك‌بوون و مردن ٠٠ شه‌وو ڕۆژو شتی ترو له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌ڕه‌ته‌یه خۆمان ماندوو ده‌که‌ین به‌رده‌وام بۆ ئه‌وه‌ی له تێڕوانینماندا بۆ ئایین و بۆ ژیان هاوسه‌نگ‌بین ڕه‌وشت و ڕه‌فتاری باوباپیرانی پێشینمان و بیروباوه‌ڕه به‌رزه‌کانی ئایینی پیرۆزمان دێنینه‌وه پێش چاوی خۆمان ٠

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده دووپاتی کرده‌وه که خوای گه‌وره عه‌ره‌بی جیاکرده‌وه‌ته‌وه‌یان ئه‌م ده‌وره سه‌رکرده‌یی ـ کردنه‌ی پێداوون چونکه ده‌وڕێکی دیارو جیاکاری پێ‌به‌خشیون به قوربانیدان و له خزمه‌تکردن‌دا بۆ سه‌رتاپای موسوڵمانان و مرۆڤایه‌تی و بیروباوه‌ڕ ٠

پیاوه ئایینی‌یه‌کانیش له ووته‌و مۆنراوه‌دا هه‌ستی به‌رزی خۆیان به‌رانبه‌ر به میژوویی صدام حسین ده‌ربڕی و دووپاتیان کرده‌وه که گه‌لی مه‌زنمان بڕوای پته‌وی به سه‌رکردایه‌تیه مه‌زنه‌که‌ی هه‌یه‌و دلنیایی خۆیان ده‌ربڕی که سه‌رکه‌وتنی ته‌واوه‌تی به‌دی‌ده‌هێنین دژ به ده‌ستدرێژی‌یه‌که‌ی ڕژێمی ڕق‌له‌سکی ئێران ٠

له خوانی شیو خواردنه‌که‌دا به‌ڕێز عزة ابراهیم جێگری سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی‌ی شۆڕش‌و به‌ڕێزان خالد عبدالمنعم سه‌ره‌کی دیوانی سه‌ره‌کایه‌تی‌ی کۆمارو عبدالله فاضل وه‌زیری ئه‌وقاف و کاروباری ئایینی ئاماده‌بوون ٠

(له هه‌فته‌ی داهاتوودا ده‌قی ته‌واوی ووته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین بڵاوده‌که‌ینه‌وه ٠)

هێزه پاڵه‌وانه‌کانمان له‌که‌رتی باکوور هێرش ده‌به‌نه سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن

هێز چه‌کدار پاڵه‌وانه‌کانمان که ده‌سته‌ی توندتر له هێزه‌کانی ئێرانی دوژمن ده‌وه‌شێنن دووپاتی ئه‌وه ده‌که‌نه‌وه که‌گه‌له مه‌زنه‌که‌مان توانای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ده‌ستدرێژی‌کردنی هه‌یه‌و زیانی پتر به ده‌ستدرێژی‌کاران ده‌گه‌یه‌نێت ٠

له ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا پارچه سوپایی‌یه‌کانمان له که‌رتی باکوور هێرشیان برده سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و له گه‌ڵیدا که‌وتنه جه‌نگێکی ئه‌وتۆوه که توانی‌یان چه‌ندین شوێنی دیاری‌کراو بخه‌نه ژێر ده‌سته‌ڵاتی خۆیانه‌وه‌و دوژمن بڕه‌تێنن‌و لاشه‌ی کوژراوو چه‌کی تێکشکێنراویان له مه‌یدانی جه‌نگدا به‌جێ‌بهێنێت، زیانه‌کانی دوژمن له‌م جه‌نگه‌دا زیاتر له ٣٠٠ کوژراوو ژماره‌یه‌کی زۆری بریندار‌ان بووه‌و سێ فه‌رمانده‌یش له ناو کوژراوه‌کاندا بووه یه‌کێکیان سه‌رله‌شکر محمد شنکیر ئاشی فه‌رمانده‌ی لقی ١٥٥ی لیوای یه‌کی تیپی ٢٨ بووه ٠

ئه‌وه‌بوو دوژمنیش سه‌رله‌به‌یانی‌ی پاشی هێرشه‌که، ، هێرشێکی سه‌رنه‌که‌وتووانه‌ی کرد ، که هێزه‌کانمان توانی‌یان له‌گه‌ڵیدا بکه‌ونه جه‌نگه‌و هێرشه‌که‌ی سه‌رکوت بکه‌ن‌و هێزه‌کانی دوژمن به‌سه‌ر شۆڕی بکشێنه‌وه ٠

هه‌روه‌ها له‌م هه‌فته‌یه‌دا فرۆکه به‌جه‌رگه‌کانمان هێرشی خۆیان بۆسه‌ر بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن له که‌رتی باکوور په‌ره‌پێداو راسته‌وخۆ پێکانیان‌و زیانی گه‌وره‌یان لێ‌دان‌و هێزی ده‌ریاییشمان ڕۆژی شه‌ممه‌ی ئه‌م هه‌فته چه‌ند نیشانێکی ده‌ریایی‌یان نزیك به‌نده‌ری خرمه‌نی به‌دی‌کردو هێرشیان برده سه‌رو توانی‌یان یه‌ك نیشانیان لێ تێك‌بشکێنن که بینرا ئاگرو دووگه‌ڵی لێ به‌رزده‌بووه‌و ئه‌وه‌کانی دی به شله‌ژاوی هه‌ڵاتن ، ئه‌مه‌و هه‌مان ڕۆژ هێزێکی دوژمن ویستی له که‌رتی باکوور له سه‌نگه‌ری پێشه‌وه‌ی هێزه‌کانمان نزیك ببێته‌وه بۆیه به‌ره‌نگاری بوونه‌وه‌ی به هه‌موو چه‌کێك ته‌قه‌یان لێ‌کردو توانی‌یان نزده که‌سیان لێ‌بکوژن سه‌ره‌ڕای بریندارکردنی چه‌ندین که‌سی ترو تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبیلی پڕ له سه‌ربازو چه‌ندین زیانی‌تر له هه‌مان که‌رتدا ٠

بڕوانه ل ٧

شۆڕشی مه‌زنی بیست و گه‌لی مه‌زنی عیراق

ئه‌مڕۆ ، بیره‌وه‌ری ئه‌و شۆڕشه پیرۆزه ڕاده‌بووری ، که گه‌لی عیراقی مه‌زن له ساڵی ١٩٢٠دا به ڕووی داگیرکاری بێگانه‌داو له پێناوی سه‌ربه‌خۆیی گه‌ڵ‌و خاکی عیراقدا ڕای‌په‌راند ٠ ئه‌و شۆڕشه‌ی ، ئاگره‌که‌ی له چیا سه‌رکه‌شه‌کانی کوردستانه‌وه به‌رز بوه‌و له خواروو‌ی وڵات بازووی پیاوه مه‌رده‌کان که وته خۆو وه‌ك بومه‌له‌رزه دای به‌سه‌ر هێزی داگیرکاری بێگانه‌داو سه‌رتاپای وڵات ڕاپه‌ڕی ٠٠٠ داوا ، سه‌ربه‌خۆیی عیراق‌و ده‌رچوونی بێگانه بوو ٠

به‌م جۆره ، ده‌زانین، له دێرزه‌مانه‌وه‌ی ئه‌م گه‌له مه‌رده ، گه‌لی سه‌ربه‌ستی‌و ڕاپه‌ڕین‌و قوربانی‌دان بووه له پێناوی سه‌ربه‌رزی خۆی‌و پاراستنی خاکی پیرۆزی نیشتمانداا شۆڕشی بیست ، دیارترین‌و روونا‌کترین به‌نگه‌ی میژوویی هاوخه‌باتی هه‌تا هه‌تایی پته‌وی کوردو عه‌ره‌به له عیراقدا ٠٠٠ ئه‌و برایه‌تی‌و یه‌ك چاره‌نووسیه‌ی هه‌موو پیلانو هه‌وڵێکی دوژمنان له بێگانه‌و له به‌کرێ‌گیراوان نه‌یان‌توانیوه‌و ناتوانن زه‌فه‌ری پێ‌به‌رن‌و ئاڵاکه‌ی هه‌ر به‌رز ده‌شه‌کێته‌وه ٠

ئه‌مڕۆ ، که‌یادی ڕاپه‌ڕینی شۆڕشی بیستی مه‌زن ده‌که‌ینه‌وه ، ئه‌وه‌ی نوێ‌ی عیراقی نوێ به‌رابه‌ری ڕۆڵه‌ی مه‌ردی گه‌ل صدام حسین ، به‌وپه‌ری شانازیه‌وه ده‌روانێته ئه‌و ڕۆژه ڕاپه‌ڕینه مه‌ردانه‌یه‌ی که تین‌و تاوی نه‌کوژرایه‌وه تا عیراق به ته‌واوی سه‌ربه‌ستی‌و سه‌ربه‌خۆ نه‌بوو ، که‌سه‌ربه‌ست‌و سه‌ربه‌خۆش بوو ، تین‌و تاوی گه‌لی عیراق ، بۆ بیناکاری‌و په‌ره‌پێدانی میژووی شارستانیه‌تی راسته‌قینه‌ی زیاتر په‌ره‌ی سه‌ندو ئه‌وه‌تا نه‌وه‌کانی شۆڕشی‌بیست‌ی له‌م وڵاته‌دا بناغه‌ی گه‌وره‌ترین تاقی‌کردنه‌وه بینا ده‌که‌ن‌و له پاڵ ئه‌م ئه‌رکه مه‌زنه‌شدا ، مه‌ردانه به ده‌ست‌و بازووی شێرانه ئه‌وه سێ ساله ، به‌رگری شێرانه له سنووری ڕۆژهه‌ڵاتی وڵات ده‌که‌ن له به‌ردم گه‌وره‌ترین په‌لاماری دڕندانه‌و کۆنه‌په‌رستی‌و ره‌گه‌زپه‌رستا که له ئێرانه‌وه ده‌کرێته سه‌ری ، ره‌وتی عیراق‌و نه‌وه‌کانی شۆڕشی بیست بۆ پێشه‌وه ده‌چێت‌و ئاڵای سه‌رکه‌وتنی به‌رزتر ده‌بێته‌وه‌و پاشه ڕۆژی ڕوونا‌ك بۆ گه‌لی عیراقه که سه‌رکه‌وتن‌و ڕوونا‌کیه به رابه‌ری سه‌رکرده‌ی لێ‌هاتووی گه‌ل صدام حسین‌و بۆ پێشه‌وه ٠

● هاوکاری ●

دوای ئابڵۆقه‌دانی هێزه‌کانی فه‌له‌ستینی له بقاع

ڕژێمی سووریا فه‌له‌ستینی‌یه‌کانی سه‌ربه فه‌تح له سووریا ده‌گرێت

ڕۆژی هه‌ینی‌ی ڕابوردوو هێزه‌کانی ڕژێمی سووریا له بقاع‌دا ، ئابڵۆقه‌ی نووسینگه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی (فه‌تح) یان‌دا پاش ئه‌وه‌ی بۆ ماوه‌ی چوار سه‌عات بۆردمانیان کردن ٠

هه‌روه‌ها هێزه‌کانی سووریا جه‌نگاوه‌ره‌کانی سه‌ر به فه‌تحیان ده‌ستگیر کردووه‌و داویانن به‌هێزه یاخی بوه‌کان ، له‌م کاتانه‌شدا قسه‌که‌ڕێکی فه‌له‌ستینی لێپرسراوانی ڕژێمی سووریایان به درۆ خسته‌وه که گوایه هێزه‌کانیان به‌شداری‌یان نه‌کردووه دژ به فه‌تح ٠

له ناڕه‌واترین‌و ترسنوك‌ترین ئیشێکیش‌دا ڕژێمی سووریا کردبێتی ، ئه‌و کاره چه‌په‌له‌ی بوو که ڕۆژی هه‌ینی ڕابوردوو به‌ڕێز یاسر عه‌ره‌فات سه‌ره‌کی لیژنه‌ی ڕاپه‌ڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فه‌له‌ستینی‌ی له‌خاکی سووریا کرد به ده‌ره‌وه له کاتێك له‌گه‌ڵ گه‌وره سه‌رکرده‌کانی فه‌له‌ستینی‌دا له دیمه‌شق له کۆبوونه‌وه‌دا بوو ٠

ئه‌وه‌بوو یاسر عه‌ره‌فات پاش ئه‌وه‌ی داخوازی‌یه‌کی له ڕژێمی سوریاوه پێگه‌یشت

بڕوانه ل ٧

له‌بەر په‌رچدانه‌وه‌ی بڕوبیانووه‌کانی ئێران‌دا

عیراق پێشنیار ده‌کات له‌مود ویله‌کانی جه‌نگ ئاڵ و گۆڕ بکرێنه‌وه

عیراق پێشنیاری کردووه‌هه‌موو ویله‌کانی جه‌نگ به‌سه‌رپه‌رشتی‌ی ڕێکخراوی‌خاچی سووری نێو ده‌وڵه‌تی ئاڵ‌و گۆڕ بکرێنه‌وه ٠

سه‌رچاوه‌یه‌کی ڕه‌سمی‌ی ڕۆژی سێ‌شه‌ممه ئه‌مه‌ی به ئاژانسی ده‌نگ‌و باسی عیراق ڕاگه‌یاند‌وه‌و ووتوویه‌تی ئاڵ‌و گۆڕکردنی ته‌واوه‌تی‌ی ویله‌کانی جه‌نگ له عیراق‌و ئێران‌دا ئه‌و باره‌یه‌که به ته‌واوه‌تی له‌گه‌ڵ نه‌ریت‌و یاسا نێو ده‌وڵه‌تی‌و له‌گه‌ڵ ده‌قه‌کانی په‌یمانی جنێڤ‌دا ده‌گونجێت ٠

قسه‌که‌ری ڕه‌سمی‌ی عیراق به‌م قسانه‌ی به‌رچه‌ی بڕوبیانووی ئێران‌و هه‌ولدانی لێ‌کۆشانه‌وه‌کانی ئێرانی ده‌دایه‌وه که فه‌رمانبه‌ده‌ستانی تاران په‌نایان بۆ بردووه به پێشنیار کردنی ئاڵ‌و گۆڕ کردنی ژماره‌یه‌کی دیاری کراوی دیله‌کان ٠

قسه‌که‌ره‌که دووپاتی کردووه‌ته‌وه که ڕژێمی ئێران کاتێك له مه‌سه‌له‌یه‌کی وای مرۆڤایه‌تی‌یانه‌دا داوێنی‌ڕه‌ووشنێکی چه‌وت ده‌گرێت‌و ته‌نیا ئاڵ‌و گۆڕ کردنی ژماره‌یه‌کی دیاری کراوی دیله‌کان وه‌ك له

بڕوانه ل ٧

هێزه نیشتمانیه‌کانی سووریا ڕژێمی ئه‌سه‌د ئاوانبارده‌که‌ن

له‌ندەن : هاوپه‌یمانی نیشتمانی ڕزگارکردنی سووریا وتی دووڕخستنه‌وه‌ی یاسر عه‌ره‌فات له سووریا شکۆی هه‌موو عه‌ره‌ب‌و شۆڕشگێڕێ له کاردار ده‌کاو ئه‌و گه‌مارۆیه‌ی حافظ ئه‌سه‌د هی هێزه‌کانی فه‌تحی داوه‌و لێدانیان به چه‌ك ده‌ستدرێژی‌یه بۆ سه‌ر هه‌موو عه‌ره‌بێك ٠

له‌و به‌یاننامه‌یه‌دا که هاوپه‌یمانه‌که بڵاوی کرده‌وه وتی حافظ ئه‌سه‌د به‌م پیلانه‌ی که دژی شۆڕشی فه‌له‌ستین نایه‌وه به‌سه‌ر شۆڕی خۆی ده‌خاته به‌ردم زایۆنیزمی دوژمن بۆ ئه‌وه‌ی شۆڕشی فه‌له‌ستین سه‌رشۆڕکا له به‌ردم بێگندا٠

هه‌روه‌ها وتی هاوپه‌یمان سه‌ری له‌وه سووڕ نیه که ڕژێمی سووریا گه‌مارۆی

بڕوانه ل ٧

پرافدا : واشنتۆن به‌رەو دیمه‌شق ده‌ڕوانێ‌و ته‌ل‌ئه‌بیبش ئاگره‌که هه‌ڵده‌گیرسێنێ

مۆسکۆ : ئاژانسه‌کان : به دەم ڕۆژنامه‌ی پرافداوه گێڕاوه‌ته‌وه که‌وا نووسیویه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان‌و « ئیسرائیل» له پشت ئه‌و ناکۆکی‌یه‌وه‌ن

بڕوانه ل ٧

Institut Kurde de Paris

دەستەی چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان دەربارەی پڕوپاگندەی هەڵبژاردنی باڵیۆراوانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکە ڕێ نیشاندانی خۆی دەردەکات

دەستەی باڵای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان ڕێ نیشاندانی حۆی سەبارەت بە پڕوپاگندەی هەڵبژاردنی باڵیۆرانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەردەکات و ئەمەشی دەفەتەیەتی ٠

ڕێ نیشاندانەکان لە دەستەی باڵای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان بە پێی بەندی (٤٤)ی یاسای ئەنجوومەنی یاسادانانەوە دەرچوون ٠٠

پشت بە دەستەڵاتی بەندی (٤٤)ی یاسای ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٨٠ ٠٠ دەستەی باڵای چاودێریکاری ئەنجوومەنی یاسادانان ئەم ڕێ نیشدانانەی دەرکرد ٠٠

پەکەم ـ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە ڕەستەی پڕۆپاگندەی هەڵبژاردنی هەموو پالیۆراوانی ئەنجوومەنی یاسادان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەلوپەلی هەمەجۆرەی ڕاگەیاندنەوە مسۆگەر دەکات بەوجۆرە کە هەلیان بۆ بڕەخسێنێ تاکو بتوانن ئەمەم کەلوپەلانە بەکاربهێنن ٠

دووەم ـ تەرخان کردنی پەڕەیەکی تایبەتی هەموو ڕۆژنامەیەك بۆ هەڵبژاردنەکان و دەبێ دەوڵەت خەرجی یەکەی بدات ٠

سێیەم ـ تەرخان کردنی کاتێکی ئێژگەو تەلەفزیۆنی بۆ بڵاوکردنەوەی گورج و گۆڵی پالیۆراوانی هەڵبژاردنەکەو ئەم کاتەش دەبێ لەوەوبەر دابنرێ ٠

چوارەم ـ لقی لیژنەی ڕاگەیاندنی هەموو پارتێزگەیەکی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لیستەیەك بۆ خەرجی پێویستی گورج و گۆڵی هەموو پالیۆراوێك ئامادە دەکات تاکوو بۆ دەستەی باڵای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان بەرز بکرێتەوە ٠٠

پێنجەم ـ پڕوپاگندە پێش دەنگدانەکەو هەموو پڕوپاگندەیەکی باڵیۆراوانی هەڵبژاردنەکە لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردنەکە وەك دروشم و وێنەو بەیاننامە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٤ـ٨ـ١٩٨٣ کۆتاییان پێدێ و لادەبرێن ٠

شەشەم ـ گەوەی کە بەگوێرەی ئەمە نەجوڵێتەوە کاری یاسایی دەرهەق دەکرێت ٠

هەوتەم ـ ئەم ڕێ نیشاندانەبە کەرەستەی هەمەجۆری ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە ٠

عزة ابراهیم

جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
سەرەکی دەستەی باڵای چاودێریکاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان ٠

لە فراوانترین ڕەفتاری دیموکراتیانەی پیاوانی فیکردا

ئەدیب و نووسەرانی عیراقی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی خۆیان هەڵدەبژێرن

ئەو کۆبوونەوەی ئەدیبو نووسەرانی عیراقی گرتەوەڕۆژی هەینی ڕابوردوو ڕۆژ نایاب بوو ، کاتێك ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی خۆیانیان هەڵبژارد ، کە کاروکردەوەیەکی دیموکراتیانەدا کە بەتەنگەوەهاتنی هەمووانی پێوە دیارە بۆ ئەوەی یەکێتی یەکەیان ئەرکی خۆی ڕابپەڕێنێتو لە نێوان ئەوانەوە بەشداری جەنگی گەلەکەمانو پەنجی دڵسۆزانەی بکات لە بنیاتنانداکە سەرکەوتنی مەزن لە قادسیەی صدام بەدی دەهێنێتو دەست بەهۆیەکانی نەبەردی و نەمری یەوە دەگرێت ٠

ئامادەبووان بە گونجاوییان لەگەڵ نەخشەی کاری پاشەڕۆژدا چاوتێبڕینی ئەدیب و نووسەرانی عیراقیان خستەپێش چاو بۆئەوەی هەمیشە پێنووسەکانیان لە کاردا بێت لەسەر هەق بکاتەوەو پارێزگاری لە سەربەرزی نیشتمان بکاتو ، بیری ڕووناکیان و بەرهەمی داهێنراویان بۆ شۆڕش سرووود بڵێتو پاڵەوانێتی سوپاو گەلەکەمان تۆمار بکات لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا بچێتە سەر دەستمایەی ژیاری

گەل و ئەلقەیەکی پێشکەوتوو لە لقەکانی بەردەوام بوون لەگەڵ ڕابوردووی پرشنگداریدا

لە کاتی دیاری کراوی سەر لە بەیانی هەینیدا ، بە ئامادەبوونی بەڕێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران و بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بەڕێز هاشم عقراوی وەزیری دەوڵەتو بەڕێز عبدالجبار محسن وەکیلی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بەڕێزان ئەدیبو نووسەرە بانگکراوەکان بو کۆبوونەوەی دەستەی دامەزراندن ، سی ئەندام هەڵبژێرران کە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ئەویش لە کارو کردەوەیەکی دیموکراتیانەدا کە هەمووان بەشداریان تێدا کردو لە لایەن هەموو ئەندامانەوە موافەقەتی لەسەرکرا ٠

ئەو لیستەیەی کە هەڵبژێررا ئەم بەڕێزانەی تێدا بوو : احمد خلف و بدرخان سندی و حمید سعیدو حسب الشیخ جعفرو خزعل الماجدی و خالد علی مصطفی و سامی مهدی و ساجدە الموسوی و شفیق الکمالی و شموئیل ارمیاو صلاح شوان و عبدالامیر معلەو عبدالرزاق عبدالواحدو عبدالستار ناصرو عبدالستار طاهر شریفو عزالدین مصطفی رسول و عبد اللطیف بندر اوغلو و عادل فوادو فواد التکرلی و قاسم محمدو محمد الجزائری و محمد جمیل شلش و دکتۆر محسن الموسوی و دکتۆر محسن اطیمش و محمد امین محمد احمدو محمد الملا عبدالکریم و محمد بدری و نعمان ماهر الکنعانی و یوسف الصائغ و دکتۆر یوسف حبی ٠

هەمان لیستە پێنج ئەندامی ئیحتیاتی تێدا بوو کە ئەم بەڕێزانەن : یاسین طه حافظو نعمان مجیدو فاروق سلوم و صلاح نورس و کمال غمبار ٠

لە سەرەتاوە بەڕێز خالد علی مصطفی کردنەوەی کاروباری یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی ڕاگەیاند کە لە ژێر دروشمی «با نەبەردی پێنووسی داهێنەر بخەینە سەر لەبەردی تفەنگی سەرکەوتوو» بەسترا ٠٠

بەڕێز شفیق الکمالی سەرەکی یەکێتی نووسەرانی عەرەب لە ووتەکەیدا ووتی ٠٠ ئەدیب و نووسەران کە ئەمڕۆ کۆدەبنەوە ، ئەوا چاودێری شۆڕش و سەرکردە صدام حسین لێیان دەخەنە پێش چاوی خۆیان لەگەڵ هەمیشە بایەخدانیان بە ئامادەکردنی بارودۆخی باش لە بەردەمیاندا وەك داهێنەرانێك کە لە ڕێڕەوی نەتەوەکەیاندا ئەرکی ناسایی یان دەکەوێتە ئەستۆوە ٠٠ پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشا قوربانیدانی گەل و پاڵەوانیتی یەکەی لە جەنگەکانی ئازادی و بنیاتناندا ، ئەو شانازی یە لە دڵو دەروونی ئەدیباندا دەبووژێنێتەوەو بواریان لە بەردەمدا دەکاتەوە

بڕوانە ل : ٧

ئەم ڕۆژانە ڕەبەرزی

لە مێژووی تێکۆشانی گەلانی ئەم زەمینەماندا، گەلێ تیشکی بریسکەدارو پیرۆز هەن ، کە جێگای شانازی ئەو میللەتانەنو ،هەرگیز مێژوو لە بیریان ناکا ٠٠٠ لە مێژووی عیراقی نوێشماندا ، چەند نیشانەیەك هەن ، کە هەریەکەیان تۆمارێکن بۆ خۆراگرتنو سەربەستی ئیرادەی ئەم گەلە قارەمانەو شۆڕشە مەزنەکەی ٠

خۆمالی کردنی نەوت ٠٠ نموونەیەکی گەورەی بڕوابەخۆبوونی شۆڕشی عیراق پیشاندەداو ، پرۆژەیەکی نیشتمانی ئەوتۆ بوو کە هەموو حیساباتی دەوڵەتانی گەورەی دۆستو دژمنیش پووچ کردەوە ٠

بڕیاردان لەسەر مانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان یەکێکە لەو هەنگاوە مێژوویی یە پیرۆزانەی کە هەتاهەتایە جێگەی شانازی عیراقیانو سەرکردایەتی شۆڕشی مەزنی ١٧ـ٣٠ تەموزە ٠

دەیان بڕیارو یاسای پێشکەوتنخوازانەی تر کە بە هەموویان بنیاتی قەڵای سەربڵندی عیراقیان داناو سەرەتای دروستبوونی مرۆڤی نوێی عیراقیان دەستنیشان کرد ٠

بەڵام ٠٠٠ جەنگی ڕەوامان ڕووبەڕووی هێرشی ڕژێمی خومەینی قینڵەدڵو کۆنەپەرست ، نیشانەو تیشکی پیرۆزی ئەوتۆی خستەسەر لایەڕەی ژیانمان کە هەتاهەتایە دەدرەوشێتەوە ٠٠٠

لەوە گەورەتر هەیە پاش سێ ساڵ جەنگو فیداکاریو ڕاوەستان وەکو ئەوەی پۆڵایین لەسەر سنوور ، پاش سێ ساڵ بەرپەرچدانەوەی ناپاکترین هێرشی نامەردانەی دوژمن، هێشتا مرۆڤی عیراقی وەکو هەڵۆ ترۆپکی لوتکە بەرزەکان جێگەی بێو ، موفرەداتی مل کەچی و نووچدان لە فەرهەنگی ژیانی بسڕێتەوەو، لە بازاڕی ڕەشی دەوڵەتاندا سەربڵند بمێنێتەوەو ، تەنها پەنای هەر تواناکانی خۆی بێ ٠

تەنها ئەم هەڵوێستە بەسە بۆ دەرخستنی کرۆکی ڕەسەنی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەری لەلای خەڵکی وڵاتە ٠٠

کە گەلی عیراق زێڕیش پێشکەشدەکا ٠٠ مێژوویەکی نوێی زۆر گەورە دەنووسێتەوە ، ئیرادەیەکی لە ڕووخان نەهاتوو دەچەسپێنێ بڕیارێکی بەرزی دڵسۆزیە ، پیرۆزترین پەیمانی عیشقە بۆ عیراقی سەربڵند ٠٠٠

جارێکی تر دووپاتی دەکاتەوە کە لە سەردەمی صدام حسینی سەرکردەو مرۆڤو تێکۆشەردا هیچ شتێك نابێتوانێ لە بەردەم ویستو ئیرادەی عیراقیەکاندا ڕاوەستێو ٠٠٠ هیچ زێڕیش لە سەربەرزیو کەرامەتی نیشتمان بەنرختر نیە ٠

عبدالوهاب تاڵەبانی

پیلانی دژی شۆڕشی فەلەستین لە سوریە کێیە ؟

ـ مجید ندیم ـ

پاش ئەوەی کە ئیمپریالیزم بەهۆی نۆکەرەکانیاوەو بەیارمەتی زایۆنیزم پەشێوی خستە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پەیمانی کامب دیفیدی تا ڕادەیەك وەدیهێنا ئەوەبوو زایۆنیزم بەوەش قایل نەبوو خۆی کوتایە ناو خاکی لوبنانەوە ٠٠ گومان لەوەدا نیە کە زایۆنیزم مەبەستی لەم کارە شەڕانگێزیە خوێنینەی کە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی ناوچەکە پشتیان گرت تەنیا لایەنێك نەبوو ٠٠ چونکە زایۆنیزم وەك ئەوەی کە دەیویست مەرجەکانی لە مولکای بەهێزی یەوە بەسەر لوبناندا بسەپێنێ لە لایەکی تریشەوە نیازی لێدانو هەڵکەندنی بنکەی سوپای ئازادیخوازی فەلەستین بوو لە خوارووی لوبناندا و دەستبەسەرداگرتنی ئەو پارچە زەویانەبوو کە کەوتبوونە خواروی لوبنانو زەوی یەکی ئاودارو بەفەربوو کە دەمێك بوو چاوی لێ بڕیبوو دەیویست بیانخاتە سەر ئەوزەویانەی کە داگیری کردوون ٠

ئەوەبوو سوپای ڕزگاریخوازی فەلەستین لەبەر قازانجی گشتی با وای دابنێین لە خوارووی لوبناندا هەڵکەندراو نێردرانە دەرەوەی وڵاتی لوبنانو ئاواتەکەی زایۆنی تا ڕادەیەك ماتەدی ٠٠ بەڵام ئەوەی مەبەستە کە بیلێین ئەوەیە ئەم سوپای ڕزگاریخوازەی فەلەستین واتە ڕێکخراوی (فتح) تا ئەمڕۆ تا گەیشتۆتە ئەم ڕادەیە چەندان جار لە خوێنی ڕۆڵەکانی جۆگەلە هەڵبەستراوەو بە هەزاران هەزار قوربانی پیرۆزو بەرزی داوەو هەر ئەمیشە کە بتوانێ نوێنەری ڕاستەقینەو دڵسۆزی گەلی فەلەستینی دەربەدەرکراوبێ لەبەر ئەوە هەموو تەقەللادانێك بۆ دابڕکردنی ئەم ڕێکخراوەو پارچەپارچەکردنی یەکێتی یەکەیو دوژمنکاری نانە نێوانیانەوە لە لایەن هەرلایەکەوە بێت واتە لێدانو لەناوبردنی ڕێکخراوەکەو بەهێزکردنی زایۆنیزمە کە نەك هەر دوژمنی ئەم ڕێکخراوەو گەلی فەلەستینە بگرە دوژمنی هەموو هێزێکی خێرخوازو پێشکەوتنخوازی ناوچەکەیەو نیشانەشمان بۆ ئەمە لێدانی کورە ئەتۆمی یەکانی عیراق بوو لە لایەن زایۆنیەوە ٠

ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین گەلی فەلەستین لەبەر ئەوەی ئاواتی خۆیان لەسەرکردایەتی یەکەیانو خەباتی چەکدارانەو سیاسی خۆیانو قوربانیدانیاندا دەبینن هەرنەمرەو بەزیندوویی دەمێنێتەوەو ئەوانەشی کە لە ڕێگەی ئەم ئاواتە لایانداو دەیانەوێ لە ناوی ببەن خەیاڵیان خاوە چونکە هەرچی هێزێکی پێشکەوتنخوازی جیهانە لایەنی سەرکردایەتی یەکەی دەگرنو پشتی دەگرنو ئەوەشی زۆرباشی دەزانن کە کاری پارچە پارچە کردنو ناکۆکی خستنە ریزی ئەم ڕێکخراوەوە خۆشکردنی شوێنپێی ئیمپریالزمە لە ناوچەکەداو لێدانی هەموو هێزێکە کە خواستی سەربەستیو کامەرانیەو دەیانەوێ پێشکەوتوو بژین ٠

لەبەر ئەوە ئەم مەلپانەی کە هەندێ لایەنی ناپەسەند دەیکەنو لەبەر ئەوەش کە گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە وریانو ئاگاداری هەموو شتێك هەنو یەکگرتوون هەموو تەقەللادانێك بۆ دەرگا خستنە سەرپشت لەناوچەکەدا بۆ تالانو بڕۆی ئیمپریالیزمو زاڵبوونی مەرجەکانی زایۆنی پووچەڵەو ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینیش بەلادانی ئەوانەی کە لێیان لادا بەهێزتر بوو چونکە ئەمانە هەر ڕۆژێك بوایە دەستی خۆیان دەوەشاند ٠٠ کێ دەڵێ نەیانوەشاندووە ؟٠

لە لێدوانێکی جێگری گشتی شارەوانی و هاوینەهەوار بۆ هاوکاری ٠٠

ئەم ساڵ لەهاوینە لەوارەکان ئارای بووکێنی دەپۆشن

نووسینگەی هەولێر

هەموو ساڵێك لە هاوینەدا ، هاوینە هەوارەکانی ئەم کوردستانە شیرینە دەبن بە چەند پارچەیەك لە نەفسوون جوانی و ئاو هەموو سووچو تەلانێکی ئەم وڵاتە شیرینە هەر لە بیابانەوە تا چیا ، ڕووی تێدەکەنو هاوینە هەوارەکانیشمان بە نازو سۆزەوە دەیان گرنە باوەشی خۆیان ٠٠٠

وا ئەم ساڵیش لە کاتێکدا کە لە ئێرانی خوێنیدا مرۆڤ لە ناوگۆمی خوێنی خۆیدا پەلەقاژێ دەکەن ، لەم عیراقە سەربڵندو هەمیشە گەشاوەدا، بەدەم زەردەخەنەوە خەڵکی بنیاتدەنێو جوانترین وێنەی برایەتی دەنەخشێن ٠٠

کە لە ژووری کاك ـ مینان پۆلص ـ جێداری گشتی شارەوانیو هاوینە هەوارەکان چوینە ژوورەوە ، وادیاربوو خەریکی قسەکردن بوو دەربارەی چۆنیەتی پێشوازی ـ لێ کردنی هاووڵاتیان لەم وەرزەی هاوینەداو ووتی :ـ

ئاشکرایە کە هاووڵاتی لەبەردەم نیگای شۆڕشو سەرکردایەتی یە لێهاتووەکەیدا ، بەهایەکی گەورەی هەیەو ، هەمیشە شۆڕش ، پایەخ بەوە دەدات نزیکترین هۆیەکانی حەسانەوەو ئاسوودەگی ژیانی بۆ زامن بکاتو بیخاتە باوەشی کامەرانی کە بایەخدان بە هاوینە هەوارە دلگیرەکانمان یەکێکە لەو لایەنە زیندووانەی دەتوانێت بەشداربوونی فراوان لە خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان بکات

● **وەزیاتر ووتی :**

هاوینە هەوارەکانمان لە ژێر سێبەری شۆڕشدا ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی تەواویان پێدەدرێو ئەمسالیش دەیەها پرۆژەی نوێمان بۆ خزمەتی مێوانەکان ئامادەکردووە هەرسێ شاری دهۆك و سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە ٠

لە شاری هەولێردا گازینۆیەکی نوێو چێشتخانەیەکی نوێو پێنج خانووی هاوینەهەواری ، لە هاوینەهەواری صلاح الدین دادەمەزرێو خانووی پشوودانەوەیەکی گونجاو بە نوێترین کەلوپەل بیناەدکرێ ، لەگەڵ گازینۆیەکی گەورە لە خەبات، هەروەها دامەزراندنی شەڵاڵێکی یاری کردنو کردنەوەی چەندان گاژنیۆی تازەلە گڵ کەندو دیانەو کۆڕێد هەوڵدەدەین کە ئەمسال لە سەرووی کەلوپەلو خزمەتگوزارییەوە ئەم گازینۆیانەو خانووەکانی

بڕوانە ل : ٧

کوردستان چاوەڕوانی تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی نوێ دەکات

ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق چاوەڕوانی دووەم تاقیکردنەوەی دیموکراتی دەکات کە تایبەتیە بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کە لە ٥ـ٨ـ١٩٨٣دا دەستپێدەکات ٠

لەم بارەوە چاومان بە سەرۆکی لیژنەی ڕاگەیاندنی پارێزگا کاك عبدالوهاب محمد ال الصمد کەوتو ڕایگەیاند هەر بۆ ئەم مەبەستە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیدا دەست کراوە بە دروست کردنی لیژنەکانی ڕاگەیاندن کە لەگەڵ کۆبونەوەکانی مەلبەندی پارێزگادا ئەوانیش کۆبونەوەی خۆیان بۆ ئەم مەبەستەدەکەنو لەم بارەشەوە دەست کراوە بە دانانی نەخشەیەکی کارکردنو کۆڕ سازکردن لە ناو مەلبەندو قەزاکانی پارێزگادا کە لە نێوانیانا چمکەکانی ئەم یاسایە شی دەکرێتەوە لەگەڵ باس کردنو ڕونکردنەوەی چۆنیەتیو پەیڕەوی کردنی هەڵبژاردن بۆیە لەم هەڵوێستەدا داوا لەو هاووڵاتیانە دەکەین کە لە خۆیانا ڕادەبینن خۆیان بکەن بە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتەکەیان خۆیان بپاڵێون هەروەها لەم بارەیەوە هەوڵ ئەدەین کە ئەم هەڵبژاردنە لە هەمان کاتا ببێت بە خۆپیشاندانێکی سیاسی تا وەکو بۆ دۆست و دوژمن بسەلمێنین کە شەڕی سەپێنراوی سەر وڵاتمان کارێکی ئەوتۆی نەکردوەتە سەر کارو باری ناوخۆی وڵاتمانو لەم بارەشەوە بۆ سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)ی دوپات دەکەینەوە کە هەموو توانایەکمان بخەینە کار لە پێناوی بڕەودان بە کاروانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تموز ٠

پاشان وتی هەر لە پێناوی ئەم هەڵبژاردنەشدا وەکو بەڵێنمان داوە کە هەموو توانایەکمان پیشان بدەین بە تەماین چەندەها بڵاو کراوەو وتارو دروشم لە چاپ بدەینو بەسەر هەموو دایرەو دامو دەزگاکانی دەوڵەتیدا دابەش بکەین بۆ

بڕوانە ل ٧

بانگ کردنی کوردەکان ئەوانەی ساڵی ١٩٦٣و ١٩٦٤ لەدایك بوون بچن سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن

بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردنو سەرژمێری لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ٢٦ی ئەم مانگە دەری کردووە داوای لەو کوردانە کردووە کە لە دایکبوانی ساڵی ١٩٦٣و خزمەتی سەربازیان لەکۆل کراوەتەوەو لەوانەش کە لە دایکبوانی ساڵی ١٩٦٤و لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە سەربازیان نەکردووە بچن سەر لە تەجنیدەکانیان لە ڕۆژی (١٨) تەموزی داهاتووەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بدەن بۆئەوەی بۆمەسەلەی خزمەت کردن ساغ بکرێتەوە ٠

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

باکەمێك

خۆمان ماندوو بکەین

عبدالغنی صالح

چەند جێگەی شانازیە کەئەمڕۆ لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەبینین نووسەرێك پارچە هۆنراوەیەکی کۆنی لەدەستنووسێکدا یا لە کەشکۆڵێکدا دیوە لەدنسۆزی خۆی هاتووە ساغی کردۆتەوەو لە گۆڤارێك یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك بە چاپی گەیاندووە • بەڕاستی ئەمە خزمەتێکی گەورەی ئەدەبو کەلەپووری کوردیمانە •

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کاتێك ئێمە بە کارێکی وا هەڵدەستین پێویستە زۆردەست پاك و دڵنیا بین وە بە ووردی و هیچی ئەو دەقەشی بکەینەوە کە کەوتۆتە بەر دەستمان • دەبێ بزانین خاوەنی ئەو دەقە کێیە پاشان بگەڕێین و کەلێن وقوژبنی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبە کوردیەکان بپشکنین تا لەوە دڵنیا بین کە ئەم دەقە لە هیچ شوێنێ بلاو نەکراوەتەوە ، ئەگەر بلاویش کرابێوە ئەوا پێویستە هەردوو دەقەکە بە ووردی بەراوورد • بکەین بزانین کامیان ڕاستترو تەواو ترە ، ئینجا بێین لێکۆڵینەوەیەکی خنجیلانەی لەسەر بنووسین پاشان بلاوی بکەینەوە نەك ـ هەروەکو مامۆستا محمد علی قەرەداغی ووتەنی ـ هەر شتێکمان لەسەر کاغەزێکی زەرد بینی بڵێین ئەوە بلاو نەکراوەتەوە گورج بلاوی بکەینەوە ، چونکە ئەم کارە ئەمانەتێکی گەورەیە پێویستە ئێمەش دەست پاك بین لە ڕاست ئەم ئەمانەتە •

لەم ماوەیە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٦٩١ لە ژێر ناوی «پارچە شیعرێکی بلاو ـ نەکراوەی عەلی بەردەشانی» کاك ئۆرخانی غالب پاشا ئەوەی خۆی دڵنیا کردووە ـ وەکو لە نوسینەکەیدا دیارە ـ کە شیعرێکی بلاو نەکراوەی عەلی بەردەشانی چنگ کەوتووە هاتووە لە ژێر ئەم ناوونیشانەی سەرەوە بلاوی کردۆتەـ وە • بەڕاستی کە شیعرەکەم خوێندەوە سەرم سوڕما لەوەی کە چۆن ئەم پارچەیە بلاو نەکراوەتەوە ؟ لەوەش سەیر تر ئەوە بوو کاکی نووسەر نەیزانیبو کەئایا ئەم شیعرە لە چ ڕووداوێکەوە هاتووە !! لەمەوە زانیم کە ئەم برایە سەرەڕای ئەوەی کە بە دوای شیعرکانی عەلی بەردەشانیدا نەگەڕاوە لە هیچ کەسێکیش پرسیاری نەکردووە • چونکە گەر بە دوایدا بگەڕابوایە دەیزانی کە ئەم پارچە شیعرە لە کتێبی «هەندێ لەهەڵبەستو بەیتەکانی عەلی بەردەشانی » مامۆستا «ووردی» کە ساڵی ١٩٧٢ چاپکراوە لە لاپەڕە «٦٨ ، ٦٩، ٧٠ ، ٧١ ، ٧٢ ، ٧٣ ، ٧٤ ، ٧٥»دا بلاو کراوەتەوە • وە ئەم دەقەی لای کاکی نوسەر بەشێکە لە دەقە ئەسڵیەکەی ناو کتێبەکە ، تەنها لە چەند ووشەیەك جیاوازیان هەیە •

دەربارەی سەرگوزشتەکەش ـ سەرباری ئەوەی لەم کتێبەش نووسراوەـ لام وابێ ئەوەی گوێی لەم پارچەیە بێ دەزانێ ڕووداوەکە چۆن بووە ، چونکە هەڵبەستو قسە نەستەقەکانی عەلی بەردەشانی لە ناو کوردەواری خۆمان زۆر بڵاوە •

سەر گوزشتەکەش ئەوەیە «جارێکیان پیاوەکانی (حەمەد بەگی مەرگەیی) دەچنە گوندی (بەردەشان) جا بۆ تاڵان بێ یان باج وەرگرتن بێ یا هەر شتێکی تر • یەکێ لە پیاوەکان دەچێتە مالی عەلی ، مریشکێ لە ژنەکەی عەلی دەکڕێ ، عەلیش ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە نابێ • جا کاتێ عەلی دێتەوەو ئەمە دەزانێ بە هەڵداوان بۆلای حەمەد بەگ دەچێ و دەڵێ «بەگم پیاوەکانی تۆ تاڵانیان کردوم» حەمەد دەزانێ شتی وا ڕووی نەداوە بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەکو عەلی بەیتێکی بە سەردا بێژی دەڵێ «عەلی ئێستاکە چیت لێ ڕۆشتووە پێم بڵێ تا بتدەمەوە» عەلیش دەڵێ «بەگم با میرزا بێت شتەکان بنووسێ» ئینجا میرزا دێت و عەلی دەست پێ دەکا ئەوەی بە خەیاڵیدا دێ بەم شیعرە بۆی دەر دەبڕێ • حەمەد بەگیش دەڵێ «عەلی نۆسال پاشابم ئەوەی تۆ حسابی دەکەی بۆم نادرێت ، باوکم ئەوا هەندێك شتوو مەڵەو پارەت دەدەمێ نە تۆ دەنگ و نە من دەنگ» • ئەمە بوو سەر گوزشتەی هۆنراوەکە خۆزگە برای نووسەر کەمێك خۆی ماندوو بکردبوایە تاکو باشتر دڵنیا بوایە • لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە «هەرزاڵە» کوڕ و خانولکە نێیە ـ وەکو ئەم برایە لێکی داوەتەوە ـ بەڵکو هەرزاڵە دۆڵاپێکە دەرگەی پێوە نییەو لە دوو ڕەفە پێك هاتووە ، هی خوارەوە هەمبانەو تێرو کاسەو کەوڵی ناو مالی لێ دادەنرێ بەڵام هی سەرەوە نوێن و پێخەفی لە سەر دادەنرێ • ئیتر ڕیزو سوپاسم بۆ ئەم برایە هەیەو هیوادارم خۆی ماندوو بکات ئەگەر بە دوای شتی وادا دەگەڕێ •

پەخشان :



ئێوارەیەکی پایز ، کزەی وشکە سەرمایەکی ناوەخت توانای لێ بڕیبوین ، هەتا هێزمان نێمابوو ، باوەشمان کردبوو بە لێژ پۆپی درەختەکانماندا ، هەر چەندە ئەو گڕو بڵێسە بەهارییەمان نەمابوو •

قولپی گریان شادەمارەکانی گیانمانی دەهەژاند ، لە ناخیشەوە زەردەخەنەمان دەکرد بە میوانی ئەو کزە با شیرینەو سەردەمی جوانیو لاویی خۆمانمان بۆ دەگێڕایەوە ••• ئێمە بە گفتوگۆی شیرینو ئەویش بە سۆزی پایزانەی پارچە ئاوازێکی یەکجار خۆشمان دروست کردبوو ، لە هەرچی هەواڵێك و ڕاگوزارێك ئاگادارمان دەکرد وەك دۆستێکی دێرینی بۆ هەموو شتێ سەری بۆ ڕادەوەشاندین هەر لە نازی تیشکی زێڕێنی هەتاوەوە کە جوانی تێکەڵاو مژدەی بەیانی دەکردو بەناو تاڵەکانی قژماندا پەخش دەبوو تا ماندوێتی کرێکارو جوتیارو ڕەنجبەرو کارگەران کە لە سێبەری خۆشیماندا ماندوێتیان حەسابوەوە، باسی خەوی شیرینی ئەوو مندالانەمان بۆ دەکرد کە لە ژێر شنەی خۆشیماندا خەوی گەورەبوون جوانیان دیوە پێمان دەگوت ، لە بەهاری تەمەنماندا ئەگەر تۆ تووڕە بوویتایە باڕەشو تیژیت بنواندایە ، یان تەنها شنەی شەماڵ بوتیایە ئێمە بۆت دەبوینە جۆلانەو لەنجەمان بۆ خاك و ئاسمانو ئاوو چیاو مرۆڤ دەکرد ، هاژەی هەژاندنمان ئەو ناوەیان پڕ دەکرد لە خۆشی ••• ئێستاش لق و پۆپی لانەکانمان چۆل دەکەین ، زەوی ماچ دەکەین •• هەر تۆش لە سەر زەوی کۆمان دەکەیتەوە ، یان لە بەردەمی سێبەرەکەی جارانی خۆماندا دەسوتێین ، یان دەماندەیت بە دەم ئاوەوەو لە ڕووباری کۆچ کردوودا دەخنکێین ••• ئێمە ڕۆژگارێك بۆ هەزاران سکاڵاو ڕازی خۆشیو ناخۆشی گوێمان گرتووە ، عەشقو سۆزی دڵداری و دڵداران زۆر فێر بووین ، گریانمان دی ، کەچی ئێستا مەلەوانین لە کەشتییەکی وندا ، خۆڵە مێشەکەشمان ، بۆتە سووتووی دەمی تۆ ڕێگا وێڵ دەکات ••• بۆنمان خۆش بوو بە دیمەنمان پیرو لاو دڵیان خۆش بوو •

سایەی چرۆی لقەکانمان بووین لە تەرزەو باران و تۆفاندا ، سنگمان قەڵغانی هەموو گوڵو گیاو دارو سەوزییەك بوو ، تا گەورە دەبوون ، مرۆڤ لە پەلکی دارەکانمانیان دەکردینەوە بۆ دەرمان شادمان بووین ، بە ژیانیان چونکە لەگەڵماندا دەژیان ، بەرگەی هەموو جۆرە ڕۆژگارێکی ناخۆشمان گرتووە ، لە بەهاری جوانی کوردانا ، لە نەورۆزو ڕەش بەڵەکو سەیران و خەنەبەندانا شادمان بووین ، بەختیار بووین ، لە سەنگەری ئازادیو سەربەستیدا سێبەر بووین ، لانەی شەوو ڕۆژی پاساریو چۆلەکەو کۆتر و کەناریو تەنایەت مێروو ئاژەڵیش بووین ، لە سەدان شەپی لابەلایی‌دا بووین بە تفەنگی ڕاوچیانەوە ، شارێك بووین ، ڕێبوارێك بووین لەگەڵ هەزاران ماندووبوونا گەڕاوین • مژدەی شیرینی گەزۆر مازۆ بەروبوومی زۆری هەژاران بووین ، ئێستاش ئاسۆی گەشی ئەو ڕاستیانە لەبیرناکەین •

هەرچەندە تۆ کە لە یەکەم ڕۆژی بوونماتەوە یەکەم هاوڕێی شەوو ڕۆژانی سەختو خۆشیمان بووی ، ئێستاش دەمان وەرێنی ، لەگەڵ ئەم وەرینەشدا ، کفنی خۆمان دەدڕین ڕەنگی ئاڵتونی ڕۆژ لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین ، بۆ ئەوەی هەتا هەتایی و هەمیشە دەروونمان پڕ لە زەردخەنەو ڕوانینی گەش و دوور بێت •••

ئازاد مەحمود مستەفا

سلێمانی/١٩٨٣

سەرلەنوێ

سێ سەرنج دووا بە دوای کۆڕێکی ئەدەبی

مەغدید حاجی

لەم دوایی‌یەدا خانەی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر کۆڕێکی ئەدەبی بۆ شاعیرو نووسەر دڵشاد محەمەد ئەمین ڕێکخست کەتیایدا بابەتێکی ئەدەبی دەربارەی سەرگوزشتەی ژیانی تایبەتی و تاقی کردنەوەی ئەدەبی خۆی و ئەم پڕۆژە ـ ئەدەبی‌یە فۆلکلۆری‌یە گەورەیەی کە گوایە دە ساڵە خەریکێتی و فەرهەنگێکی لە گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی لێ ئامادە کردووەو بە تەمای چاپو بڵاوکردنەوەیەتی پێش کەش کرد •

ئێمەیش وەکو بەشدارێکی کۆڕەکە دووای کۆتایی پێهاتنی سێ سەرنجمان دەربارەی بابەتەکە لە لا دروست بوو لە بەر ئەوەی سەرنجەکان مۆرکێکی گشتیان هەیە بە پێویستمان زانی لێرەدا بڵاویان بکەینەوە بەڵکو سوودێك ببەخشن •

سەرنجی یەکەم :

سەبارەت بە تەرخان کردنی بابەتی (گێرانەوەی سەرگوزشتەکانی ژیانو باسکردنی تاقی کردنەوەی ئەدەبی) لە کۆڕە ئەدەبی‌یەکانماندا بۆ نووسەرو ئەدیبە گەنجەکانمان تا ڕادەیەك لە جێگای خۆیدانی‌یەو ئێمە وای بە ڕادەیەك لە جێگای خۆیدانی‌یەو ئێمە وای بە پەستد دەزانین ئەم جۆرە بابەتە زیاتر بۆ نووسەرو ئەدیبە تەمەندارەـ کانمان تەرخان بکرێت کە خاوەنی تەمەنو تاقی کردنەوەیەکی زۆرو دەوڵەمەندنو تا ڕادەیەکی هەستپێ کراوبن لەگەڵ ژانەکانی میللەتەکەیاندا ژیاونو بەهەر یەکەیشیان بە دەیان بەرهەمی ئەدەبی بە پێزیان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووەو تۆمارێکی دەوڵەمەندیشنو گەلێك بیرەوەری ئەدەبی و بوارەکانی تری خەبات لە نیو لاپەڕەکانی مێشکیاندا پارێزراوەو شایانی ئەوەن لەم جۆرە کۆڕانەدا دەرفەتیان بۆ برەخسێت و بخرێنە ڕوو •

سەرنجی دووەم :

کاك دڵشاد لە بەشی دووەمی باسەکەیدا باسی ئەوەو پڕۆژە فۆلکلۆری‌یەی خۆی کرد کە دە ساڵە خەریکیەتی و بەتەمایە بەم زووانە فەرهەنگێکی گەورە لە گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی لێ بڵاو بکاتەوە •

بێ گومان ئەم کارەیش زۆر بە سوودەو شایانی ریز لێنانە ، بەڵام بۆ ای لێکۆڵەرەوە لە ڕەوتی قسەکانی‌دا دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لەم ڕووەوە بە ئەنجام گەیاندراونو بە نیازی پڕۆپاگاندەکردن بۆ پڕۆژەکەی خۆی هێرشێکی توندو نارەوای بردە سەر کتێبە فۆلکلۆری‌یەکانی مامۆستایان :

محەمەد تۆفیق ووردی نەمرو فاروق حمید زادە •• کە بێ ئەوەی مەوزعیانە هەڵیان بسەنگێنێت و لایەنەکانی باشو سەلبیان بخاتە ڕوو بە بەرهەمی نازانستانەو ناپوختو بێ کەلکی لە قەڵەمدان ••

ئەمەو لە کاتێکدا پێویستە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا بە چاوی ریزو پەسندکردنەوە سەیری گشت ئەو هەوڵە بایەخدارانە بکەین کە لە پێناوی کۆکردنەوەو پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتیمانو فۆلکلۆری ئەدەبیماندا دەدرێن •• بێ گومانیشین لەوەی کە هەر کارو کتێبێکیش نرخی تایبەتی خۆی هەیەو جەماوەریش بە گوێرەی ئەم نرخە لە شوێنی تایبەتی خۆی دادەنێت •

دووا سەرنج :

برای لێکۆڵەرەوە لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دەربارەی دەوری تەلەفزیۆن (وەکو هۆیەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن) لە بواری خزمەتکردنی فۆلکلۆردا بێ یەکو دوو بیرکردنەوە گوتی: تەلەفزیۆن دژی فۆلکلۆرەو لەوەتی ئەم جۆرە دەزگایانە داهاتوونو لە بەشێکی زۆری کاتی خەلکدا دەکوژن! فۆلکلۆرو کەلەپووری تری نەتەوایەتیمان بەتایبەتی گۆرانی‌یەکانی فۆلکلۆریمان بەرەو فەوتانو فەرامۆش کردنەوە دەچن ، کەچی لە ڕاستیدا تەلەفزیۆن بەگشتیو ئێستگەی تەلەفزیۆنی تەئیمی ئێمەیش بە شێوەیەکی تایبەتی تاکو ئێستا ڕۆلێکی کاریگەرو دیاری بینیوە لەبواری خزمەتکردنی فۆلکلۆری کوردیماندا • ئەگەر چی دەورگێڕانەکەو خزمەتگوزاری‌یەکەیشی بە گوێرەی پێویستو خواستی تەواوی بینەرەکانی‌یەوە نین، بەڵام پیاو بۆ خواو حەق بڵێ ناتوانێت ئەم گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یە کوردی‌یانەی لەلایەن تیپەکانی مۆسیقاو هونەری سلێمانی‌و هەولێرودهۆك و خانزادو باواجی‌و هتد کە لە تەلەفزیۆن تۆمار کراونو پارێزراونو ناوە ناوەیش لێ دەدرێنەوە فەرامۆش بکاتو سەری ریزو خۆشەویستی بۆ تیپەکانو ئێستگەی تەلەفزیۆن دانەنەوێنێت •

سەرەڕای ئەو شانۆگەری‌و تەمسیلی‌یە تاکو تەرایانەی کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە تەلەفزیۆندا تۆمار کراونو چیرۆك‌و سەرگوزشتەکانیان فۆلکلۆرین وە یا لە فۆلکلۆرەوە ئامادە کراون •

هەروا لە لایەن هەندێك لە تیپە هونەری‌یەکانی کوردستانەوە بەتایبەتی لەلایەن تیپی هونەری هەولێری سەر بە دەزگای سینەماو شانۆ کۆمەلێك تابلۆی هونەری فۆلکلۆری لە تەلەفزیۆندا تۆمار کراون• وەکو تابلۆکانی : (دروێنەو ساوار کوتانەوەو لۆرکێ‌و گوستانو بووك گواستنەوە ••) •

جا لێرەدا بۆمان ساخ دەبێتەوە کە تەلەفزیۆن وەکو دەزگایەکی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن ئەگەر بێت‌و بە چاکی بەکار بهێندرێت‌و سوودی لێوەر بگیردرێت لە توانای دا هەیە ڕۆلێکی کاریگەر بگێڕێت لە بواری پاراستن‌و خزمەتکردنی فۆلکلۆردا •

سەری زاڤای و نارینا بوکێ

بەهجەت هروری

چەوا بەهار بگولا بڕەوشەو شیفك ئبافێ‌و گوند بمروڤ‌و شینکاتی‌یێ •• وەسا داوەت‌و شایی‌یا کوردیژی ب (سەری زاڤای‌و نارینا بویکێڤە) •• بنارینك‌و ستران‌و پەستێن خو یێن جوان •

سەری زاڤای •• یانژی نارنیا بویکێ : ئاوایەکە ژ ستراندکا کەلەپوری یا جان داڕێژی‌و سفك‌و بساناهی ، دەمێ ڤەگوهازتنا بویکێ یانژی دەمێ زاڤای دبەنە ژوورا وی تێتە گوتن ، دا وی داوەتێ بڕەوشترو جانتر بکەت •

سەری زاڤای •• ڕەنگەك هەیە لدیوانێ تێتە گوتن ، ڕەنگەك دیژی دەمێ زاڤای ژ دیوانێ ڕادکەن‌و دبەن بو ژوورا وی • کو چەند گەنجو هەڤال دێ دگەڵ چن تا دگەهنە ژوورا وی قولەك دێ بێژیت‌و قولەك دێ ڤەگێریت :

کورتەکی سوور •• کورتەکی سوور
کورتەکی سوور •• جەباری سوور
شالا زاڤای گول دانە دوور
دێ هلو زاڤا دا بچینە ژوور

* * * *

کورتەکی عال •• کورتەکی عال
کورتەکی عال •• جەباری عال
شالا زاڤای گول دانە پال
دێ هلو زاڤا دا بچینە مال

* * * *

دا بەشتێدا •• دا بەشتێدا
لاوکێ ڕومی •• دا بەشتێدا
باکێ غەریبی لتەوالێدا
دلێ من سووت ئاگر تێدا

* * * *

کورتەکی زەر •• کورتەکی زەر
کورتەکی زەر •• جەباری زەر
زاڤای ڕاکن دا ببەبینە دەر
چارا زاڤای گول دانە بەر

* * * *

کورتەکی شین •• کورتەکی شین
کورتەکی شین •• جەباری شین
زاڤای ڕاکن دا ئەم بچین
چارا زاڤای گول خولشین

* * * *

دیسا دەمێ کەچو ژنێن گوندی خو ڕادپێچن‌و کارێ بویکینی‌یێ دبەر بویکێ دکەن •• کاری ژینەکا نوی • دا ڤەگوهێزن‌و خاترا خو ژدای‌و بابا بخازین ، ڕەفەك دێ بێژیت‌و ڕەفەك دێ ڤەگێریت :

هۆی هۆی نارێ
هۆی هۆی نارێ

* * * *

نارینێ هەڤال بوری
تو گولی ژگولێن سووری
خانیێ ژ حەوالێت ژووری

* * * *

نارین ئینا بەر دەری
دبەردا مسك‌و عەمبەری
دای نەبوو باب چوو سەری

* * * *

نارینا منێ مەزنێ
تژی دەستا بازنێ
بویکا میرێ مەزنێ

* * * *

نارینا منێ کورتکێ
تژی دەستا مورکێ
کچا شێخێ بچویکێ

* * * *

نارینا منێ پڕ زانێ
تژی دەستا مەرجانێ
مەگول دا بگول شیلانێ

* * * *

هاتی‌یە وەرگرتن :
ژ زار دەڤێ لەعلا چەلکی ، ژی یێ وێ ٦٠ ساڵە •

قاپی‌ی خۆرهەڵات

ئازیزەکەم
چاوەکانت تەڕ نەکردوون
بە بارانی دێوانەو شەم ؟
لێوەکانت کپ نەکردوون
بە داستانی دوو دڵداری بەهرەی ئارام
سەرنەگرتوو
گڕی گلکۆ
گر بەر ئەدا
لە گیانی من لە گیانی تۆ •

★ ★ ★

بەسەرهاتی ئێمەش گوڵم
ئاوی هەمان دەریای سیای خواردۆتەوە
هەمان بەفری لێك‌دابڕان
لەناو لەپیا توایتەوە
وا ئەنالێ زۆر جار دڵم
کەچی گیانە
بزە هەردەم لێوم ئەگرێ
ساوێلکەکە !
نەکەی بڵێی
چۆن بۆت ئەگرێ ؟

★ ★ ★

من لە دەریای چاوەکانت
ئاوی تاڵو سوێر ئەنۆشم
چۆلەکەم‌و بەم زستانە
بە هەناسەی ساردوسڕت فەرامۆشم
کۆڕپەی حەزم ، تا باڵ‌بگرێ
بەکول ئەفڕێ
ئاسمان ئەبڕێ
تا لە قاپی‌ی خۆرهەڵاتا
کۆڵ دانەنێ ، ئوقرە ناگرێ
ئوقرە ناگرێ •

سامی عبدالقادر ـ رواندز

Institut kurde de paris

لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسانداا

ڕۆژنامەی «هاوکاری»، بەوبەڕی شانازیەوە ، پێی خۆشە لە جەژنی ڕۆژنامەنووسانی ئەم ساڵدا، ساڵی ١٩٨٣دا ، ئەم جەژنە لەگەڵ سەربازەکانی قادسیەی صەدامدا بگێڕێتو، بۆ ئەم مەبەستەیش نێرراوی « هاوکاری » لەگەڵ پەیامنێرونێرراوەکانی تری ڕۆژنامەکانی وولاتودەزگاکانی تری ڕاگەیاندندا ڕووی کردە کەرتی بەرەی ناوەڕاستو ، لەم سەردانەدا بۆ کەرتی ناوەڕاست لە ناوچەی خانەقین ، سەری لە هێڵی پێشەوە داو ئەنجام ئەم باسەی کەبەردەمتاندایە، بەرو بوومی ئەو سەردانە بوو ، بە بۆنەی جەژنی ١١٤ ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسانی عیراقەوە ٠

● ڕۆژێکی ناناسایی ●

ئەمڕۆ ، ڕۆژێکی ناسایی نەبوو، وەکوو ڕۆژانی رابوردوو نەبوو ، بەڵکوو ڕۆژێکی دیکەی پەنگاروپەنگو پڕ لە جۆش‌و خرۆشی ڕۆژنامەنووسان بوو ، هەربەکەو بە گوێرەی ئەرکی سەرشانی خۆی بیری دەکردەوە ، چۆن لەم بیرەوەریەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسانداا ، پێنووس‌وکامێراو بیرو ئەندیشەی بخاتە کارو ووشەپەنگینەکان ئامێزی ڕستە جوان‌و ڕێك وپێکەکان بگرن ، ئەوەندەیان زانی نوتومبیلە تیژ ڕەوەکە جادەدرێژەکەی هەڵلووشی‌و گەیشتنە بنکەی هێزەکانی یەرموك ، بۆ ئەوەی چێژو بۆنی بیرەوەری‌جەژنی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕۆژنامەنووسان لە ئەم‌ساڵدا لە ساڵانی‌تر جیاواز بێت‌و ڕەنگ‌و بۆیەکی تری‌هەبێت ، ئەویش بە جۆرەی ئەم جەژنە لەگەڵ‌سەربازەکانی قادسیەی صەدامدا لە ناوسەنگەرەکانیاندا بگێڕن‌و ئانی نیوەڕۆیان لەگەڵدا بخۆن دەرگایەکی گفت‌و گۆیان لەگەڵدا بخەنە سەر پشت ٠

● لە بنکەی فەیلەقی‌دوودا ●

لە بنکەی فەیلەقی دوو، فەرماندەی فەیلەق پێشوازی‌یەکی گەرمی‌لێ‌کردن لەگەڵ ئەفسەرە لێپرسراوەکانی تردا ، بەخێرهاتنی کردن‌و ئەنجا کەوتە باس‌کردنی ئەوناوچانەی هێزەکانی یەرموکی تێدان‌و ئەوجەنگانەی هەر لە سەرەتای جەنگەوە تاکو ئێستا بەشداری‌یان تێدا کردووەو ئەو سەرکەوتنانەی لەجەنگی بەرگری‌کردن لە نیشتمان دژ بە هێزەکانی‌ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خومەینی‌ی کینە لەسك ،وەدی‌یان هێناوون ، هەروەها کەوتە باسی ئەوەی کەوورەی سەربازو جەنگاوەران لەم کەرتەدا زۆر بەدزەوهەردەم ئامادەن هەولەکانی دوژمن سەرکوت بکەن‌و باسی‌جەنگەکانی ئەم دوایی‌یەی مەندەلی‌ی‌کرد کە چۆن‌سەربازەکانی صدام حسین بەیان‌هێشت دوژمن ئامانجەچەپەلەکانی خۆی بەجێ‌بهێنێت ٠

لە بارەی خواردن‌و ئازووقەو مەشق‌کردنیشەوە ووتی کە هەموو شتێك‌لەبەرەدا لە بەردەستی جەنگاوەراندایەو میوەوخواردنی هەموو جۆریان بۆدەچێت‌و لەهیچیان کەم‌نی‌یە ٠

● ووتەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ●

پاشان نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە وەڵامدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ڕۆژنامەنووسان سەرەکی بەڕێز صدام حسین لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ وەفدەکانی حەوتەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەنووساندا ئەو کاتەی ووتی «ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵدامرۆڤێکی سەرکردەیە ٠

فیداکاری‌ی جەنگاوەراندا بێت ، چونکە جەنگاوەریش بە شێوازی خۆی دەنووسێت، خوێنی خۆی دەنووسێت کە دەمانخاتە بەر لێپرسراوێتی‌یەکی ئەوتۆوە کە بەم جۆرە ڕێزمان لێ‌دەنرێت ، ئێمەیش شانازی بەوەوە دەکەین کە جەژنی ئەم ساڵمان لە سەنگەری جەنگاوەراندا بەسەر ببەین ئەویش بۆ دووپات‌کردنەوەی قسەکەی سەرەك صدام حسین کە «پێنووس‌و تفەنگ یەك لووڵەیان هەیە »و بە پارێزگارانی خاکی نیشتمان بگەین‌و شادمانی‌ی جەژنیان لەگەڵدا بەسەربیەین‌و ، هەرچیمان لە توانادا بێت ئەنجامی دەدەین کە پێنووس لە ڕادەی بەخشش‌و گران‌ترین شتە مرۆڤ لە پێناوی نیشتمان‌و خاكدا ببەخشێت ٠

پاشان دیاری‌ی بیرەوەری پێشکەش‌کراو بە گەرمی‌یەوە بەرەو بنکەی هێزەکانی مەنسوور بەڕێ‌کراین ٠

● تیپی زێڕین ●

لە بنکەی هێزەکانی‌مەنسوور لە لایەن فەرماندەو ئەفسەرو سەربازەکانی ئەم‌هێزانەوە پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان کراو لەلایەن‌فەرماندەی ئەم هێزانەوە باسی ئەو شوێنانەو ئەوجەنگانە کرا، کە بەشداری‌یان تێدا کردووەو ئەوسەرکەوتنانەی لە ماوەی جەنگی قادسیەی صەدامدا بەدی‌یان هێناوەو چۆن ئەو سەرکەوتنانە وای لەدوژمن کردووە ، لە بەیاننامەکانی خۆیدا ددان‌بەوەدا بنێت کە عیراق لە هێرشەکانی ئەم ناوچەیەداباشترین تیپی سوپایی خۆی بەکارهێناوەو بە(تیپی زێڕین) ناوی بردووە ، ئەو هێزانەیش‌هێزەکانی مەنسوورن ئەویش لەبەر ئەو ئازایەتی‌و ئەوسەرکەوتنانەی لەم کەرتەو لە کەرتەکانی تردانوواندوویەتی ، پاشان نەقیبی ڕۆژنامەنووسان‌بە چەند ووشەیەك سوپاسی کرد بۆ ئەم هە لە بەنرخەکە ڕۆژنامەنووسان لە جەژنیاندا ئەمڕۆ لەگەڵ‌جەنگاوەراندا بەسەربەرن ٠

● هاوکاری لە هێڵی‌پێشەوەی بەرەی جەنگ ●

پاش ئەمە ڕۆژنامەنووسان، بوون بە چەند بەشێکەوە ، هەر بەشەو بەرەو لایەکی‌ئەو کەرتە کەوتنە ڕێ، بەشی « هاوکاری » ئەو فەوجەبوو کە بە ناوی فەوجی سێ‌ی لیوای ٣٩ واتە‌هێزەکانی عیماد ٠

ئەم لاو ئەو لای ڕێگاکەخۆڵ بەرز بووەتەوەو جار جارەیش تووڵە ڕێکەکە‌پێچ دەکاتەوەو وەکوو مار بە دەوری خۆیدا خوڵدەخوات‌و جارو باریش هەورازو نشێو دێتە بەرڕێگات ، کە لە قیرتاو دەپەڕیتەوە ، جادەخۆڵاوی‌یەکەت لە بەردەمدا قوت دەبێتەوە ، کەندودۆڵو قامیش‌و زەل لەم لاو لەو لای ڕێگا خۆڵینەکەوەولە بەر دەروازەی ئوتومبیلەکەدا سەرەتاتکێ‌دەکەن‌و ، دووکەڵی زەلە سووتاوەکانیش بە هۆی‌تۆپخانەی دوژمنەوە کە کوێرانەوە ئەم بەیانی‌یەوەشاندی ، لە سێ لاوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوەوگاڵتە بە کینە لە سکەکانی هێزە دەستدرێژی‌کەرەکانی خومەینی‌ی ڕەگەز پەرست دەکەن ، کە تەنیا زەل سووتاندن نەبێت هیچ شتێکی تریان پێ‌ناکرێت ٠

ئەنجام پاش بڕینی ئەو بەرزایی‌و نزمایی‌و تەپ‌و تۆزە ، گەیشتینە بنکەی هێزەکانی عیماد ، کە ئەفسەران‌و جەنگاوەران دیسان بە گەرمی‌یەوە پێشوازی‌یان لێ‌کردین ، ەوێ هەموو شتێك ئامادەبوو، جەنگاوەران پێوبستی‌یان

نێرراوی «هاکاری »
موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی
غازی طلوب
وێنەکانی گرتووە
بڕوانە ل : ٧

هاوکاری سەرلە

کەرتی بەرەی ناوەڕاست دەدات

Institut Kurde de Paris

صلاح عبدالغفور

ئەم ساڵ هەوڵ گۆرانی کوردی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکەم

● لە ڕۆژێکی خۆشی‌مانگی ئەورۆزدا لە لووتکەی «سەری‌ڕەش» لە هەولێر ،کۆمەڵێك کیژۆئەو کوڕیژگەی خوێن‌شیرین‌و ئێسك‌سووك‌بەجل‌و بەرگی کوردەواری‌یەوە هەڵدەپەڕین‌و هەستی ناسك‌ودەنگە خۆشەکانیان تێکەڵ بەم سروشتە جوانەی کوردستان‌کردبوو ٠٠٠

لە پڕ گۆرانی‌بێژ «صلاح عبدالغفور» بەجل‌و بەرگی کوردی‌یەوە وەدەرکەوت‌و دەستی‌کرد بە ووتنی گۆرانی «ئەرێ وە بانانەوە» ، گەورەترین خۆشەویستی دەبەخشیەوە ٠٠٠ کامیراو کاکی دەرهێنەر خەریکی تۆمارکردنی گۆرانی‌یەکە بوون ٠٠٠ ناوە ، ناوەش ڕادەوەستان ٠٠ بێ‌گومان سروشت‌و گۆرانی‌یەکەو هەڵپەرکێی کچان‌و کوڕان زیاتر جوانی دەبەخشی ٠٠٠

● لە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ لە ئوتێلی صلاح‌الدین لە هاوینەهەواری صلاح‌الدین، بە دیداری ئەم هونەرمەندە دەنگ‌خۆشە گەیشتم ٠٠٠

ـ وا دیارە دەتوانی گۆرانی کوردیش بڵێی ٠٠٠

● من کوردم لە کفری لەدایك بووم ، بەڵام بە هۆی فەرمانبەرێتی باوکمەوە کەوتینە بەغداو لە تەمەنێکی زۆرمندالی چاوم لە بەغدا کردەوەو بووە هۆی‌ئەوەی کە زۆر کەم بتوانم بە کوردی قسە بکەم ٠٠٠

ـ تەنها ئەم گۆرانی‌یە کوردی‌یە تۆمار دەکەیت ٠٠؟

● نەخێر حەوت گۆرانی کوردیم هەیە ٠٠٠ بەڵام ناتوانم هەمووی پێکەوە بڵێم ، چونکە ووتەکەی واتە (اداء) تۆزێك دەبێ بە ڕێك‌و پێکی بێ ، جا لە بەرکردنەکەی ، مەبەستم شیعرەکەیە زۆری دەوێ ، بەڵام بڕیارم داوە هەر حەوتەکە لەم ساڵەدا تۆمار بکەم ٠٠٠

ـ ئاوازو شیعرەکان ئەم گۆرانی‌یانە کێ داینناون ٠٠)

● هەموویان فۆلکلۆرین‌و بە هۆی چەند براەدەرێکی هونەرمەندی کوردەوە دەستم‌کەوت کە کاتی خۆی لە پەیمانگای دیراساتی ئاوازەکان (دراسات النغمیه) پێکەوە دەمانخوێند ٠٠٠

ـ کە تۆ لە هەولێری ئێستاکە هونەرمەندانی کوردت بینی ٠٠٠؟

● بەڵێ زۆربەیانم بینی٠٠ قسەم لەگەڵیانا کرد ٠٠٠ لەمانە هونەرمەند ٠٠ ووریا ئەحمەد٠٠ قسەمان لەم ڕووەوە کرد بە نیازی ئەوەی کە بەردەوام بم لە ووتنی گۆرانی کوردی ٠٠٠

ـ لێرەدا لەبەر ئەوەی ماوەکە زۆر کەم بوو ، (صلاح عبدالغفور)مان بەجێ‌هێشت٠٠ بەڵام هیوادارین کە ئەو دەنگە خۆشە هەر بەردەوام بێت٠٠

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر

ئاسۆکی هونەر

دووەم پێشانگای هونەرمەند خالد زامدار

لەژێر چاودێری‌ی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی‌دا ٠٠٠ بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی لە هۆڵی مۆزەخانە پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند خالد زامدار کردەوە ٠

لە پێشانگاکەدا کە دووەم پێشانگای تایبەتی‌ی هونەرمەند بوو ـ٣١ـ تابلۆو ـ٣٥ـ خەت هەڵواسرابوون٠٠ وەکوو کاك خالد خۆی ووتی بەرهەمەکانی پێشانگاکە بەرهەمی ماندووبوونی مانگ‌و نیوێك بوو ٠٠٠ دەربارەی ڕێبازی هونەری تابلۆکانیش هونەرمەندی وێنەکێشی‌و خۆشنووس ئەوەی ڕوون کردەوە کە ڕێبازێکی کلاسیکی واقیعی ئامێزی گرتووە ٠٠٠ سەبارەت بە تەمەنی هونەریشی ئەوەی ڕوون کردەوە کە لە ساڵی ـ١٩٦٣ـ وە خەریکی هونەری وێنەکێشانە٠٠٠و شانبەشانی هونەری وێنەش خۆشنووسی دەکات‌و لە هونەری خۆشنووسی‌دا شارەزایی

بڕوانە ل : ٧

لەگەڵ هونەرمەندەلاوەکاندا ٠٠٠

هونەرمەند ئاسۆ عومەر

لە پێناوی خزمەتکردنی‌شانۆی کوردی‌و هاندانی کارگێڕانی ئەو قوتابخانەمەزنە ، بە پێویستمان زانی هەندێ لەو ئەکتەروهونەرمەندە لاوانە بە خوێنەرانی ئازیزی‌ڕۆژنامەکەمان بناسێنین‌و ئەوانیش ڕای هونەری‌خۆیان بە ئارەزووی خۆیان دەربڕن ، ٠

ئەوە بوو لە سەردانێکی کاك «ئاسۆ عمر محمد»دا بۆ ڕۆژنامەکەمان بە هەلمان زانی چەند پرسیارێکی لێ بکەین٠٠

● کاکە ئاسۆ چۆن بوو خۆت کرد بەو جیهانە بەر فراوانەی شانۆو نواندنا ؟

ئەوی ڕاستی بێت هەر لە سەرەتای منالیمەوە لە شارە خنجیلانەکەی سلێمانی‌و گەڕەکی ابراهیم پاشا هەندێ کەرەستە بوونە هۆی دروستکردنی خۆشەویستی‌یەکی گەورەی «شانۆ» لە دڵمدا ، زۆرجار ئاواتە خواز بووم منیش وەك ئەو منالانەی لەسەر شانۆ خزمەتیان کردووە بێ‌بەش نەبم‌و بتوانم خزمەت بکەم ، ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٢دا لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابیانی تردا‌و بە یارمەتی

بڕوانە ل : ٦

هەموو بەرهەمەکاندا هەم نووسەرو هەم ئەکتەرو هەم دەرهێنەریت ؟

+ زۆر ڕاستەو پێشم ناخۆشە ٠«عەل ئەفەندی» سێ کەس بێت ، بەڵکوو لە یەکێکیان زیاتر خۆم بدۆزمەوە ، بەڵام دەبێ کۆمەڵانی هەڵك ئەوە بزانن کە من بە تاسەوە چاوەڕوانم بەرهەمەو دەستو خامەی نووسەرو دەرهێنەرانم کردووە و لە ئەنجامی بڕدەسەڵاتی

ـ شێرزاد عبدالرحمن ـ
نووسینگەی هەولێر
بڕوانە ل : ٦

عەلی ئەفەندی

زیاتر لە دە ساڵە ، هونەرمەندێکی شیرین ، لە ماوەی پەردەی تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە ئاشنای بینەران بووەو گەلێك جار بینەران دەپرسن ، ئەرێ بۆچی بڕدەنگەو ماوەیەکە بەرهەمی تازەی نیەو ماڵئاوایی لێ‌کردووین ٠٠٠ ئێمەش سەر لە ئێوارەیەك لە مەلبەندی ڕۆشنبیری ژانکۆی صلاح الدین سکی عبداللەمان هێنایە قسەو ووتی :

تا ئێستاو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا نزیکەی زیاتر لە ٣٥ بەرهەمی تەمسلیمان بۆ بەشی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکووك بە ناوی تیپی کرێکارانی سلێمانی‌یەوە پێش‌کەش‌کردووە کە زۆربەیان لە دەوری کێشەی کۆمەڵایەتی‌و بابەتی ناوخۆیی کۆمەڵی کوردەواری ئەخوێنەوە، بەڵام لەم ماوانەی دووایی‌دا گراسترامەوە هەولێرو چارەڕوانم کە لەگەڵ تیبە هونەرییەکانی ئەم شارە بکەومە نواندنی جم‌وجۆڵی هونەریم کە ماوەیەکە داخی گرانم لێ‌دووەرم‌و وەکوو

باسی بێ‌دەنگی
خۆی دەکات

هەموو بینەران حەز لە بێ‌دەنگی ناکەم ٠

● گەلێك کەس لەوە دەپرسن ، کە لەبەرچی لە

رژیمی سوریاو هەسەلەی کورد

ـ سەلام ـ

ـ بەشی دووەم ـ

وەك ووتمان ، سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد لە سوریادا بێبەشە لە بچووکترین مافی مرۆڤایەتی هەروەها رژێمەکەی ئەسەد دەورێکی فێڵبازانەو چەوتو چێڵی بەرامبەر تێکڕای مەسەلەکە ئەگێڕێ ٠

یەکەم : لە لایەکەوە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە هەنگاوێکی ترسناك ئەزانێو بە (تەکرید!!) کردنی (شیمال !!)ی عیراقی دائەنێ ، لە لایەکی تریشەوە بە ووتنو کردەوە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی عیراق لە پێناوی دروستکردنی گیانی دووبەرەکێ لە نێوان هەردو گەلی کوردو عەرەبدا ٠

دووەم : پروپاگەندەکردن بەوەی کورد لە عیراقدا هیچ مافێکی نییە ، لە کاتێکدا ئەوەی لە کوردستانی عیراقدا کراوەو هاتۆتە دی ، (وەکوو حەقیقەت) ، هەموو بەشەکانی تری کوردستان خەونی پێوە ئەبینن ، لە لایەکی تریشەوە ، رژێمی سوریا هەموو توانایەکی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئێرانەوە بۆ لێدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا

واتە بە ڕای کاربەدەستانی سووریا ، دانان بە ئۆتۆنۆمی کوردەکانی عیراقدا لە بەرژەوندی گەلی کوردا نییە بەڵام بۆ کوردەکانی ئێران نەهاتووە پارێزگاری لە مافی رەوای خۆیان بکەن کە بریتییە لە «ئۆتۆنۆمی» وەك لە دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا هاتووە ٠

پەندی «بانێکەو دوو هەوا » پڕ بە پێستی ئەم سیاسەتە چەوتەی تاقمەکەی سوریایە کە لە بنەڕەتەوە مەترسییەکی ئێجگار گەورەی بەرانبەر پاشەڕۆژی مەسەلەی کورد هەیە بە شێوەیەکی گشتی،

لە بنەڕەتەوە مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە بەڵکوو سەبارەت بەوەی هەموو ئەو پیلانانەی لە لایەن رژێمەکەی ئەسەدەوە دژی عیراق سازکراو سەری نەگرتو پەردەی ئاژاوەچێتیو دووڕوویی‌یانی هەڵمالی ، ئیتر لە تەریقی خۆیاندا پەنایان بردە بەر هەندێ شێوەی سیاسی کۆن کە لە رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا باویان نەماوەو بەسەر ئەو رژێمە خۆیدا ئەکەوێتەوە چونکە هیچ کاتێ کوردێکی دڵسۆزو خاوەن مەسەلە دەستی یارمەتی بۆ رژێمێك پان ناکاتەوە کە بە بەرچاوی‌یەوە بۆ کوردەکانی لە سێدارە بدات‌و زمانی زگماکیان لێ قەدەغە بکات‌و ئاوارەی وولاتانیان بکات چونکە رووەو ئاشکراشە کە رژێمی سوریا بە (قەناعەتەوە) بەڵکوو ئەگەر بۆی بلوێو دەستی بڕوات لە ماوەی رەنگدانەوەی پەیوەندی رژێمەکەیە لە گەڵ عیراقدا، بۆیە نەك هەر کورد بگرە هەرچی تاقمێك ، بەبێ گوێدانە لایەنی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و ئەخلاقی‌و فیکری ، دژی عیراق بوەستێ ، دەزگای موخابەراتە بەدناوەکەی (رەفعەت ئەسەد) هەر لە ئاسمانەوە ئەیتۆزێتەوەو هاوکاری لە گەڵدا ئەکات‌و کۆمەڵێ هیواوئاواتی چرچەوە ـ بووی پێوە ئەبەستێ سوریا دروستکردنی ئاژاوەیە لە عیراقدا ئیتر بەهەر شێوەیەك بێت ، بۆ وەدی‌هێنانی ئەم مەبەستەش بێشەرمانە ، پەنا ئەباتە بەر هەموو رێگایەکی نادروست‌و لە گشت بوارێکدا خۆی تاقی ئەکاتەوەو بەردەوامیش رووبەرووی ئەم ئەنجامانە بۆتەوە :ـ

یەکەم : ئاشکرابوونی پیلانەکانی رژێم بەرانبەر بە عیراق‌و سەرنەگرتنی‌و تێکشکانی‌و ووردوخاش بوونیان ٠

دووەم : ئابڕوو چوونو (ئیفلاس) بوونی رژێم لە رووی سیاسی‌یەوە لە نێو وولاتانی دەرەوەدا بە ئاشکرابوونی نەخشەو پیلانە چەپەڵەکانی کە ئەمەش کارێکی راستەوخۆ ئەکاتە سەر لاوازبوونو نەمانی متمانە بە سیاسەتی دەرەوەی رژێم ٠

ئەمڕۆ ، لە عیراقدا زیاتر لە دە ساڵ بەسەر بەیاننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا تێپەڕیوە کە تیایدا بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە چارەسەری مەسەلەکە کراوە بە دانان بە مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا٠ لەم رووەوە ، بەراوردکردنی بچووکترین دەسکەوتی ئەو بەیاننامە مێژوویە لەگەڵ وەزعی ئاڵۆزی گەلی کوردا لە ئێران نەك هەر جیاوازی‌ی نێوان سیاسەتی عیراقو ئێران دەرئەخات‌و تێڕوانینی هەردوو لایان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد ئەخاتە روو بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێ ئەنجامو پاستی (مەنتیقی) بەرانبەرمان ئەکاتەوە کە خۆشاردنەوەو خۆگێل‌کردن لێیان بە هەڵویستێکی سلبی ئەژمێردرێو جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆخەڵەتاندن خۆتەفرەدان ٠

پشتگیری‌کردنی مەلاکانی ئێران لەلایەن کاربەدەستانی سوریاوە بۆ لێدانی بزووتنەوەی ئازادی‌خوازانەی گەلی کوردمان لە ئێران ئەڵقەیەکی گرێ دراوە بە زنجیرەی تاوانەکانی رژێمی ناوبراوەوەو دەق لە دەورە ناهەموارەکەی ئەچێت بەرانبەر شۆڕشگێڕە فەلەستینی‌یەکانو هێزە بەرهەڵستی‌کارەکانی ناوەوەی سوریا ٠

ئەمڕۆش ، سەبارەت بەوەی ئێرانو سوریا ، لە وێستگەیەکی هاوبەشدا گەیشتوونەتە یەك کە ئەویش دژایەتی‌کردنی عیراقە ، بە شێوەیەکی راستەوخۆشی لە وێستگە لاوەکیەکانی تردا یەك ئەگرنەوە بە جۆرێك لەگەڵ ئامانجی هەوبەشی هەردولادا بگونجێ ٠

پرسیارێکی تر کە لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە : چ بەرژەوندی‌یەك سوریاو ئێرانی کۆکردۆتەوە ؟ ئایا کام لایەنیان رێگایان خۆش‌کرد بۆ ئەم پەیوەندی‌یەو بۆچی ؟؟ گەڕانەوەیەك بۆسەر رووداوەکانی پێنج ساڵ لەوەبەری ئێران واتە پاش لابردنی حەمەرەزاشا لەسەر تەخت‌و دروستبوونی کۆماری بەناو ئیسلامی‌و جڵەوگرتنی حوکمڕانی لەلایەن خومەینی‌یەوە ، هەتا سەپاندنی شەڕێکی بێئەنجام بەسەر عیراقدا واتە لە ماوەی نێوان‌دروستەبوونی کۆمارو هەڵگیرساندنی (شەڕدا) ، ئەبینین لەو ماوەیەدا پەیوەندی‌ی سوریا لەگەڵ ئێراندا زۆر ئاسایی‌بوو وەك هەر وولاتێکی تر ، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕدا ، بەبێ لێکدانەوەی هۆیەکانی‌و ئیدانەکردنی لایەنی دەستپێشکەر ، یەکسەر کاربەدەستانی دیمەشق هەموو هیوایەکیان بە مەلاکانی ئێرانەوە بەستو ئاگری شەڕەکەیان خۆش‌کردو بۆ هەڵرشتنی رق‌و کینەی بێ سنووریان بە دوو جۆری راستەوخۆ دژی عیراق بەشداری‌یان تیادا کرد : ـ

یەکەم : ـ یارمەتی‌دانی ئێران لە رووی‌ئابوورییەو سەربازی‌یەوە بێجگە لە پێشکەشکردنی گشت جۆرە زانیاری‌یەکی پێویست دەربارەی عیراق ، واتە رژێمی سوریا بووە دەزگایەکی موخابەرات بۆ ئێران لە رووی سەربازی‌یەوە ٠

لە رووی ئابووریشەوە وەك بەستنی بۆڕی نەوتی عیراق کە بە خاکی سوریادا تێئەپەڕێت ، ئەوەی لە توانایدا بوو خستی‌یە کار ٠ لەلایەکی تریشەوە هەموو رێگایەکی گرتە بەر بۆ دەستوەردانە کاروباری ناوخۆی عیراقو تێك‌دانی ریزەکانی گەل ٠

ـ هاویەتی ـ

ئەوەی بە ئاگریاری ئەکا خۆی ئەسوتێ

ـ نازاد شوان

دەنگو باسی ئەم چەند رۆژانەی دوایی رژێمی ئێران وا رادەگەیەنێ کە خومەینی‌و دەستەو دایرەکەی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشێکی نوێ بۆ سەر سنوری عیراق ٠ وە ئەوەی ئەم دەنگو باسەمان بۆ دەسە ـ لێتێ ئەوەیە رەتکردنەوەی ئەو پێش نیارانەیە کە سەرۆکی تێکوشەر بەریز صدام حسین ئاراستەی گەلانی ئێرانی کردبوو لە نامەی سێیەمینی بەرێزیدا کەپێش نیاری کردبوو لە فەرمان بە دەستەکانی تاران لە رووی ئەوەوە کە ڕووباری خۆین رژان راوەستێو فرسەتی میللەتانی ئێران بدرێت کە هەندێ ببوژێتەوە چونکە ئەوەی هەموومان دەیزانین کە میللەتانی ئێران گەیشتوونەتە چ ڕادەیەك لە برسێتیاو لە بەر بێ ئیشی‌و گوزەران نەکردن بە بۆنەی بەردەوام بوونی شەڕەوە لە نێوان عیراق‌و ئیراندا ٠ سەرەکی فەرمانده بەریز صدام حسین پێش نیاری کردبوو کە هەموو جۆرە جمو جوڵێکی شەڕانە لە کەنداوی عەرەبدا بوەستێت وە رێکەوتن لە سەر ئەوەش کە ئیتر شارو شوێنە شارستانی‌یەکان بۆردمان نەکرێن‌و هەروەها رێکەوتنێکی کاتی لە مانگی رەمەزاندا بکرێ کە کوشتار راوەستێ لەم مانگەدا لەبەر ئەوەی ئەم مانگە مانگێکی پیرۆزە لە لای موسڵمانەکان ٠

بەڵام کار بەدەستانی ئێران لەسەر هەموویانەوە خومەینی ئەم پێش نیارە پیرۆزانەی سەرەکی عیراقی تێکوشەر صدام حسینی پەسەند نەکردو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رژێمی ئیران سوورە لە سەر نیازی نا لە باری پیسسو چەپەڵی خۆی بەرامبەر بە وولاتە پیرۆزەکەمان و لە سەر خەیاڵی چاو چنۆکی خۆیان هەر دەرۆن‌و دەیانەوێ نیشتمانی عیراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە بەڵام خەیاڵەیان خاوەو هیچ کاتێك کار بەدەستانی تاران ناتوانن پێ بنێنە ناو خاکی عیراقی مەزنەوە چونکە خاکی عیراق خاکی رۆڵەکانی شۆرشی ٣٠/١٧ی تەموزن‌و خاکی نەوەی (صلاح‌الدین) و(صدام حسین)ن ، ئێمە ئەوە دێنینەوەبیر خومەینی‌و دارو دەستەکەی قم‌و تاران کە ئەوە بێننەوە بیریان کە چیان بەسەر هات لە هێرشەکانی پێشوباندا لە رۆژ هەڵاتی بەسرەو میسان و مەندلیو هێرشەکانی ئەم دواییەی طیب‌و فکەو شیب ٠ بێننەوە بەر چاویان کە چۆن تانك‌و زرەپۆشەکانیان پارچە پارچە بوون لە سەر سنوری عیراق ، با باش بێنەوە یادیان کە چۆن خاکی طیب‌و فکە بووە دۆزەخێك بۆ سوتاندنیان با خومەینی‌و رژێمەکەی ئەمە باش بێتەوە بیریان‌و دورکەونەوە لەوەی کە ئەیانەوێ لە سنوری عیراق تێپەڕن‌و کەمێکیش بیر لە میللەتی ئیران بکەنەوە کە توشی زوڵمو زورداریان بووە ٠با بەس رۆڵەکانی ئیران بنێرن بۆ دۆزەخی شەر ٠ئێمە لە گەلانی ئیران داوا ئەکەین کە لەمانە بیر بکەنەوەو هیچی تر چونکە ئەنجام لە ئێمە باشتر ئەزانن بۆیە سەرۆکی فەرماندا داوا لە گەلانی ئیران دەکات ٠

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نەسیحەتی دەکەین کە لەو دۆزەخەدا نەمێنیتەوە کە پێی دەڵین شەڕ کە ئەنجامەکەی لە پێشەکیەوە دیارەو ئەویش خوین ڕژان‌و مال ویرانی‌و پاشە رۆژێکی تاریکە بۆ گەلانی ئێران ٠ باسوپای ئێرانیش بیر بکاتەوە لەو دەرسانەی ٠ کە سوپای نەبەردی عیراقپێ‌یدا چونکە هەوڵی خومەینی ئەمجارەیشی لە جارانی چاکتر نابێت لە رورەشی‌و پەشیمانی‌وە هیچی زیاتر ناباتەوەو خاکی عیراقی پیروز ئەبێتە دۆزەخێك بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ دەست درێژی بکەنە سەر خاك‌و سنوری عیراق هەر وەکو سەرەکی فەرمانده بەریز صدام حسین لە نامەی سێیەمینی پیرۆزیدا کە بۆ گەلانی ئێرانی ئاراستە کردبوو دەڵی : «ئێمە ئاگاداری فەرمان رەواکانی تاران ئەکەینەوە هەر وەکو لەمەو پێشیش ئاگادارمان کردونەتەوە کە ئەم کارە شێتانەیە بە مردوویی لە دایك دەبێ‌و بە یارمەتی یەزدانی مەزن‌و سوپای عیراقی قارەمانەوە جگە لە پەشیمانی زیاتر هیچی ئەنجام نابێت ٠ داوا لە گەلانی ئێران‌و سوپای ئێران دەکەین کە دوور بکەونەوە لەو ئاگرەی بێستیان تیا دەسوتێت‌و وەکو لەمەو پێش پێستو گەدگی ئەوانەی تیا سووتان کە لەسەر ئەم ربگایەوە هاتبوون پەشیمانیو ڕورەشیان دوا کەوت» ٠

ئەوەتا سەرۆکی بەرێزمان ئاگاداری گەلانی ئێران‌و سوپای ئێران دەکات یاری بە ئاگر نەکەن‌و لە کار بەدەستەکانی خۆیان بگەن‌و بزانن کە ئەم شەڕە لە قازانجی ئەوان نیە ٠٠٠

باری چاڤ دێریا کومەلایەتی ل دهۆکێ

ـ چاڤ دێریا کومەلایەتی ئێکە ژ گرنگ ترین کارێد و د هەر کومەلەکێ مروڤاتی ل هەر دەولەتەکێو دا، چونکو قورتال کرنا وان مروڤایە یێد کو ژیانێ و سروشتی ئەو ژکاروانی ژینا بەختیار و ئازا ڤەهێلاین و سەتماندین ، یان ژی ئەویێد بووینە ئەنجامێ هندەك تایێد هەڤرکێن د کومەلا خۆدا ٠٠٠

ئەڤ چەندە بەحسەکی زانستی و کویرە ئەڤە نە جهێ وێ یە کو ئەم ل دویف رەهە و ریشالا بچین ، لێ مەبەستا مە ژێ ئەوە کو ئەم ئاشکەرا کرنا هندەك کونجا ژ چارەسەرکرنێد رەسمی بکەین یێد کو ژ لایێ دەولەتێ ڤە هاتینە چەسپاندن ب رێکا رێڤەبەریێد چاڤ دێریا کومەلایەتی ٠ لەوا مەدیت کو ژ ئەرکێد مەیێد روژنامەگەری و نیشتیمانی یە ئەم سەر هلدەینە کاروبارێد رێڤەبەریا چاڤدێریا کومەلایەتی ل دهۆکێ و هزرەکێ ژێ وەرگرین و بکەهینین هاووەلاتیا ، ئەڤ هزرە مە کرە چاڤپێکەفتن د گەل لێگەڕا کومەلایەتی ٠

هێژا (گلیزار نایف ایوب) ی ، رێڤەبەرا چاڤ دێریا کومەلایەتی ل دهۆکێ ، ئەوا کو ب دل خۆشی هەمی کاروبارێد ڤێ دەزگەهێ شروڤەکرین ب ڤی چەشنی :

● رێڤەبەریا چاڤدێریا کومەلایەتی ل دهۆکێ یا هاتیە دامەزراندن ل ٢٤/٣/ ١٩٨١ ، تو ژ هنگی وەرە ئەویا ب کاروبارێد خۆ رادبیت ب چاڤ دێریا کەرتەکێ مەزن ژ کومەلێ ٠٠ ژ بجویکا و ئێتیما و کەر و لالا و سەقەت و کورا ، ئو ب رێکا دەزگایێد کەمەربەست وەکو :

١ ـ دەزگەها دەولەتێ یا چاڤدێریا زاروکێد فاما :

ئەڤ دەزگایە ب چاڤدێریا وان بچویکا رادبیت ئەویێد کو بووینە ئەنجامێ ژێك ڤەبوونا دەیك و بابا ، یان یێد بێ خودان ، ئو هەمی پێویستێد پێتڤی بۆ وان ئامادە دکەن یێد ژ یاری و نەفسی ، ئو هژمارا وان نهە (٢١) زارونە ٠

٢ ـ هەر دوو ئاموژگایێد چاڤدێری و ئامادەکرنا کەر و لال و کورا :

ئەڤ ئاموژگایە چاڤ دێریا سەرپاك پێش کێش د کەتن بۆ کورە و کەر و لالا کائو ئەڤ ئاموژگایە د بنە خویندنگەهەکا زانیاری و میهەنی بۆ شاگردا ، ئو ئامادەکرنا وان د هێتە کرن ل دویف نوی‌ترین ئالاف و ل بن سەر پەرشتیا مامۆستایێد مەشق‌کری ٠ ئو د ڤان ئاموژگایا دا کارگەیەکا دارتاشی یا هەی بۆ فێلکرنا شاگردێد کەڕ ل سەرکارێد میهەنی و ل سەر پێشەسازیا ، ژ بلی هندێ ژی تایەکێ ناڤخۆیی یێ هەی بۆ کورا ٠

٣ ـ داینگەها ئەجیال یا ئێکی ل دهۆکێ :

هژمارا زاروکا ل ڤێ داینگێ (٥٠) زاروکن ، ئۆ داینگە ب چاڤدێریا وان رادبیت ل مەمی لایێد تە ندروستی و داینی و پاڤژی و یێد خوارنێ ٠ ئو پەسندکرنا زاروکێد ژنکێد کاردەبەست و کارکەر د کەتن ، ئو سەخبێرکرنا زاروکا د هێتە کرن ژ لایێ داینێد مەشق‌کری ڤە ٠

٤ ـ داینگەها ئەجیال یا دروێ ل دهۆکێ :

هژمارا زاروکا لێ (٧٥) زاروکن ٠ ئەڤ داینگەهە ژی وی یا هاتیە ئافاکرن ئو وی ژی هەمی جورێد چاڤدێریێ تێدا د پەیدانە ٠

ـ ئو کاك گلیزار ڤێرا چوو و گوت :

ئەڤ چاڤدێریە رابەرێ پویتەپێ کرنا سەرکردایەتیا پارتێ و شورەشێ نە ب پەیداکرنا هێشتا ژ ئەگەرێد ژینا بەختەوەر بۆ هەمی چینێت کومەلێ ، ئو راپەرین ژ دیداریا پارتێ یا مروڤایەتی دەسکەفتا مەزن هاتە دەرئێخستن ب یاسۆنا چاڤدێریا کومەلایەتێ ژمارە ٢٦ یا ساڵا ١٩٨٠ ، یا کو دەرکەتی پێخەمەتی وان مروڤا یێد کو دارەتێد وا یێد سروشتی و سەبێد وا یێد ژیاری ئەو بێ کار کرین ٠ هەروەسا مەزخاندنا بەراتێ چاڤ دێریا خێزانێ هاتە یاسادان کرن بۆ ئەویێد کو ج درامەت نەی ، ل دویف راگیرکرنێد یاسۆنا چاڤدێریا کومەلایەتی ب رێکا وا لیزنێد پێك هاتی ل مەلبەندا پارێزگەهێ ل سەر چەقا ٠

ـ ل دوماهیا ڤێ چاڤپێکەفتنێ کاك گلیزار رابو د گەل مە گەریا ل سەر وا دەزگەهێد ئەم ل سەر ئاخفتین یێد کو د دەلیڤەکا دی دا ل سەر ئاخفین ب درێژی ٠ ئو پاشی ئەم دێ د تامادەبین بۆ مەگرتنا هەر گازندەکا هەبیت ژ لایێ هاووەلاتیاڤە و د رێکا خۆ دا دێ دانینە بەر چاڤێد کاربەدەستا ئو ل دماهیێ ئەم بگەرمی سوپاسیا کاك گلیزارێ و هەمی کاربەدەستا د کەین سەر وێ رێدانا دایە مە و هیڤی داریت هەردەم پێش بکەڤن بۆ خزمەت کاریا گەلێ بەندەوار ٠

رمضان عیسی
نووسینگەی دهۆك

خوێندەوانێ دەنووسن

راستی مەسەلەکە

هێزی گەل : بە پێناسەی ، ڕووناك بیران توانایەکی کۆکراوەیەو لە بازووی هەر ئەندامێکی پاریزراوە ٠ تیشکی ڕوناکی کۆمەڵە ٠ سوپایەکەو خۆ ڕاگرو سەرکەوتوومو هێرش بەرمو هێرش شکێن ، سەربازی عیراقی ناوە ٠٠٠

یەك گرتن : چەکی باوەڕە ، هێزو تواناو دوژمن بەزێنی ژیانە مەشخەڵی بیری ئازادی و پارێزەری ووردی گەلە ٠ ئەو یەکیەتیەی لە عیراقی ئەمڕۆماندا یەکی خستوین ، بەرامبەری سوپای گەورەی ، بێ ژمارەی ، بێ باوەڕی ، لەخۆ بایی ، ئێرانی نا موسڵمانا لە سەر سنگ بۆی دانیشتوین‌و خۆمان بە ئاواتی ئەوەین ، هێرش بکەن ٠ تاگۆڕستان ، چەندەها جار ، لە یەك شوێندا ، دوو بارە بکەینەوە ٠٠٠

ئێمەی عێراقی ، لە شەڕی‌ماف‌و ڕەوادا ، شەڕێك ناکەین لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادی ٠ بەڵکو شەڕی چارەنووسە ، بۆ پاراستنی ئازادی‌و سەربەستی‌و بەرگری کردن ٠ هەڵبەت لای هەموومرۆڤێك ئاشکراو ڕۆن‌و دیارە ، کە هەوڵ‌و قوربانی ئێستامان‌زۆر کەمترو ئاسان‌ترو ڕوناك ترە ، لەوەی کەباب‌و باپیران بۆی تێکوشان‌و وەریان گرت ، بە خوێنی پاك ، دواڕۆژی گەلی عێراقیان ، لە چاوی داگیر کەری وولات‌دەرهێناو بۆ ئێمەی داماتوویان مسۆگەر کرد ٠٠٠

هەر بۆیەشە ، پەنا بە یەزدانی مەزن ، هەتا مابین هەر سەرکەوتووین ٠ دیارە هەموو ، دەولەت‌و نەتەوەك ، لەنزیك بێ یا دوور ، زۆر بە باشی دەمان ناسن‌و چاك دەزانن ، کە وا تامی زۆر داریمان ، ئەمەنده چەشتووەو وا لە مانای خاك‌و سەر بە خۆیی وولات ، تێگەیشتوین، کە بە ڕادەك ، خوێنی لەشمان هەموو کاتێ ئامادەیەو لە جیاتی ئاو ، ئەو خاکە شیرنە

تحسین مولود خضر هەولێر

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

- بیروڕای سەربەست -

لەگەڵ دیاردەیەکی نێو رۆژنامەوگۆڤارەکانمان

ئەم مەسەلەیەی کاك هیمداد حوسین وروژاندویەتی بە گشتی ئێمە لەگەڵیاین‌و دیاردەیەکی چاك نییەو پێویستە هاوکاریی‌دەسۆزان لە لایەن بەرهەمنێرو کار گێرانی رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بکرێ بۆ چارە سەر کردنی بەلام ئێمە پێویستە بە هەمووخوێنەرانی رابگەیەنین کەواوەنەبێت دیاردەی دوو جار بڵاوکردنەوەی بەرهەمێك لە دووچاپکراودا هەر خەتای کەمتەرخەمی کارگێرانی گۆڤارو رۆژنامەکان بێت ، بەڵکو دەبێ دان بەوەشدابنێین هەندی «خاوەن بەرهەم»خوا بێ قەزایان کات بۆ شت بڵاوکردنەوە ئەوەندە بە پەلەن ، وەك بیتاقە راکێشان‌لە بیتاقەیەك زیاتر رادەکێشن‌ولای خۆیان دەڵێن یەکێکیان هەر دەردەچێ ، جا جاری‌وا هەیە «وەك بەختیان هەبێ»دوو بیتاقەیان بۆ دەردەچێ٠٠وەنەبێ ئەم دیاردەیە هەر لە لایەن لاوانەوەبێ «کە بە پەروش شت بلاو کردنەوەن»سەلبی‌یەتی ئەم دیاردەیە‌لەوە دایە ، لای خاوەن بەرهەمە دیارەکانیش هەیە٠٠هەر چۆنێ بێ‌وا ئێمە بە پێی سەربەستی بیروڕانووسینەکەی کاك هیمداد بلاو دەکەینەوە ٠

« ئەدەبو رۆشنبیری »

زۆر جاری وا هەیە رۆژنامەیەك‌و گۆڤارێك یان دوو گۆڤاری جیاواز دەکرین‌سەیر ئەکەین لە هەردووکیان شیعرێك یان چیرۆکێك یان هەر بابەتێکی تری ئەدەبی وەکو یەك بلاوکراوەتەوە ،بەلام با لە خۆمان بپرسین ئایا ئەم کارە بۆچی ڕوو ئەدات ؟ لە کاتێك‌دا نووسەرێك بەرهەمێك ئەنووسێ‌و ڕەوانەی دەکا بۆ گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك ئیتر ئەو بەرهەمە دوو ساڵ‌و بگرە زیاتریش لە نیوچەکمەجەو دۆلابەکان دەکەوێ‌و بێ ئەوەی هیچ‌دەنگ‌و سەدایەکی ببێ ، بێ گومان تێپەڕبوونی دووساڵ‌و سێ ساڵ‌و زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی‌نووسەرەکە لە بەرهەمەکەی خۆی خۆش بێت‌و بە هیوای‌نەبێت ، لەبەر ئەوە هەڵدەستێت جارێکی تر دەینووسێتەوەو ئەمجارەیان ڕەوانەی گۆڤارێکی دی دەکابۆی بڵاو بکەنەوە ، لە وانەیە لە گۆڤارەکەی ئەمجارەیان‌بڵاوی بکەنەوە بێ ئەوەی ڕۆژنامەکەی تر یان‌گۆڤارەکەی تر ئاگاداری ئەوەبێ کە ئەو بابەتە‌بڵاو کراوەتەوە ئەمانیش بڵاوی دەکەنەوە ئەمەش‌دەبێتە هۆی ئەوەی قەوارەیەکی تایبەتی لە‌لاپەڕەی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە داگیر بکات‌و هەقی‌یەکێکی تر بخوات لە لایەك، لە لایەکی دیشەوە خوێنەریش‌تاقەتی دەچێ جارێکی تریش هەمان بەرهەم بخوێنێتەوە ،بەلام ئایا بۆچی ئەم دیاردەیە لە زۆربەی هەرە زۆری یان‌بگرە لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا ڕوو نادات ؟لە کاتێك‌دا نووسەرێك بەرهەمێك ڕەوانەی گۆڤارێك دەکات ناونیشانی تەوای خۆی لە گەڵ بەرهەمەکە دەنووسێ ، دوای ئەوەی بەرهەمەکە دەگات دەخوێنرێتەوە ئەمجا بە زۆری لە ڕێگەی تەلەفۆن یان جاری وا هەیە بە نامە وەلامی دەدەنەوە ، بۆ وێنە : ئەگەر بەرهەمەکەی شایانی بڵاو کردنەوە بوو ئەوە بۆی دەنووسن بەرهەمەکەت چاکەو لە فلان ژمارەی گۆڤارەکەماندا بڵاوی دەکەینەوە ، ئەگەر کەمو کورنیشی تیا بوو ئەوا بۆی دەنووسن لە فلان شوێن‌و لە فلان شوێن بەرهەمەکەت پێویستی بە چاك کردن هەیە ئەگەر ڕازی ئەبی ئێمە بۆتی چاك دەکەین یان خۆت چاکی بکەو ئەمجا بۆمانی ڕەوان بکەرەوە ، ئەگەر شایانی بڵاو کردنەوەش نەبوو بۆی دەنووسن بە کەلکی بڵاوکردنەوە نایێت ٠ بەلام ئەشێ ئەم کێشەو بێنەو بەردەیە بەلای ئێمەوە تۆزێ زەحمەت بێ‌و یان لە وانەبە هەموو ماڵێك تەلەفۆنی نەبێ یان کێشەی پۆستە بە ٢٠ـ٣٠ ڕۆژ دەگات ئەمانەو گەلێکی تر جۆرە قورسی‌یەکیان تیایە ٠

جا شتێکی خۆشتریش هەر ئەو نووسەرەی (لای خۆمان) کە بەرهەمەکەی نارد بۆ گۆڤارێك‌و دوای ئەوەی لێی بێ ئومێد بوو هەر ئەو بەرهەمە دەسکاری‌یەکی تەواوی دەکاو گۆڕانکاریەکی تەواوی بەسەردا دێنێ کە ئەمجارەیان بۆ گۆڤارێکی تری دەنێرێ ٠ بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٦٨٧ ، لا ٦ ، شیعرێکی برادەرێك بە ناوی (عباس عبدالله صالح) بڵاو کراوەتەوە بە ناونیشانی (گری فێنك) هەر هەمان شیعری ئەو برادەرە لە گۆڤاری کاروان ژمارە ٨ ، لا ٩٥ بڵاوکراوەتەوە ئەمجارەیان بە ناونیشانی (هەستی ناسك) ٠

زۆر نموونەی تری لەم بابەتە تاکو ئێستا دووبارە بۆتەوە ، بەلام من لێرەدا بە پێویستم نەزانی هەموو ئەو نموونانە بژمێرم‌و ناویان ببەم چونکە گرنگیەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین بەسەر ئەو تەنگ‌و چەڵەمەیەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا زاڵ بین‌و نەهێڵین دووبارە ببنەوە ؟

بە بیروڕای من چاکترین ڕێگەیەك بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم دیاردانە ئەوەیە ، وەك چۆن لە پۆستەی خوێنەران هەموو ئەو ناوانە دەنووسن ، کە بەرهەمەکانیان شایانی بڵاوکردنەوە نی‌یە یان چاوەڕێی بەرهەمی ترتانین٠٠ ٠٠هتد ، هەر بە هەمان شێوەش ناوی ئەوانەش بنووسن کە بەرهەمەکانیان بە کەلکی بڵاوکردنەوە دێن‌و چاوەڕێ بن ٠

هەروەها ئەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو دیاردەیە بە زۆری لای گەنجەکان ڕوو دەدات ، چونکە گەنج جۆرە خرۆشانێکی تیایەو بە دوای کەسیەتی (شخصیە)و ناو پەیدا کردندا وێڵە ، لە بەر ئەوە بە پەلەن لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ٠٠ لە دواییدا هیوادارم ئەم دیاردانە ڕوو نەدەنەوەو بیرو ڕاکەی منیش سوودی ببێت‌و لەگەڵ سوپاسم بۆتان ٠

نووسینی : هیمداد حوسێن

چەند حەزدەکەم

لەبەر دەرگای
بەهەشتی خۆشەویستی بووین
فریشتەی ئاواتی نێشتم
بەجێی هێشتم
بوونم تێك‌چوو ٠٠٠ هەستم شێوا
زەردەخەنەم توایەوە
ڕێگەی بەرەو ناخم گیرا
ئیتر بۆ هیچ کچێکی تر نەکرایەوە
ساڵەهای ساڵیش بەسەرچوو
خۆری لاویم خزی‌و کەوتە
دامەنی ئاسۆی ئاوابوون
بەفری ئەمەن سەری‌پۆشیم
لەم ساڵەهایەی بەسەرچوو
گەلێ جوانی زۆر لەو جوانتر
منیان خۆش‌ویست
ووشەیەکیان لەمن نەبیست
دڵیان خۆش‌کات ٠٠
لەم ساڵەهایەی بەسەرچوو
کاسەی گەنجی
هەرچی‌یەکی تیابێ نۆشیم
بەلام هەرگیز
بەکتریمان نەبینیووە
من‌و خۆشیم ٠٠٠
زۆر لە مێژە ٠٠٠
تامی ئازاری دڵداریم نەچێژتووە ٠٠
زۆر لە مێژە ٠٠٠
لەتاو دووری خۆشەویستا
هیچ فرێسکم نەڕێژتووە
چەن حەز ئەکەم
تووش‌بم تووشی دڵرفێنێ
هەستی سڕ بووم ببووژێنێ
لە چاوما
کانی‌ی فرمێسك هەڵقووڵێنی
ئازارم‌باو بمسووتێنێ ٠٠
بۆی بگریم‌و نەمدوێنێ ٠٠٠

وریا

چاڤەڕێ لێ هاتنانەت

ئەحمەد قەرەنی

حەمك ژارۆ
دڵێ ناهێت
ئەڤینداران ٠٠ مەیا خۆ ڕێت
خەملا ژینا
شەنگە پەریا
کانی بهاکا لێ نازیت
دڵێ ناهێت
حەمك ژارۆ ٠٠
دڵێ ناهێت ٠٠!!
+ + +
دل دزانن
چاڤ ژڤانن
لێڤ وبرۆ دبێ خودانن
کاخێت ژینێ ژەهرو ژانن
گەردەنێت زەر دبێ یەمانن
بڕ کەسەر پڕ کۆڤانن
بەلێ چبکەم
دڵێ ناهێت
حەمك ژارۆ ٠٠ دڵێ ناهێت
+ + +
دل ما بتنێ ل باخچێ ژینێ
نێرگز شین بوون سەر برینێ
برین تەڕ بوو ل سکرێ ڤینێ
سکرێ ڤینێ ٠٠٠ ل سەرێ ڕێکان
هەر (مەم)ەك ما چاڤە ڕێێ بەژنا زینێ
دڵێ ناهێت ،
حەمك ژارۆ دڵێ ناهێت ٠٠٠!!

شەڤ‌و ڕۆژن
دەمێت بەلەك
تەلهڕ داڤن ٠٠
کەزێت خەلەك
پێکڤە جەمیان گەمی‌و کەلەك
چاڤە ڕێمان مابوو دلەك
و ٠٠٠٠٠
دڵێ ناهێت
حەمك ژارۆ دڵێ ناهێت
+ + +
بویك وزاڤا
شاهی کارکر
ڕەڤەند ئۆلان
بیری وتەرازی نیشان‌کر
گژڤەند گێران ،
کاروان بارکر
دڵێ ناهێت ٠٠
حەمك ژارۆ دڵێ ناهێت ٠٠٠!!
+ + +
شولقا سۆزان نافەگەرێت
بەشیمانی مەشکان ناکێت
چبکەم ئیرۆ ٠٠
ئەز بێ کەسم
ڤێ بوهارێ
دەڤێ شرین ژەهرێ نامێت
حەمك ژارۆ ٠٠
دڵێ ناهێت ٠٠٠ دڵێ ناهێت ٠٠٠!!

گوندێ شیرانە ١٩٧٩

دەڵە ڕێوی وماسی

لە دارستانێکدا ٠٠ دەڵەڕێوی‌یەکی چلکنی ڕەش‌داگەڕاو ژیانی ئەبردەسەر ٠ ڕۆژێکیان ویستی پێشبڕکێ لەگەڵ ماسی دابکا ٠ چووە سەر ڕوبارو ماسی تێگەیاند ٠٠ ئەمیش سێ‌و دووی لێ‌نەکردو وتی «سبەینێ بەیانی ٠٠ ئامادەبە ، بزانین کێ خێراترە» ٠٠ هەر ئەو ساتە ماسی‌یەکە هەستا جاڕی‌دا بەهەموو ماسی‌یەکانی ڕووباردا ئەم کارە پڕ لە دژایەتی‌یەی ڕێوی تێگەیاندن‌و ووتی «سبەینێ کە دەڵەڕێوی هات‌و لە منی پرسی ٠٠ لە عاستی هەر یەکێکتان بوو با سەر لە ئاوەکەوە دەرکاو بڵێت «بەلێ من لێرەم» ٠٠ با ببێتە دەرسێك بۆ ئەم دەڵە ڕێوی‌یە ملهوڕە ٠ سبەینێ بەیانی کە ڕۆژهەڵات ڕێوی بەراکردن هات بە سەر ڕوبارەکەو قیژاندی «هۆ٠٠هۆ ، ماسی‌یە لووتە لێرەی ؟» «بەلێ لێرەم» ماسی‌یەکە وەلامی‌دایەوە خۆی نوقم کرد لە ئاوەکەدا ٠ دەڵەڕێوی تا توانی رایکرد بە لێواری ڕوبارەکەدا ٠٠ ماوەیەك رایکردوهە لویستەیەکی بۆ کرد دووبارە قیژاندی «هۆ٠٠هۆ ماسی‌یە خوێری لێرەی؟» هەر یەکسەر ماسی‌یەك لووتی دەرهێناو بە توندی وەلامی‌دایەوە «بەلێ لێرەم» ڕێویش دەستی کردەوە بە راکردن ، بە خێراترو بە پەلەتر ، تا وای لێهات هەناسەبڕکێی پێ‌کەوت‌و زمانی بستێ لە دەمی دەرهاتبووە دەرەوە ٠٠ کە گەیشتە شوێنی دیاریکراو ٠٠ ماسی‌یەکی تر سەری دەرهێناو ووتی «لە مێژەوە چاوەڕێتم لێرە ٠٠ دەڵەڕێوی» ئەمیش لە ڕقاندا دانەکانی ریچ‌کردەوەو لێوی خۆی ئەکرۆشت‌و ئەیوت «چیتان پێ بڵێم ٠٠ ئێوە زۆرن ٠٠ قەت بڕواناکەم یەکێك بن ٠٠ راست‌نییە» لە گەڵ ئەم ووشانەدا سوورسوور هەڵگەڕا لە شەرم‌و قیندا لە تەوقی سەرییەوە تا پەنجەی پێی ٠٠ هەروەها بە سووری مایەوە ٠

لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانەوە

دووچیرۆك

کەروێشکە سپی و گورگە بور

هەبوو نەبوو ٠٠ لە سەر دەمێکدا پیرەمێردێك نەماڵ ، نە منال نەمەڕو ماڵات هیچی‌نەبوو ٠٠ دێ‌بەدێ ئەگەڕاو بەخێری خەڵکی ئەژیا٠٠ لەم گەڕانەیدا جارێکیان لە چەقی ڕێگایەکدا جەواڵێکی ئەستووری دەم‌پێچراو ئەدۆزێتەوە ٠٠ دڵی خۆش‌بووو لەبەر خۆیەوە ووتی «خوایە بەخێری بگێڕی‌و بەختم ڕوو لە چاکە بێ» ٠ خێرا پەلاماری‌دا کردنەوەی جەواڵ ٠٠ هەر کە کردیەوە گورگێکی بۆری ٠٠برسی دان ریچ دەرپەڕی ووتی «پیرەمێردی بێچارە ٠٠ هەر ئیستا ئەتخۆم ٠٠ بە تەواوی قووتت ئەدەم ٠٠ لە مێژەوە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەم» پیرە ئەوەندە ترسا ٠٠ وەلامێکی شیاوی بۆ نەدرایەوەو بەدەم لەرزینەوە ووتی «کەمێ ٠٠٠ تو خوا پەلە مەکە ٠٠٠ ئەتوانی دوایی٠٠ سەر لە ئێوارە بەخۆی» ٠٠ گورگە بۆر سەرێکی راوەشاندو رازی‌بوو «بەلێ باوابێ ٠٠ سەر لە ئێوارەبێ ٠٠ئەمەی ووت‌و سەری بەزر کردەوە بەرەو ڕۆژ ٠ پیرە کەمێ هیوای پەیداکرد ووتی «من رزگارم کردی‌و تۆش ئەتەوێ بمخۆی ٠٠ ئەمە ، خوا هەڵناگری ٠٠با خەڵکی دادمان بکەن٠٠» گورگە رازی بوو ، پێکەوە بۆی دەرچون بەو ڕێگایەدا ٠٠ زۆری پێ‌نەچو گایەکی زلیان تووش‌بوو ٠ پیرە بە گاکەی ووت ئەم گورگە خرابوە جەواڵێکەوە ٠٠ من رزگارم کرد ٠٠ئایا راستە ئیستا نیازی ئەوەی هەیەبمخوا ؟ گاکە ماوەیەك داماو بیری کردەوە «من ناتوانم بەڵگەی تۆ بسەلێنم ٠٠ تێ‌ناگەم چۆن مرۆڤ گورگ رزگار ئەکا» ٠ بەلام کەڕۆیشتکی سپی هەیە لەم دارستانەدا ئەڵێ ٠٠ زۆر دانایە ٠٠ بچن بۆ لای٠٠ ئەو ئەتوانێ دادگەریتان بکات»٠٠ پیرەو گوسکەبۆر چونە دارستانەکەوە ٠٠ گورگە توانای لێ‌ڕابوو لە برساو ئەیویست زووبەزوو کابرا بخوات٠٠لەبیر تووشی کەروێشکە سپی بوون ، پیرە هاواری لێ‌هەڵسا «ڕۆژباش ٠٠ ڕوژباش ٠٠ مام کە روێشك تکام وایە دادوەری ئەم کێشەیەی ئێمەبکەی»٠ئەمیش لێیان نزیك‌بووەوە پرسی «کێشەتان لەسەر چی‌یە ؟» ٠ پیرە ووتی « من بەو ڕێگایەدا ئەرویشتم ٠٠ جەواڵیك کەوتبوو کە کردمەوە ئەم گورگەی تیابوو ٠٠ رزگاری بوو ٠٠ بەلام ئەیەوێ بمخوا » «بەلێ ئەمەوێ بیخۆم » گورگەش سەلماندی ٠ کەروێشك لە وەلاما ووتی « من دادوەرێکی ڕاستم ٠٠ ئەمەوێ ئەو شوێنە ببینم ، ئەم کارە تیا رویداوە » ٠ هەرسێکیان کەوتنە ڕێ بەرەو شوێنی ڕووداو ، کە گەیشتن، کەروێشك ووتی «ئەمەوێ بە چاوی خۆم ببینم کە چۆن گورگەت ڕزگار کرد٠٠ کوانێ جەواڵەکە ؟ ـ ئەمەیە ٠ ـ دەبیخەرە ئەو جێگەیەی تیا دۆزیتەوە ـ بەسەرچاو ٠ ئنجا کەروێشکە سپی بە مام گورگی ووت «پیشانم دە چۆن کەوتبووی لە جەواڵەکەدا » بەم جۆرە گورگەش خۆی ترنجاندە جەواڵەکەوە ٠ کەروێشك پرسی : «ئایا دەمی جەواڵەکە شەتەك درابوو ؟ «پیرە ووتی «بەلێ قوربان»٠ کەروێشك : «دە پیشانمدە چۆن پێچرابوو ٠ » پیرەش بە توندی دەمی جەواڵی شەتەكدا ٠ کەروێشکیش ووتی «زۆر چاکە ٠٠ ئێوە ئا بەم شێوەیە بوون ؟ » هەر دووکیان ووتیان « بەلێ »٠ کەروێشکە سپیش ووتی « ئەوا من کێشەی ئێوەم چارەسەرکرد » ئیستا مامە پیرە بڕۆ بە ڕێی خۆتەوەو واز لە گورگەبۆر بێنە بالە جەواڵەکەدا بێت »٠ «خوا حافیز لە هەردوولا » ٠ بەم شێوەیە کەروێشکە سپی بەڕێی خوێدا گەڕایەوە ٠

محمد حمە صالح

لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

چەند ڕاپۆرتێکی کورت

عەلی‌ئەفەندی پاشماوە

ئەم ڕێبازەم گرتبووە بەر واتە لەبەر قات وقڕی نووسەران‌و ویستم ئەم بۆشایی‌یە پڕ بکەمەوە ٠

● بابەتەکانت لە چی ئەدۆین ؟

+ لە کۆمەڵگای کوردەواری کە سەرباری هەموو لایەنە پێشکەوتووەکانی ژیان ، هێشتا لەژێر باڵی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی‌دا ئەتڵێتەوە بە پێویستم زانی ئەم لایەنە تاریکانە بخەمە ڕووی بینەران بۆ بە خۆداچوونەوەو ڕەخنە لێ‌گرتن دیاردە ناهەمواەکان کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم هەنگاوی پێشکەوتن‌دا ٠

● ئایا حەزلە کۆمێدیا ، یان تراژیدیا ئەکەیت ؟

+ دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ کەمن دەرچووی هیچ بەیمانگاو ئەکادیمیایەکی هونەری نیم ، بەلکو هەموو سەرچاوەی هونەرم ، بەهرەی خۆم‌و ئەو کێشانەیە کە ئەیان‌بینم ، بۆیە ، نەمتوانیوە تا ئێستا ڕێبازێکی تەواو بگرمەبەر ، بەلام کۆمێدیام خۆشتر ئەوێ ، چونکە زۆر کەس واتێ دەگەن کە هونەری کۆمێدیا شتێکی ئاسایی‌یە ، بەلام بە لای منەوە ، کۆمێدیا هێچی لە تراژیدیا کەمتر نیەو پێویست بە هونەرمەندانی لێهاتوو هەیە ٠

● دەنگۆباسی فلیمێکمان بیست کە دەری‌ئەکەیت

+ ئەمە پرۆژەیەکی بەگچار کۆنەو فلیمێکە بە ناونیشانی «ڕەهێڵە» لە نووسینی کامەران‌و دیسان لە چەند لایەنێکی کۆمەڵی کوردەواری‌و گیروگرفتی ئەدوێت‌و بە هیوام بە یارمەتی‌ی هونەرمەندانی‌تر بێتە دی ٠

● بیر لە پرۆژەیەکی نوێ ناکەیتەوە ؟

+ ئامادەبوونی خۆم بۆ هەمرو تیپەکانی هەولێر دەربڕیوەو چاوەڕوانی دەقێکی تازە دەکەم بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە بینەران بگەمەوە ٠

لەگەڵ هونەرمەندە پاشماوە

مامۆستا عمر عەلی امین لە قوتابخانەی مەحوی‌و بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانی یەوە شانۆگەری «دیوەخانی وەیس»مان پیش‌کەش‌کردو توانیم بە هۆی ئەوەو شانۆگەرییەوە بە ئاواتی خۆم بگەم ، سەرەڕای ئەمەش دایکی ئازیزم «ڕووناك خان» دیسانەوەهاندەرێکی گەورەم بووە بۆ بەردەوامی‌و مانەوەم لەم جیهانەدا ٠

● ئەوە شانۆگەرییانەی دەورت تیا بینیون ؟

لە زۆر شانۆگەری‌دا دەورم بینیوە ، بەلام ئەوانەی کە دەورەکەم بە دل بووبێت ئەمانەن : «دڵداراني باران» نووسینی مامۆستا ئەحمەد سالارو دەرهێنانی مامۆستا برهان جمال «بەرگە ئەفسوناویەکەی پاشا» نووسینی هانز کرستیان ئەندەرسن‌و دەرهێنانی برهان جمال ، «ڕووبار» دەرهێنانی ئەحمەد سالار بەندی‌و شێتخانە نووسینی‌و دەرهێنانی کمال ڕۆوف هەنجیرە «تەنەکە» دەرهێنانی ئەحمەد سالارو دوا بەرهەمیشم ئەو شانۆ گەرییە ئەفەربقی‌یە بوو کە ئەمساڵ لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بە ناوی «بایتی بابا ٠٠٠ بایتی بایتی»یەوە لە دەرهێنانی مستەفا قەسیم پێشکەشمان کرد ٠

● ئەگەنەرەکانی کوردستان کامیان زیاتر کاری تێ تردووین ؟

نەك کارتێکردن ، بەلکو وەك مامۆستاو ڕابەر هەمیشە شانازی بە مامۆستا ئەحمەد سالارەوە دەکەم ، چونکە هەردەم بە شێوەیەکی زانستی وویستویەتی گەورەیی هونەر لە ناو خەڵکیدا ڕەنگ بداتەوە ، ئومێدەوارم لە داهاتووشدا سوود لەو سەرچاوە ڕوون‌و بێ گەردە وەر بگرم کە نەك هەر من بەلکو زۆربەی هونەرمەندە لاوەکان سودمان لە ئەحمەد سالاری هونەرمەند وەرگرتووە ٠

Institut Kurde de Paris

هاوکاری‌سەر پاشماوە

بەهیچ نەبوو ، تەنانەت کارەباو ، نەلەفزیۆنو ئاوی ساردو خواردنی چاکو میوەو بگرە سارد‌یشیان هەبوو، جگە لە پەنکەو موبەپردە ، سەرەڕای هەوایەلی فینکی دڕەوین ، لە هەستی دەجوولەدو مرۆڤی سەرسوڕمان دەکرد ٠

● ووردەی بەرزی جەنگاوەران ●

لە بنەمەی هێزەکانی عیماد ، فەرماندەی ئەم هێزانە جەنگاوەر عیماد خەرعەل بۆمان دەواو باسی نەوەی کرد کە سەربازەکان ووردیان بەرزەو جەنگیان لەلا بووەتە شتێکی ئاسایی‌و هەمیشە سەربازی بەوەفاو ئەمەکداری سەرەکی فەرمانده صدام حسین‌و خاکی خۆشەویستی نیشتمانمان بۆ پاراستنی خاک‌و دەستکەوتەکانی شۆڕش‌و گەلی مەزنی عیراق ٠

هەروەها باسی دوا چالاکی‌ی هێزەکەی خۆی کرد ، کە نزیکەی پێش مانگێك سێ سەربازی دوژمن ، بۆ زانین‌وەرگرتن خۆیان دزیبووەوە ناو هێزەکانمانەوە لە هێلی پێشەوە ، کە لەم جۆرە چالاکی‌یانەدا ئەگەر پسوولەیش لەگەل خۆیاندا هەلنەگرن ، ئەوەبوو لە سەنگەری لە خۆبەرگری‌کردنی پێشەوەدا، یەکێك لە ئەفسەرەکان ، ئەگەرچی ئەم کارە ئەرکی ئەویش نەبوو ، بەلام ئەو بە سەرکردەی تیپەکەی خۆی ڕۆیشت و توانی‌ی یەکێکیان بکوژێت‌و ئەوی تریان بەدیل‌بگرێت ، بەلام سێهەم هەلاتبوو ، لە قسەکانی ئەو دیل‌کراوەدا ، کە جل‌و بەرگێکی شڕو هوڕو چڵس‌و پیسی لەبەردا بوو ، دەردەکەوت کە باری ئابووری‌ی ئێران ، بەرەو خراپی دەچێت‌و ، هەموو شتێك دەست ناکەوێت‌و ، بازاری قاچاخ زۆرەو هەژاری‌و شت دەست نەکەوتن تەشەنەیان کردووە، هەروەها لە لایەنی سیاسی‌یەوە لایەنگرتنی ڕژێم وەکوو جاران نی‌یەو ، سەربازو نەفسەرانی ڕژێم ، بەرە بەرە خەریکی هەلاتن‌و چوونە دەرەوەو ڕاکردنن ، ئەوەتا پەنامێنان بۆ لای ئێمە زۆرەو لایەنی سوپاییش وەکوو جاران نی‌یەو ، بارودۆخی سایکۆلۆژی‌ی سەربازەکانیان لە شلۆقیدایە ٠

هەروەها نامەکانی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین کە ئاڕاستەی گەلانی ئێرانی کردوون ، لە جۆرەها ئیزگەکانی بێگانەوە گوێی لێدەگرن‌و ، ڕۆژ بەڕۆژ گەلانی ئێران باوەڕ بەوە دێنن ، کە ئاشتی باشترین چارەسەرە نەك جەنگ‌کردن ، لە لایەن ئێمەشەوە ووردەمان بەرزەو هەموو شتێکی جەنگاوەران لە بەردەستیاندایەو ئیجازەشیان بەردەوامە ٠

● گفتو گۆیەك دەربارەی ڕۆشنبیری‌و شانۆی کوردی ●

سەرتان سوڕنەمێنێت ، کە جەنگاوەر عیماد ،سەبارەت بە ڕۆشنبیری‌و شانۆی کوردی ، لە گەلماندا دوواو باسی ئەوەی دەکرد ، کە چۆن لە کاتی پێشکەش‌کردنی شانۆگەری‌ی کوردیدا لەگەل دکتۆر نافیع ئاکرەییدا دەهاتە کۆمەلەی ڕۆشنبیری کوردی‌و ، ئەو شانۆگەری‌یانەی دەبینی‌و ، گوێی لە کۆڕە ئەدەبی‌یەکان دەگرت ٠

● چالاکی‌یەکانی ئەم هێزە ●

سەبارەت بەو جەنگانەی کە ئەم هێزە بەشداری‌ی تێدا کردووە ، مولازم یەکەم جمیل حسن مستەفا ووتی ئەم هێزە هەر لە سەرەتای جەنگەوە بەشداری‌ی ڕزگارکردنی سیف سەعدو هێلەو خضری کردووەو لە ساڵی ١٩٨١دا بەشداری‌ی جەنگی سەرپێل زەهاوو هێرش بردنە سەر دوژمن لە داربەلووت‌و بابا ئەسکەندەرو جەنگی بەرزایی ١١٥٠و ١١٧٢و کۆلینا‌و جەنگی سۆمارو بسێتینی ١٩٨٢ی کردووە ، سەرەڕای لە جەنگەکانی ئەم هرایی‌یەی مەندەلی لە ٩-١٠-١٩٨٢و ٢٩-١١-١٩٨٢ ، جگە لەوەی کە لە شۆش‌و چنانەو کۆلینایش لە سەنگەری بەرگری‌کردنی‌دا بووە ٠

سەرەڕای ئەوەیش سەبارەت بە چالاکی‌یەکانی ئێستایش ئەوەی ڕوون کردەوە کە بەردەوام دەوریەو کەمین لە چالاکی‌ی خۆیاندا بەردەوامن‌و دەربارەی بۆردمانی دوژمنیش ووتی ئەو بۆردمانانەی دوژمن هیچ کارێکمان تێ ناکات چونکە کوێرانە دەیوەشێنێت‌و لە پووش بەو لاوە هیچی تر ناسووتێنێت٠

ووتیشی ووردەمان بەرزەو جەنگمان لەلا بووەتە حالەتێکی ئاسایی نەك لە لای من بەلکوو لە لای هەموو جەنگاوەران ، پاشان گەڕانەوەشمان بۆ سنوور ووردەمان دوو چەندان بووە ، بە پێچەوانەی ووردی سەربازانی دوژمنەوە ، کە لە قسەی بەدیل‌گیراوێکی ئێرانی‌یەوە دەردەکەوێت ، کە لەم دوایی‌یەدا دەستگیر کراوەو جل‌و بەرگی شڕو هوڕی لەبەردا بووە ، کە ووردی سەربازەکانیان زۆر نزمەو خواردەمەنی‌یان زۆر خراپە، بە بەلگەی ئەوەی کە دەستگیر کراوە لێیان پرسیوە ، چۆن‌و بۆچی هاتوویت ، لە وەلامدا ووتوویەتی هاتووم پەلەوور بکوژم‌و گوشتەکەی بخۆم !

● ئەو جەنگاوەرانەی لەلایەن سەرەکەوە ڕێزیان‌گیراوە ●

ئەم جارە نۆرەی جەنگاوەر مخلص عزیز هات کە باسی ئەو جەنگانەی کرد بەشداری‌ی تێدا کردووەو چۆن خۆی‌و ئەو سەربازانەی لەگەلیدا بوون دوژمنیان تێك‌شکاندووەو تەفرو توونایان کردوون‌و لە داگیرکردنی بەرزایی ١١٧٢ لە ساڵی ١٩٨٢دا شەرەفی ڕێزگرتنی وەرگرتووە لەلایەن سەرەکی فەرماندەوە صدام حسین ، کە دوو پلەی پێداوە ، جگە لە بەشداری‌کردنی دەیەها جەنگی تردا ٠

هەروەها چاومان بە جەنگاوەران صبیح حمیدو عبدالکاظم شذرو حریبی شهاب محمد کەوت ، کە ئەوانیش لە چەندین جەنگی سەرکەوتوودا بەشداری‌یان‌کردووەو لەلایەن سەرەکی فەرماندەوە صدام حسین هەریەکەو بە پلەیەك بەرزتر لە پلەی خۆیان ڕێزیان گیراوە ٠

● نانی نیومڕۆو ڕۆژووەوان‌و ئەو کوردانەی نەیانوسیتووە تەسریح بین ●

لە ماوەی پرسیارو وەلامەکاندا ، توانیمان هەندێك زانیاری چنگ بخەین ، کە لەم هێزەدا ، وەکوو هەموو هێزانەکانی تری سوپای مەزنی عیراق ، چەندین کورد هەن نەیانوسیتووە تەسریح بکرێن کە ئەمەیش نموونەی دلسۆزی‌و بەئەمەکی‌ی ئەو سەربازانە دەردەخات بە نیشتمان‌و خاکی پیرۆزی وولات ، لەو سەربازە کوردانەیش کە لەم هێزەدان‌و نەیانوسیتووە تەسریح‌بکرێن، جەنکاوەر صباح مووسی‌و ، حسین عاشور هەن ، کە لەبەر ئەوەی ئەرکیان پێ‌سپێرراوە نەمانتوانی بیانبینین ٠

کە لە پرسیارو وەلام‌و وێنەگرتن بووینەوە ، نانی نیومڕۆیان بۆ هێنایین ، بەلام بۆمان دەرکەوت زۆربەی ئەو نەفسەرانە بە ڕۆژوون‌و لەم بارەیەوە پێمان‌ناخۆش بوو لەبەرچاویان نانی نیومڕۆ بخوین ، کەچی ئەوان بەشتێکی ئاسایی‌یان داناو، داوایان لێ‌کردین نانی دەستی جەنگاوەرانی ئەم هێڵەی‌پێشەوەی جەنگ بخوین ، کە بە ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە بەم ڕێك وپێکی‌یە لەم شوێنە دوورەی بەرەدا ، ئەم جۆرە نانە بەچێژو پاك‌و تەمیزەمان بۆ ئامادەبکرێت ، نەك هەر بۆ ئێمە ، بەلکوو هەموو جەنگاوەرێك ، ئەم جۆرە نانەی پێدەدرێت‌و بە گوێرەی ژەمەکان جۆراوجۆر دەبێت ٠

● بەڕێ‌کردن‌و گەڕانەوە ●

ئەنجام بە گەرمی‌یەوە بەڕێیان کردین‌و ، ئێمەیش بەلێنمان پێدان هەرکە بۆمان لووا سەریان لێبدەین، کە گەیشتینەوە بنکەی هێزەکانی مەنسوور ، سەرلەنوێ فەرماندەی ئەو هێزانە بۆمان دەواو چەندین خاڵی بۆ ڕوون‌کردنیەوەو گفت‌و گۆیەکی دوورو درێژ دەرگای خرایە سەرپشت ، بەلام ئەو گفت‌و گۆو ڕوون‌کردنانەوە تەنیا بۆ زانیاری بوون نەك بۆ بلاوکردنەوە ، پاشان بەوپەڕی گەرمی‌یەوە بەڕێ‌کراین‌و خواحافیزیمان لە هەموو جەنگاوەران کرد ٠

دووەم‌پێشانگای پاشماوە

تەواوی هەیە ٠٠٠ لە ڕاستیشدا وەکو وتمان ٠٠٠ لە هۆڵی پێشانگاکەدا کە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بۆ ٣٥ دەسخەتی هونەر مەند ڕازبوونەوەو بوبوون بە شیعری جوان‌و قسەی نەستەق‌و پەندی بە کەڵك لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەو بە درێژایی دە ڕۆژیش جەماوەرێکی زۆر لە هونەر مەندان‌و هونەر دۆستانی شاری سلێمانی دیدەنی پێشانگاکەیان کردو بە تابلۆو خەتە خۆشەکانی هونەر مەند شاد بوون‌و ببروڕای خۆیان لە هۆڵی پێشانگاکەدا دەخستە ڕوو ٠٠ یان لە دەفتەری پێشوازی‌دا تۆماریان دەکرد ٠٠٠

تابلۆکانی پێشانگاکە هەمەجۆر بوون هەندێکیان بریتی بوو لە دیمەنی جوانی کوردستان‌و هەندێکیان باسی ئەو وێرانکاری‌و برسێتی‌و قاتی‌و قڕی‌یە بوون کە کوردەکانی ئێران‌و کوردستانی ئێرانی تیادا دەژین‌و هەندێکیشیان داستانی هێزی برایەتی‌و یەکبوونی کوردو عەرەب بوون دژی هەموو هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر خاکی پیرۆزی نیشتمانمان ٠٠٠ وەکو خۆی ڕوونی کردەوە لە دروستکردنی تابلۆکانی‌دا مادەی هملشی بەکار هێناوە ٠٠٠ هیوا دارین هونەرمەند کاك خالد زامدار لە سەرکەوتنی هونەری‌دا بەردەوام بێ ٠٠٠

بانگ‌کردنی ـ پاشماوە

بەیاننامەی ژمارە (٥١)ی ساڵی ١٩٨٣ کە لە بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردن‌و سەرژمێری کردنەوە لە وەزارەتی بەرگری دەرچووە٠

دوا بەدوای بەیاننامەی ژمارەی نۆ (٤٩)ی ساڵی ١٩٨٣ی ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یەمان ٠

١ ـ ئەو کوردانەی کە لەدایکبوانی ساڵی ١٩٦٣و سەربازیان لەکۆل بۆتەوەو ئەوانەشی لەدایکبوانی ساڵی ١٩٦٤ن ئەوانەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەربازیان نەکردووە دەبێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ١٨-٧-١٩٨٣ تا کۆتایی‌هاتنی کاری ڕەسمی ڕۆژی ٢٠-٧-١٩٨٣ بۆ ئەوانەی لە ناوخۆی وڵاتدان سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن ٠

٢ ـ بەلام ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن دەبێ لە ماوەی پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی ناوبراوەوە سەر لە ڕاسپێراوەکانمان بدەن بۆئەوەی کاری سەربازیان ساغ‌بکرێتەوە ٠

٣ ـ ئەم بەیاننامەیە بۆ هەموو بەڕێوەبەرێتی‌یەکی ڕەسمی‌و نیمچە ڕەسمی‌و کەرتی سۆشیالیست‌و تایبەتی‌و تێکەلاو بە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی دادەنرێ تاوەکو ئەوانەی کە سەر بەم شوێنانەن ئاگاداری ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بکرێن ٠

شۆڕشی‌بیست ـ پاشماوە

٧ ـ سلیمان ئاغای قوتێ : ئاغای هۆزی گولی‌یەو خەلکی گوندی (شێوخوازکی)یە ٠

٨ ـ تەنگ : دەربەند ٠

٩ ـ ئوردی : لەشکر ، مۆلگا ٠

١٠ ـ بقولپینم : بگەڕێنمەوە ٠

١١ ـ خوپان : وێران ٠

١٢ ـ بانك ، گرك ، مەلا عەرەب : ناوی ئەو گوندانەیە کە ئەکەونە سەرەوەی زاخۆ ٠

١٣ ـ بەتارە : بۆ ئەفرەت کردن بەکار دێت ٠

١٤ ـ شێل : لێڵ ٠ شێلی ٠

١٥ ـ شابانی (شعبانی) : قەلاتێکی مێژووی‌یە ، ئەکەوێتە نزیك باتوفە لە سەرەوەی زاخۆوە لە کۆنەوە ئاوی بۆ ڕاکشراوە ٠

١٦ ـ چاق ڕووت : چۆك ڕووت ٠

١٧ ـ کلاو خوار : مەبەست کلاوی سەربازی ئینگلیزیە ٠

١٨ ـ کاشە : کاش : شاخێك کە زۆر لووس بێت ٠

١٩ ـ هەدیە باشی : جۆرە تفەنگێکی کۆنی تورکی‌یە ٠

٢٠ ـ کەبتان : قوماندار ٠ سەر لەشکر ٠

تێبینی : ١ ـ ئەو سترانە کۆنەو لە سەر قەوان تۆمار کراوە ٠

٢ ـ دەقی سترانەکەم لە کاسێت وەرگرتوە٠

سەرچاوەکان :

١ ـ الثورة العراقیه : جعفر الخیاط ٠ ١٩٧١

٢ ـ دور الشعب الکردی فی ثوره العشرین ٠ الدکتور کمال مظهر احمد ٠ ١٩٧٨

لە فراوانترین ـ پاشماوە

بەشداری‌ی گەلەکەیان بکەن لە نەبەردی‌یەکانیدا لە هەمان ئەو کاتەدا کە بۆ پێشەوە دەڕۆن بۆ بەخششن‌و تۆمارکردنی داستان‌و نووسینی چەندین لاپەڕە کە شایانی ئەم قوربانی‌دانانە بن ٠

لە ووتەکەیدا پەنجەی بۆ پێویستی‌ی ئەوە ڕاکێشا کە یەکێتی‌یە نوێ‌یەکە شێوەیەکی بەرەسەندوو بێت داهێنان بەرەو پێشەوە پان پێوەبنێت‌و قۆناغەکە بە بەرهەمی ڕاستگۆ دەوڵەمەند بکات کە هێشتاکە ئەدیبان پێشکەشی دەکەن کە لەگەل ڕەوتی جەنگی نەبەردی نەتەوەکەیاندان جەنگی قادسیەی صدام ، کە بە بەشداری‌ی ئایاب بەشداری‌یان تێدا کردووە لە لایەن سەرکردەی داناوە بەڕێز صدام حسین ڕێزیان لێ‌نراوەو لە لایەن گەلیشەوە شانازی ٠

پاشان بەڕێز محمد الجزائری ڕاپۆرتی دەستەی دامەزراندنی یەکێتی‌ی خوێندەوە کە پەنجەی بۆ ئەو ڕەنجانە ڕاکێشا پێش ئەم کۆبوونەوەیە دران لەگەل ئەرکەکانی داهاتووی یەکێتی‌داو چی لە نووسەرو ئەدیبان لەم قۆناغەدا ، داوا دەکرێت ، کە نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت‌و لەسەر بنیاتنان بۆ پاشەڕۆژو وەستان دژ بە هێرشەکانی دەستدرێژی‌کەران لە وانەیش دەستدرێژی‌ی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران ، بەردەدامە ٠

بەڕێز حمید سعید پێشنیارێکی خستە پێش‌چاو لە کۆنگرەکەدا بە گشتی بڕیاریان لەسەردا ، ئەویش ئەوەبوو بەڕێز شفیق الکمالی ڕاسپێررێت سەرەکایەتی کۆنگرەکە بکات‌و بەڕێز بدرخان سندی جێگری بێت‌و بەڕێز نعمان ماهر کنعانی بڕیاردەری کۆنگرەکە بێت ٠ پاشان دەستەی سەرەکایەتی کردنی کۆنگرەکە کاروباری خۆی دەست پێ‌کردو بەڕێز شفیق کمالی دەست‌پێ‌کردنی هەڵبژاردن‌و دەرگا والاکردن بۆ خۆپاڵاوتنی لەبەر دەم هەمووان‌دا ڕاکەیاند ٠

پاش ماوەیەك چاوەڕوانی بەڕێز سەرەکی دەستە رابکەیاند کە لیستەیەکی یەك پارچە هەیە لە ئەنجامی پەیوەندی کردنی زۆری نێوان ئەندامانەوە پێك‌هاتووە کە مافی خۆپاڵاوتن ناسرێتەوە بۆ هیچ کەسێك لەوانەی لە کۆنگرەکەدان‌و دژ بە ئارەزووی هیچ نووسەر یان ئەدیبێك ڕاناوەستێت بیەوێت خۆی بپاڵێوێت یان پێشنیاری هەر کەسێك بکات ٠ پاشان دەستی بە خۆێندنەوەی ناوی بەڕێزان ئەندامانی لیستەی یەك پارچەی ناوبراو کرد کە بە گشتی وەنگی لەسەر درا٠ بەڕێز عزالدین مصطفی ڕسول سلاوی ئاراستەی کۆنگرەکە کرد بە ناوی ئەدیبە کوردە نانەوە کە لە کۆنگرەکەدا نوێنەرایەتی‌یان هەیەو هاتوونەتە ڕێزی یەکێتی‌یەکەوە ، تێیدا ستایشی ئەو ڕەنجە خێرخوازانەی کە بەر لە بەستنی کۆمەلەی گشتی‌ی یەکێتی دران‌و ئەو گیانە دیموکراتی‌یانەی لە کۆنگرەکەدا بەرچاو کەوت کە بە ئەنگەوەبوونی ئەدیب‌و نووسەری عیراق پێشانەدات لە پێناوی سەرهەتدانی یەکێتی‌و خستنەبەرچاوی چاودێری‌ی بێ‌سنووری شۆڕش لە داهێنەران لە پیاوانی فیکر ٠

هەنەتێك سەرنجیشی خستە بەرچاو ، کە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چارەسەرکراون بە چەشنێك سەرکەوتنی یەکێتی دابین دەکەن‌و دڵنیابوونی ئارەزووی هەموو ئەندامان هەروەها باسی گرنگێتی‌ی بڕیاری شۆڕشگێڕانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشی کرد بە پێکهێنانی یەکێتی ٠

خوێنەران ـ پاشماوە

تەڕ کەین ٠ کە پێویستی بە قوربانی خۆینمان بێ ٠ بۆیە هەرگیز ئالای سەربەستی‌و ئازادی شەکاوەیەو لەسەر بلندترین چیای وولات پارێززاوە ٠تا یەکێ لە منداڵانی گەلی عێراقی کۆل نەدەر ، لە ژێری پاسەوانی بکا ٠ زیاتر ملی بەرز ترو دریژ ترو جوان ترەکا ٠٠٠با دوژمنان ئاگادارین ، هەر چۆنێك بێ‌و ئەگەر بە دەست بەرگریمان لە شەرەفی خۆمان کردبێ ئەم عێراقە بۆ هەموومان وەکو یەکەو نایدۆڕێنین ٠٠

سەرکەوتنیش تەنیا لەگەل ، خاوەن مافو ڕاستی دەڕوا٠

ئاشکرا کردنی ـ پاشماوە

هێزەکانی فەتح دەدا لە سووریاو لوبناناو یاسر عەرەفات ناچار دەکا بۆ دەرچوون لە سووریا چونکە هەمیشە چاوەڕێی ئەمەی کردوەو خەلکی بۆ ئەمە ئاگادار کردوەتەوە کە سیاسەتی خائینانەی حافظ ئەسەد بەرامبەر بە مەسەلەی فەلەستین هەر بەرەو ئەم ئەنجامە دەڕوا هەر لەو ڕۆژەوە کە جۆلانی‌دا بە دەستەوەو قەسابخانەکەی تل‌الزعتری سازکرد تا ساڵی ٨٢ کە لوبنانی پێشکەش‌کردو تا ئیستە کە دەیەوێ بزووتنەوەی فەتح دووکەرشەتاو دەیان لە پیاوەکانی ئەداتە بەرگوللەو تۆپ

هەروەها بەیاننامەکە وتی جارێکی دووپاتی دەکەینەوە کە قەسابخانەکانی بەشێکی جارێکی دووپاتی دەکەینەوە کە قەسابخانەکانی بەشێکی ئەو نەشەیەینی لە بۆ لە ناودانی مەسەلەی فەلەستین ریکی سمنوەو لە لەر کەلی سووریا ئاراد بوایە ئەمە وا نەدەبوو ٠

بەیاننامەکە هەروەها ئەوەیشی وت لە ناچار کردنی ابو عمار بۆ بەجێ‌هێشتنی خاکی سووریاو ئەقەکردنی هێزەکانی ئەسەد لە جەنگاوەرانی فەتح دەستدریژی‌یەکی کوورەیە لە هەمەرو عەرەب‌و شۆڕشگێڕێ ٠ حافظ ئەسەد بەمە سەری خۆی شۆڕ بەرد لە بەردەم ڕایۆنیزمی دوژمندا لە پێناوی پێکنی کەورەیا ٠ لەبەر ئەوە هاوپەیمانەکە داوا لە هەموو ئەفسەرو سەربازیکی سەرپای سووریا دەکا لە ڕووی ئەفسەکانە بزووتنەوەی فەتح‌و خۆیان بۆ لاماردانە سەر ڕژێمەکەی ئەسەد ئامادە بکەن٠

ئەم کردەوەیە سووریا وامان لێدەکا داوا لە برادەرانی شۆڕشی فەلەستینی بکەین ناکۆکی‌یەکانیان بە شێوەیەکی دیموکراتی‌یانە چارە بکەن چونکە ئەوەی ئێستە تووشی ابو عمار بوە سبەینێ چاوەڕێی هەموو جەنگاوەرێك دەکا لە شۆڕشی فەلەستیندا٠

هیزە پاڵەوانەکانمان ـ پاشماوە

ئەمەو فڕۆکەکانمان لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا توانی‌یان نیشانێکی دەریایی دوژمن لە سەرووی کەناری عەرەبدا ڕاستەوخۆ بپێکن‌و فڕۆکەوانە بەجەرگەکانمان دیتیان بلیسەی ئاگرو دووکەڵی لێ بەرزدەبووەوەو هەموو فڕۆکەکانیشمان بە ساغی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان ٠

ئەمەو لەم هەفتەیەدا یەکێك لە سەربازەکانی دوژمن لە کەرتی باکوور پەنای بۆ هێزەکانمان هێناو خۆی لە دۆزەخی خومەینی ڕزگارکردو بە هێمنی‌و سەلامەتی بۆ پشتی بەرەی جەنگ گوێزرایەوە ٠

لەبەر پەچدانەوەی ـ پاشماوە

قسەکەی وڵایەتی وەزیری دەرەوەی خومەینی‌دا هاتووە ئەوە دەردەخات کە فەرمانبەدەستانی ئێران بایەخ‌و گوێ بە یاساو ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتی‌یەکان نادەن، وەك چۆن بەردەوام بوونی دەستدرێژی کردنیان بۆ سەر عیراق‌و نەنەوەی عەرەب سروشتی درندانەو دەستدرێژی‌کەرانەیان دەرخات ٠

دوای ئابلۆقەی ـ پاشماوە

داوای لێ کردبوو خاکی سووریا بەجێ بهێڵێت ، ئەوێی لە کاتژمێری یازدەو ٤٥ دەقیقەدا بەرەو تونس بەجێ هێشت ٠

عەرەفات لە تونس ووتی بڕیاری دەرکردنم لە سووریا ئەو بڕیارەم بە بیر دەهێنێتەوە کە لە بەیروت دەری کردم‌و ئاگاداری ئەوەی کردەوە کوشتاری وەك کوشتارەکەی سەبراو شاتیلا ڕوو بدات ٠

پراکده ـ پاشماوە

کە لە نێوان دیمەشق‌و یاسر عەرەفاتدا بەرپابوە ٠

ئەم ڕۆژنامەیە کە زوبانی‌حالی حزبی شیوعی سۆڤیەتی‌یە وتی واشنتۆن‌و تەل‌ئەبیب ڕێکەوتوون لەسەر دەوری هەردووکیان‌و وڵاتە یەکگرتوەکان بالۆزی دیپلوماسی بەرەو سووریا دەنێری بۆ تاقیکردنەوەو لە هەمان کاتدا « ئیسرائیل » ئاگری ناوچەکە خۆش دەکا ٠

ون‌بوونی دەفتەری خدمە

بە ناوی صلاح‌الدین اسماعیل‌ەوە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەریم لێون بووە کە لە تەجنیدی کۆیسنجق دەرچوە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە نووسینگەی هەولێر

ئەم ساڵ ـ پاشماوە

هاوینەهەوارەکان بە تازەترین شێوە بنیاتبنرێن‌و لەسەر ڕێبازێکی زانستی ٠

شایانی باسە کە کەل‌وپەلی زۆربەی ئەم دامەزداوە هاوینەهەواریانە لە دەرەوەی وولات کراون ، جگە لە دەستکردن بە ڕێك‌خستنی دارستان‌و باخچەکانمان لە شوێنی هاونیەهەوارەکانمان ٠

لە شاری سلێمانی‌دا ، لە ناوچەی بازیان‌دا خەریکی دروست‌بوونی سیاجێکی گەورەین لەگەل باخچەیەکی فراوان‌و گەیاندنی ئاو بە شوێنی پێویستی ، لە قەشقوولێ سیاج‌و باخچەیەکی گشتی‌و لە ناوچەکانی تۆی مەلەك‌و ڕاینەو سەراوی سبحان ئاغا‌و کەلارو دەربەندیخان پرۆژەی چەندان گازینۆو باخچەمان بە دەستەوەیەو هەندێکیان لە تەواوبوونداون‌و هی تریشیان لە نەخشەی کارکردنماندا

هەیەو هیوادارین هاونیەهەوارەکانمان ئەمساڵ زیاتر خزمتی هاوولاتیان بکات کە لە هەموو لایەکی عیراقی ئازیزمانەوە ڕووی تێدەکەن٠

کوردستان چاوەڕوانی ـ پاشماوە

ئەوەی ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە بە هاوڵاتیانی بگەیەنن ٠٠ هەر لەم ڕوەشەوە بە تەمای ڕێکەتێکین لەسەر چاپکردنی پۆستەرێکی سیاسی بۆ ئەم هەڵبژاردنەو لەگەل ئەمەشدا ئامادەکردن‌و بە چاپگەیاندنی وتارێك بە هاوکاری کردنمان لەگەل لیژنەی سەرپەرشتی‌کردنی ئەم هەڵبژاردنە بە سەرۆکایەتی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی کە بەسەر هەموو ناوچەکانی پارێزگادا دابەش دەکرێت‌و هەر بەمەستی سەرکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە لە ڕووی ، سیاسیەوە بریارە کە هەموو هێزەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت‌و سەرەتا بەتەمایە لە تەلەفزیۆنی تأمیم کۆڕێك بۆ ئەم مەبەستە ساز بکەین٠

● فریا ●

نوسینگەی سلێمانی

ون بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی احمد رمضان عمرەوە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەریم لێ ون بووە کە لەتەجنیدی دهوك دەرچووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە نووسینگەی دهوك ٠

ون بوونی جنسیە

دەفتەری جنسیەی عبد اقیم بەناوی کمال احمد صالحەوە لێ ون‌بووە کە لە مدیریەتی جنسیەی دهوك دەرچووەتکایە ئەوەی دۆزیەوە بدات بە نووسینگەی دهوك ٠

Institut Kurde de Paris

چاپکراوی نوێ

ژمارەی نوێی

رۆشنبیری نوێ

ژمارەی ٧ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ کە گۆڤاریکی رۆشنبیری گشتی‌یە لە دەزگاکەمانەوە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ لەم دواییەدا دەرچوو •

لەم ژمارەیەدا دەقی وتارە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و دووەم نامەی سەرەکی فەرماندە بۆ گەلانی ئێران بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها وتاریك بە بۆنەی جەژنی لەدایك بوونی سەرەکی فەرماندەوەو وتاریك لەیادی دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا • دەربارەی باری تێك چوری ئێران و جەنگی رەوامان مامۆستا مصلح جەلالی و م٠ن دلسۆز نووسیوانەو لەگەل لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی سوپای میللی لەسلێمانی و بێجگە لە چەندان باس و بابەتی رۆشنبیری گشتی •

سەرنجو داوا

چاپکراوەکانی دەزگاکەمان «هاوکاری»و «بەیان»و «رۆشنبیری نوێ» ، تکا لەو بەرێزانە دەکات کە بەرهەمی وەرگێڕراومان بۆ دەنێرن بەتەواوی ئەو سەرچاوەیەی باسەکەی لێ وەرگێڕراوە بۆمان دیاری بکات خۆ زۆر سوپاسیان دەکەین ئەگەر بۆیان کرا ئەسڵی باسەکە بەو زمانەی لێیان وەرگیراوە بۆمانی بنێرن بۆ ساغکردنەوەی رادەی سەرکەوتوویی وەرگێڕراوەکەو سوپاس •

خێزانی شەهیدانمان

بۆچوونەکانی

سەرەکی فەرماندە دەسەلمێنن

سەرەکی فەرماندە صدام حسین تا ئێستا چەند جارێك ئاشکراو دوبارەی کردوەتەوە کە رۆژێکی نزیك لە پێشمانەوەیە کە خێزانو کەس و کاری شەهیدانی جەنگی رەوای وڵاتمان هەڵوێستێکی تایبەتیان دەبێ کە لە دوای شەڕیش مایەی شانازیو بەسەرکردنەوەیانە•

لەو هەڵوێستانەشی کە زو بەزو هاتە کایەوە لە نێوان یەکێك لەو کۆرانەدا بۆ کە لە ناوچەی شاربازێردا بە ئامادەبوونی هاوڕێ دکتۆر نجم عبدالله العراقی ئەمیندارى نهێنی لقی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لە سلێمانی ساز کراو تیایداسەرباری زۆر لایەنی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان کۆڵرایەوە بەشێکی تەرخان کرابو بۆ تەنگو چەلەمەو کۆسپ و داخوازی شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدام ••• تا لەوبەشەیدا برای شەهید ظاهر رسول کە ناوی کاک مصطفی‌یە چوە بەردەمی مایکروفونەکەو لە جیاتی هەموو داخوازی‌یەك وتی لەبەر ئەوەی زۆر بە چاکی هەست بەم قۆناغە ناسکە دەکەم کە وڵاتەکەمانی پیادەپەڕێت بۆیە بە ئێوەی بەرێزی رادەگەیەنم کە هەرچی‌یەك تەرخان کراوە بۆ برا شەهید کراوەکەم پێشکەشی دەکەمەوە بە حزبو بە شۆرش بە سەرۆکایەتی سەرەك صدام حسین •••

لە راستیدا ئەم هاوولاتیە هەر ئەوەندەی وت بەڵام کەمی وتیو زۆری مانا بەخشی بۆیە هۆلەکە بە چەپڵەیەکی لە ناخەوە هەڵقوڵاو وەڵامی دایەوە ••• بەڵێ هەست بە نیشتمان پەروەری و هەستی عێراقێتی لێرەوە دەست پێ دەکات••• ئەمە مژدەی پاشە رۆژی میللەتەکەمانە کە لە بیرکردنەوەیەکی تەنگە بەردا بەرەو ئاسۆیەکی فراوان هەنگاو دەنێو ئەو قۆناغانە دەگرێتە بەرو دەیانبرێ کە دوژمن کۆسپی لە وێگایدا دروست کردوەو بەرەو ئەو خۆرە دەڕوات کە رۆژێکی روناك بۆ خاکی نیشتمانەکەمان دەهێنێ •

• **فریا •**

نوسینگەی سلێمانی

● **کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد بەشی رەواندوز ، توانیویەتی بەهرەی پیرۆزی خۆی پەرە پێ بداتو بەشداری گەلێك مەهرەجانی هونەری کردووە•**

سەرەڕای تیپێکی بەتوانای مۆسیقا ، تیپێکی شانۆگەریشیان هەیە ، لەم رۆژانەدا شانۆگەری (بانێکەو دوومەوا)یان پێش‌کەشی کرد لە نووسینی بریخت و ئامادەکردنو وەرگێڕانی بۆ کوردیو خستنە قالبێکی خۆمالی‌یەوە هونەرمەند (زرار محمد مصطفی) •

شانۆگەری‌یەکە باسی جیاوازی چینایەتی دەکرد لە کۆمەلە سەرمایەدارەکانداو چۆنیەتی چارەسەرکردنی •• **مامۆستا زرار لەم رووەوە دەڵێ : ـ**

ئەم شانۆگەری‌یە جیهانی‌یەمان خستە قالبێکی خۆمالی‌یەوە ، چونکە هەموومان دەزانین لە شوێنێکی وەك رەواندوز مەسەلەی شتی میللی زیاتر باوەو زیاتر شوێنی خۆی دەکاتەوە لە ناو دڵو دەروونی دانیشتوانەوە •••

دەقەکە باس لە مەسەلەیەکی ویژدانی دەکات بازرگانێك بەهۆی چەند دەستو پێوەندێکەوە کرێکارێك دەکوژن لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیەوە ، بەڵام بە پێی کات ئەم رووداوە ئاشکرا دەبێو کۆتایی بە هێزی شەڕ دێت •••

دیسانەوە ئاواتەخوازی ئەوەین کە بتوانین بەردەوام بین لە پێش‌کەش کردنی شانۆگەری کوردی ، بۆ زانین ئێستاکە خۆم دەقێکی شانۆیی ئامادە دەکەم دەربارەی قارەمانیەتی پاشای گەورەی رەواندوز •••

● لەم شانۆگەری‌یە ئەم ئەکتەرانە بەشداریمان کردبوو ، زرار محمد مصطفی ، زینل خیری ، دارا عبدالله، لەگەل چەند هونەرمەندێکی تردا ••

ناظم دڵبەند

نووسینگەی هەولێر

لە شاری پاشای گەورەوە



جووڵانەوەی هونەری و بەرهەمی پیرۆز

شیعر بۆ منداڵان

نیشتمان

نیشتیمان ڕووناکی چاوم
بەهەوای تۆ پەروەردە بووم

× ×

نیشتیمان هێلانەی دێرین
بۆیە هەردەم بەسەر دوژمن

سەرچاوەی ڕووباری بیرم
لە باوەشی تۆ گەورە بووم

× ×

هەموو بە تۆوە سەربەرزین
هەر سەرکەوتوینو نابەزین

زیاد کەریم خدر

هەولێر

چەند بەرهەمێکی نوێ بۆ بەشی کوردی

لەم چەند رۆژانەی دووایی‌دا دەرهێنەر عادل عبدالله لەتۆمارکردنی چەند بەرهەمێکی نوێ بووەوە کە لەشاری هەولێردا تۆمار کراوە ، هونەرمەندی ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی پەیامنێری هاوکاری‌دا رای گەیاند کە بەرهەمەکان بریتی‌یە لەتۆمارکردنی شانۆگەری جەنابی جانەوەر لە نووسینی حسین عارفو دەرهێنانی زهیر عبدالمسیحو شانۆگەری « بەزۆر کراو بەدوکتۆر » نووسینی مۆلێرو وەرگێرانی دوکتۆر هیوا عمرو دەرهێنانی فەرهاد شریف کە لەلایەن کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردەوە پێش‌کەش کراو تۆمارکردنی چەند گۆرانیەکی هەمەرەنگ بۆ هونەرمەندان جلال سعیدو شێرزاد عبدالرحمن وصابر محمد •

نووسینگەی هەولێر

جیهانی رەنگاورەنگ

تەلەفزیۆنو ئەیریالی دموری

لەوکاتەدا کە پسپۆڕانی تەلەفزیۆن هەزارەها میل کێبل بەسەر زەویدا رادەکێشن بۆ چاککردنی پەخشی تەلەفزیۆن چەندەها شارەزایی تریش خەریکی ئەوەن شۆڕشێکی نوێ بەرپاکەن لە جیهانی تەلەفزیۆنداو لەجیهانی ئەم هەموو کێبڵانە جۆرە ئەیریەلێکی‌وا لەسەرخانوەکان دابمەزرێنن کە لەدەوری بچێو یەکسەر پەخشی تەلەفزیۆن لەومانگە دەستکردانەوە وەرگرێ کەبۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێن • ئەم داهێنانە هەر بۆ تەلەفزیۆن نیە بەتەنیا بەڵکو یاری ڤیدیۆو کۆمپیوتەری خۆیی‌و تۆمارکەری قسەیشی دەگرێتەوەو بەمزوانە لەکەنەدادا تاقیکردنەوەکەی دەست پێدەکات.

بەتایبەتی لەئینگلیزیەوە لەگۆڤارو رۆژنامەکانەوە بۆ «هاوکاری» کراون بەکوردی

پاڵەوانی قورسی بەرزکردنەوە

٧٨ ساڵانە

نەنکە هێلین ٧٨ ساڵانەیەبەڵام لەگەل ئەوەیشدا حەزی لە وەرزشی ئاسن هەڵگرتنەولەم دواییەدا کرا بەپاڵەوانی ئاسن هەڵگران لە ساڵی١٩٨٣دا • بۆ ئەوەی وەك خۆی بمێنێتەوە هێلین هەموو رۆژێ دوومیل ڕادەکاو هەفتەی سێجاریش مەلەوانی ئەکا •

یارمەتیدەری هێلینیش لە مەشقکردندا مێردەکەیەتی کە لەیانێنەکەدا دیارەلەگەلیا •

شۆڕشی بیست لە ستراتیژی کوردی‌دا

جلال ملا حسن خوشناو

هەولێر

پاش داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئیمپریالزمی ئینگلیزی‌یەوە کوردستان وەکو گشت ناوچەکانی تری عیراق دژی داگیرکەر ڕاپەڕیو رووبەڕووی بووەوە •

یەکەم ڕاپەڕینی چەکدار لە ناوچەی زاخۆ دەستی پێ کرد لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٩ کە هۆزی «گۆیان»(١) لە ژێر فەرماندەی (هەسودینۆ)(٢) دژی داگیر کردنی ناوچەکەیان ئازایانە کەوتنە جەنگو جێگری فەرماندەی رامیاری ناوچەی (زاخۆ)یان کوشت کە ناوی (پێرسون)(٣) بوو •

لە ئەنجاما فەرمان رەوای موسڵ (لەچمان)(٤) خۆی لەگەڵ چەند فرۆکەیێکی چەنگی ناوچەی گۆیانیان بوردومان کرد ، دوابەدوای بوردومانەکە بڵێسەی ڕاپەڕینی چەکداریو بەرگری کردن هۆزەکانی تری ئەو ناوچەیەی گرتەوەو شەڕی دژوار دەستی‌پێ کرد بەتایبەتی هۆزی (گولی(٥) لە ژێر فەرماندەی (سادق‌برۆ(٦))و (سلیمان(٧) ئاغای قوتێ) کەوتنە جەنگێکی خۆیناوی لە ١٨ی ئابی ١٩١٩ لەگەڵ لەشکری داگیرکەری ئینگلیز کە لە هێزی (لیفی)و هیندیو ئینگلیزی پێك‌هاتبوو وە فەرماندەی هێزی داگیرکەر ناوی (وولریچ) بوو •

لەو شەڕانەدا هۆزی گولی پاڵەوانانە کەوتنە جەنگ ، دوژمنی داگیرکەر زەرەرو زیانێکی گیانیو مالی زۆری پێ‌کەوت و تا سێ مانگ ئینگلیزی داگیرکەر نەی توانی ڕاپەڕینەکەی ناوچەی زاخو سەرکوت بکا ••• هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (سعید تاهیر زاخۆلی) بەستران باسی ئەو ڕاپەرینە مێژوویە دەکات و تێیدا قارەمانیەتیو گیان بەخش کردنی گەلی کورد بە دیار دەخات لە شۆڕشی بیستی عیراقیدا •

دەقی ڕووداوەکە بەستران لە لایەن

سعید تاهیر زاخۆلی

لێلێ دەلێلێ دەلێلێ لێلێ دەلێ لێلێ وانماوۆ مەشەڕە لێلێ دیاری ملا شەڕێ تەنگا(٨) بانگێ شادو شهودێ بابێ برۆ گەلەکن بەسێ دەنگا بانگ دکا سلیمانێ قوتێ گدی لاوۆ دەست هەلینە لێلێ چ گافا دەستێ خۆ برەمە دارێ جامبێزاری وەزێ بەرێ ئوردیێ(٩) دیسانێ بقولپینم(١٠) خوپانا(١١) گرگێ(١٢) یۆ یۆ یۆ یۆ •

لێلێ رابە گدی وێ سبێ منو وێ فەرمانێ ، فەرمانێ سەرێ بابێ وێ (برەیم)ی دیسان وەی لۆ بەتارە(١٣) گدی ژ هیندستانێ •

بەلێ برا خودێ شێلا(١٤) شێل مازیکێ تەنگا بانگێ گدیۆ ملا مەلا عەرەبێ لێلێ برا خودێ لێکرە قەسابخانێ •

یۆ یۆ یۆ یۆ یۆ

لێلێ دەلێلێ دەلێ لێلێ دەلێ لێلێ وانماوۆ وەزێ شابانیا(١٥) میرات کەتم وا بە بەرە بەلێ چەوا لە کبارا سبێ لە بانگێ ئەوەلی وێ سبێ عەسکەران سەر بابێ برۆ دیسانێ لاوۆ کرە شەڕە لۆلۆ •

لێلێ شادو شهودێ بابێ برەیم سادق گەلەکن بەلێ خودێ سێ دەنگا گاز دکا سلیمانێ قوتێ کە کۆ گدیۆ دەست هەلینە واغاوۆ لێ لێ برا خو دێ فی سبێ ژێ بکوژە دیسانێ کە کۆ ئای چاق رووتێ کلاو خوارە •

لۆلۆلا ژێ بکوژە چاق(١٦) رووتێ کە کۆ دیسانی کلاو(١٧) خوارە •

لێلێ دەلێ لێ دەلێلێ بەلێ واغاوۆ وەزێ شابانیا میرات کەتم وا بە کاشە(١٨) ، وەلا تفەنگا دەستێ سلیمانێ قوتێو ئێسبێ گدی هەدیە(١٩) باشە وەلا سێ دەنگا گاز دکا بابێ برەیم لاوۆ گدیۆ دەست هەلینە •

لێلێ برا خودێ ژێ بگرن کەبتانی(٢٠) باشە •

فەرهەنگوك

١ ـ گۆیان : هۆزێکی کوردە لە نێوان سنووری تورکیاو عیراق نیشتە جێن •

٢ ـ هەسو دینو : بەهێزترین سەرۆکی خێلی گۆیان بوو وە لە گوندی (کرور) جێنشین بوو •

٣ ـ کابتن پێرسون : لە کاتی پشکنینەوەی ناوچەی زاخۆ کوژرا بە دەستی (مستەفا شهو) کە پسمامی هەسو دینویە •

٤ ـ لەچمان : فەرماندەی رامیاری موسڵ بوو لە شورشی بیستی عیراقیدا بە دەستی (شێخ زاری) کوژرا لە نێوان بەغداو فەلوجە •

٥ ـ گولی : هۆزێکی کوردە لە سەرەوەی زاخۆ نیشتە جێن •

٦ ـ سادق برۆ : سەرۆکی هۆزی گولی‌یەو بە (بابێ برەیم) بەناو بانگە خەلکی گوندی (بەهنونە)یە •

بروانە ل ٧

پشیلە پشیلە نیە بەڵکو خوایە

ئەم پشیلەیە کە ناوی «هیمی» یە پاداشی زلترین پشیلەی ساڵی ١٩٨٣ی وەرگرت • تەمەنی تەنیا ٦ ساڵە بەڵام کێشانەی ٢١ کیلۆگرامە • خاوەنەکەیشی دەڵێ هەرچەندە وا گەورەو قەڵەوە وا نەزانن زۆرخۆرە•• لەهیچ پشیلەیەکی‌تر زیاتر ناخوا • • ناوقەدیشی بە قەد ناوقەد پیاوێکی ئاسایی‌یەو ٦٤ سانتیمە •

هاوکاری

ڕۆژگاری رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی » / تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پینج خەت

Institut kurde de Paris